# مێژووی پەروەردەو فێرکردن

(لە رۆژگاری کۆنەوە تا رینێسانس)

نووسینی:
عەلی ئەکبەر مێهرئارا,
محەممەد عەباس زادەگان
عەلی فروز فەر

وەرگێڕانی: قادر وریا

## پێرست

**بەشی یەکەم: مێژووی پەروەردەو فێرکردن،**
**دانەر: عەلی ئەکبەر مێهرئارا**
فەسڵی یەکەم: ڕەوتی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ
فەسڵی دووهەم: گرنگیی مێژووی پەروەردەو فێرکردن
فەسڵی سێهەم: پەروەردەو فێرکردن لە یۆنانی کۆن دا
فەسڵی چوارەم: پەروەردەو فێرکردن لە ڕۆمی کۆن دا
فەسڵی پێنجەم: پەروەردەو فێرکردن لە سەدەکانی نێوەڕاست دا
فەسڵی شەشەم: سەردەمی ڕێنێسانس

**بەشی دووهەم:**
**مێژووی قوتابخانەکۆنەکان**
**نووسینی محەممەد عەباس زادەگان ـ عەلی فروز فەر**
قوتابخانە لە سپارتەی کۆن دا. قوتابخانە لە یۆنانی کۆن دا. قوتابخانە لە ڕۆمی کۆن دا. قوتابخانە لە سەدەکانی نێوەڕاست دا. قوتابخانە لە ئیسلام دا. ڕاگوێزرانی شێوازەکانی فێرکردنی ئیسلامی بۆ ڕۆژئاوا. قوتابخانە لە سەردەمی ڕێنێساس دا. پوختەی بۆچوونەکانی کمینوس، ژان ژاک ڕۆسۆ، پستالۆزی، فروبل، جان دیوی. قوتابخانە لە ڕوانگەی فێرکارانی هاوچەرخەوە (جان هالت، ویلیام جورجیادیس، ئیڤان ئیلیچ)





## پێشەکی

ئەم کتێبەی لەبەر دەستتان دایە، لە دوو بەش پێك هاتوە. بەشی یەکەم کە ٦ فەسڵە، بەشێکە لە کتێبی "تاریخ ئاموزش و پرورش" (مێژووی پەروەردەو فێرکردن) کە دانەرەکەی "عەلی ئەکبەر مێهرئارا"یەو، ساڵی ١٣٥٤ (١٩٧٥) لە ئێران چاپو بڵاوبۆتەوە. دیارە کتێبی ناوبراو زۆر لەمە زیاترەو لە ١٧ فەسڵ پێك هاتوە. بەڵام بەداخەوە، ئەو نوسخەیە لە کتێبەکە کە من دەستم کەوت، ناتەواو بوو، تەنیا ٦ فەسڵی مابوو.

بەشی دووهەمیش بریتییە لە فەسڵی یەکەمی کتێبی " سیمای مدرسە در قلمرو دمکراسی" (ڕوخساری قوتابخانە لە سێبەری دیموکراسی دا) لە نووسینی "محەممەد عەباس زادەگان"و "عەلی فروزفەر"، کە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨) لە ئێران بڵاو بۆتەوە. دیارە بۆیە لە وەرگێڕانی فەسڵەکانی دیکەی ئەم کتێبە خۆم پاراست، چونکە نێوەرۆکەکەیان زیاتر پێوەندیی بە پەروەردەو فێرکردنی ئێرانەوە هەبوو. بەڵام ئەم فەسڵەی وەرم گێڕاوە، لەگەڵ ئامانجی من لە وەرگێڕانی کتێبی "مێژووی پەروەردەو فێرکردن" دەهاتەوەو، زۆر زانیاریی بەکەلکی لە بارەی پەروەردەو فێرکردن لە رۆژگاری کۆن داو، هەروەها زانیاریی لە بارەی بۆچوونەکانی کۆمەڵێك زانای بەناوبانگی بواری پەروەردەو فێرکردن تێدایە. پێویستە بڵێم لە هەر دوو بەشی کتێبەکەدا زانیاریو بۆچوونی ئەوتۆ هەن کە بۆخۆم تێبینیم لەسەریان هەیە. دانەری کتێبی "مێژووی پەروەردەو فێرکردن" بەو هۆیەوە کە لە ڕوانگەیەکی مارکسیستییەوە باسی پەروەردەو فێرکردن لە وڵاتانی سوسیالیستیو سەرمایەدارییدا کردوە، ددانی خێری بە سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە وڵاتانی سەرمایەداری دا نەناوەو، ستایشی سیستەمی فێرکردن لە کۆمەڵگەی سوسیالیستی بە تایبەتی سۆڤیەتی پێشووی کردوە.

نووسەرانی کتێبی "ڕوخساری قوتابخانە لە سێبەری دیمۆکراسی"یش دا، زۆر بە دەمارگرژییەوە باسی پەروەردەو فێرکردنی ئیسلامیو کاریگەریی پەروەردەو فێرکردنی ئیسلامی لەسەر رۆژئاوایان کردوە. بەو حاڵەشەوە، من بە

ئەمانەتەوە هەر دوو بەشم کردوون بە کوردیو ئەگەر لە جێگایەك تێبینییەکم هەبووبێ، لە پەراوێزدا باسم کردوە.

با ئەمەش بڵێم، هەرکات پاشماوەی کتێبەکەی "عەلی ئەکبەر مێهرئارا"م دەست کەوێ، دەیکەم بە کوردی.

بیری وەرگێڕان یا ئامادەکردنی ئەم کتێبەم کاتێك لە لا گەڵاڵە بوو کە خوێندکاری پۆلی ٣ی بەشی کوردیی کولیەی پەروەردەی زانکۆی کۆیە بووم. لەو ساڵەدا هەرکات مامۆستاکانمان داوای نووسینی راپۆرتو پێشکێش کردنی کونفرانسو سمینار لەسەر مێژووی پەروەردەو رێگاکانی وانەوتنەوەو بیروبۆچوونی زانایانی ئەو بوارانەیان لێ‌دەکردین، هاوپۆلەکانم بۆ سەرچاوە دادەمان. چونکە بەداخەوە شتێکی ئەتۆیان بە کوردی دەست نەدەکەوت، یا ئەگەر هەشبوون، ژمارەیان زۆر کەم بوو، منیش ئەم سەرچاوانەو کۆمەڵێك شتی دیکەم بە زمانی فارسی شك دەبرد، بەڵام بەداخەوە ئەوان زمانی فارسیان نەدەزانی. لێرەدا بوو کە بیری وەرگێڕانی هێندێکیانم بە مێشکداهات. ئێستا کە لە ئامادە کردنی ئەم کتێبە بوومەوە، هیوادارم هەم خزمەتێکم کردبێ بەو کەسانەی کە ئۆگری باسو بابەتی پێوەندیدار بە مێژووی پەروەردەو فێرکردنن، هەم بتوانم سەرچاوەی بەکەڵکی دیکە لەم بوارەدا بکەم بە کوردی. ئەم وەرگێڕانەشم وەك رێزگرتن لە زەحمەتی بەڕێوەبەرانو مامۆستایانی کولیەی پەروەردەی زانکۆی کۆیەو بە نیشانەی ئەمەکناسیم بەرامبەر ئەو کۆلێژە کە پاش زیاتر لە ٢٠ ساڵ دابڕان، بە خوێندن شادی کردمەوە، پێشکێش بە زانکۆی کۆیەو بە تایبەتی کۆلێژی پەروەردەی ئەم زانکۆیەی دەکەم.

**وەرگێڕ**

**هاوینی ٢٠٠٥ی زایینی**





**بەشی یەکەم / فەسڵی یەکەم**

## ڕەوتی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ

### ئەلف ـ پەیدابوونی مرۆڤو تایبەتمەندییەکانی:

بەم هۆیەوەیە کە دیاردەی پەروەردەو فێرکردن، لە بنیاتودامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جیا نیە، ئاوڕدانەوەیەکی ـ هەرچەند کورت ـ لە رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگاکان، یارمەتیمان دەدا تا هۆکارەکانو پێویستییەکانی فێربوون لەهەر سەردەمێك دا بە دروستی هەڵسەنگێنینو بناسین. بەگوێرەی ئەوسەرچاوانەی هەن، پەیدا بوونی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ نزیکەی یەك میلیۆن ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. مرۆڤە توندوتیژ، برسیو سەرلێشێواوەکانی چاخی بەردین لەبەیانییەوە تا ئێوارە، بەشوێن خۆراك دا دەگەڕانو، بەهۆی گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەی ڕاویان دەکردن، یا بە هۆی میوەو ڕەگوبنی رووەك سکی خۆیان تێر دەکرد، کە شەویش دادەهات، پەیداکردنی خواردن زەحمەت دەبوو، لەپەنا تاشەبەردان، لەشیوو دۆڵی چیاکانو لەنێو دارستانەکان دا بۆی دەخەوتن.

مرۆڤە سەرەتاییەکان لە بەربەرەکانی لەگەڵ رقوتووڕەیی سروشتو گیانلەبەرانی دڕندەدا بێ‌دەسەڵات بوون. بەڵام شتێك کە بوو بەهۆی مانەوەیان لەسەررووی زەوی، ژیانی بەکۆمەڵی ئەوان بوو. هەروەها هێندێك تایبەتمەندی کە مرۆڤیان لەئاژەڵ جیا دەکردەوەو بوونە هۆی کامڵبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوان:

یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی مرۆڤ، راوەستان لەسەر دووقاچو ئازادبوونی دەستەکانیەتی. ئازادبوونی دەستەکانی وای لێ کرد ئامرازی کار درووست بکا، بەردێك یا چێوێك کە مرۆڤ بەشێوەی رەمەکی (غەریزی) بۆیەکەمجار دەستی دایەو بەرەبەرە بوون بە ئامرازی تەواو، تواناو هێزی ئەویان زیاد کردو، لەگەڵئەوەش دا کە بەبەراورد لەگەڵ ئاژەڵەکان لەشێکی بچووكو کەم هێزی هەبوو، بەیارمەتیی ئامرازی کاری خۆی توانی بەسەر گیانلەبەرانی گەورەو پڕمەترسی دا سەربکەوێ. بەم هۆیەوە کە ئامراز شتێکی دانەبڕاو لەمرۆڤ بووە، تاکەکانی مرۆڤ لەدرێژایی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان دا بەردەوام هەوڵیان داوە ئامرازی کاریگەرترو زیاتر وەدەست بێننو، بۆ بەرهەمهێنانو ئاسوودەیی زیاتر کەلکی لێ وەرگرن. تاکەکان لەکاتی کارکردن دا ناچاربوون بەدەستو سەروچاوو دەنگ، ئاماژەبکەنو، لەنێوخۆیان دا رێکوپێکیو هاوهەنگاوی پێك بێنن. پاش سەدان ساڵ هێندێك لەدەنگەکان بوون بەخاوەنی واتایەکی دیاریکراوو، زمانێکی ساکار پەیدا بوو. کەواتە زمانی سەرەتایی لەرەوتی کاری بەکۆمەڵداو لە ئاکامی گەشەکردنی هاوارو کاردا درووست بوو.

زمان، ئەوتواناییەی دا بەمرۆڤ بەدروست کردنی رەمز (کۆد)و کەڵك وەرگرتن لەنیشانەو شێوە( فۆرم)و وشە، مەبەستەکانی خۆی دەرببڕێو، پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا پێك بێنێ. توانای دەربڕینی مەبەست بەیارمەتیی جووڵەو هەڵسوکەوت، مرۆڤی بەتەواوی لەگیانلەبەران جیاکردەوە.





لەگەڵ پەرەسەندنی زمانو داهاتنی خەت (نووسین) کە بەرهەمی راستەوخۆی قسەکردن بوو، مرۆڤ توانی زانیاریو ئەزموونەکانی خۆی لە نەتەوەیەکەوە بگەیەنێتە نەتەوەیەکی دیکە. سەرئەنجام سەرەتای نووسینو ژیانی کۆمەڵایەتی، چوارهەزار ساڵ پێش زایین، بەپێکهێنانی هێندێك دەوڵەت لە دوو ناوچەی "نیل"و "بين النهرين"دا، دروست بوو. لەگەڵ گەشەکردنی قورگو دەست، مێشکیش کە ناوەندی هەموو ئەندامەکانی لەشە، گەشەی کردو، بیرکردنەوە (تفکر) کە چالاکییەکی وردی مرۆڤە، پەرەی گرت.

لەیەکەمین قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دا، سروشتییە کە ژنوپیاو بەیەکەوە بەسترانەوەو، لەئاکامی ئەم پێوەندییەدا، منداڵێك لەدایك بوو کە زیاتر لەگیانلەبەرانی دیکە پێویستی بە چاوەدێریو پاراستن هەبوو. هەربۆیە ماوەیەك لای دایکی مایەوە. دایك کە منداڵەکەی بەبەشێك لەوجوودی خۆی دەزانی، ئاگای لێبووو, رێوشوێنی ژیانی فێرکرد. ئاگاداری لە منداڵو فێرکردنیان، بە یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەژمێردرێ. سەرەنجام مرۆڤ توانی لەجیاتی مل ڕاکێشان بۆ گیروگرفتەکانی سروشت، بەقازانجی خۆی سروشت بگۆڕێو رێککەوتن لەگەڵ سروشت کە لەجیهانی ئاژەڵان دا لایەنی نیگەتیڤی هەبوو، بکا بە شتێکی پۆزەتیڤ.

بەسەرنجدان بەوشتانەی وتراون، دەکرێ تایبەتمەندییەکانی مرۆڤو جیاوازییەکانی لەگەڵ ئاژەڵەکان دا بەمجۆرە چڕ بکەینەوە:

١ـ لەسەرلاق وەستان (بەپێوە بوون)و سەربەخۆیی دەستان.

٢ـ ئامراز دروستکردن. ٣ـ نیشانە (رەمز) خولقاندن، قسەکردنو

نووسین. ٤ـ توانایی بیركردنەوەی لۆژیكی. ٥ـ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە. ٦ـ پارێزگاریو ئاگاداریی منداڵو پەروەردەكردنیان.

**ب ـ سیستەمە كۆمەڵایەتییەكان:**

بەرلەوەی باسی ئەو سیستەمانە بكەین كە تا ئێستا لەژیانی كۆمەڵایەتیی مرۆڤ دا هەبوون، بیرهێنانەوەی ئەوخاڵە پێویستە كە هێندێك قەومونەتەوە لەپرۆسەی گەشەی كەلتووریو كۆمەڵایەتیی خۆیان دا، لەژێركاریگەریی رەوتە بەهێزەكانی ناوچەو جیهان، بێئەوەی بە یەكێك لە قۆناغەكان دا تێ پەڕن، پێیان ناوەتە قۆناغێكی مێژوویی دیكە. ژاپۆن كە دەوڵەتەكەی لەسەدەی حەوتەمی زایینی دا پێك هات، لەژێر كاریگەریی سیستەمی فیۆدالیی چین دا، بێئەوەی بەسیستەمی كۆیلەداری دا تێپەڕێ، راستەوخۆ چووە نێو قۆناغی فیودالیزم. هەروەها رووسیا لەسەدەی نۆیەمی زایینی، لەژێركاریگەریی حكوومەتی بیزانس دا، بەقەڵەمباز (كشان) لەسیستەمی تایفەیییەوە گەیشتە فیۆدالیزم. لەلایەكی دیكەوە هێشتا لەهێندێك ناوچەی ئەفریقیاو ئەمریكا، قەومی ئەوتۆ هەن كە ژیانی خێڵەكییان هەیە.

گومانی تێدانیە كە لە هەلومەرجی ئێستای ململانێ كۆمەڵایەتییەكانو، لەسەردەمێك دا كە رەوتی مێژوو، بەهۆی ئەو نەتەوانەوە رێنوێنی دەكرێ كە لە بەرەی پێشەوەی پەرەستاندنی كۆمەڵایەتی دان، سروشتی ترین رێگای پەرەستاندن بۆ ئەو نەتەوانەی لەشارێگەی مێژوودا، بەهۆی هێرشی ئیستعمارو لەژێر كاریگەریی هێزەكۆنەپارێزەكان، لەدواكەوتوویی دا راگیراون، یا بۆ دواوە





گەڕاونەتەوە، كشان (قەڵەمباز) بۆ بەرزترین قۆناغی شارستانەتیی سەردەمە.

بەدوای ئەم پێشەكی یەداو بەچاوپۆشی لە نموونە دەگمەنەكان لەژیانی نەتەوەكاندا، تائێستا پێنج جۆرە فۆرماسیۆنی كۆمەڵایەتی ـ ئابووریی جۆراوجۆر لەمێژوودا ناسراون كە هەریەك تیۆریو بیركردنەوەو دامەزراوی گونجاوو پێوەندیدار بەخۆیانەوە هەیە:

١ـ كۆمەڵگە هاوبەشی یە سەرەتایی یەكان، ٢ـ كۆیلەداری، ٣ـ فیودالیزم یا خاوەن زەویەتی، ٤ـ سەرمایەداری، ٥ـ سۆسیالیزم.

**١)كۆمەڵگە هاوبەشی یە سەرەتاییەكان:**

لەسەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤەوە تا كۆتایی چاخی بەردین كە سەدان هەزار ساڵ درێژەی كێشاوە، مرۆڤ بەشێوەی كۆمەڵگە هاوبەشە سەرەتایی یەكان ژیاوەو، كەڵكی لەجۆرێك بەرهەمهێنانو ئابووریی بەكۆمەڵ وەرگرتوە. كۆمەڵگە هاوبەشییەكان بەرەبەرە لە فۆرمی گرووپە سەرەتایی یە نارێكوپێكەكانەوە بوون بە كۆمەڵگەی تایفەیی یا بنەماڵەیی. گرووپە سەرەتایی یەكان لەو مرۆڤانە پێك دەهاتن كە بە كۆمەڵو بەشێوەی رەمەكی وەدوای خواردن دەكەوتنو كاریان لەنێوخۆیاندا دابەش نەدەكرد، بەڵام تاكەكان لەتەنیشت یەكترو بەشێوەی تاكەكسی كاری وەك یەكیان ئەنجام دەدا. كۆمەڵگەی تایفەیی بەم تایبەتمەندییانە لە گرووپە سەرەتایی یەكان جیا دەكرایەوە:

١ـ ئەندامانی گرووپ، بەشێوەیەكی گشتی جێگیر بوون، ٢ـ ژیانو ئابووریی سەربەخۆی هەبوو، ٣ـ لەنێو ئەندامانی گرووپ دا كار دابەش دەكرا، بۆ وێنە: ژنان ئاگایان لە منداڵ دەبوو، لە دەوروبەری شوێنی

ژیانیان بەکاری کشتوکاڵەوە خەریك دەبوونو، پیاوانیش دەچوونە ڕاو،

٤ـ ئەندامانی گرووپ، سنووری تێکۆشانی خۆیان بە موڵکی هاوبەشی تایفە دەزانیو بە توندی پێشی هاتنی بێگانەکانیان بۆ نێو هەرێمی خۆیان دەگرت.

هێندێك جار ڕێدەکەوت کە گرووپێك بۆ بەدەستهێنانی ئاوو زەویو ڕاوگەی باشتر، دەستدرێژیی دەکردە سەر مافی گرووپی تر، شەڕ هەڵدەگیرساو بەسەرکەوتنی گرووپێك بەسەر گرووپەکەی تردا کۆتایی پێدەهات. بەڵام ئەو گرووپەی سەردەکەوت هەموو دیلەکانی لایەنی بەرامبەری دەکوشت. کوشتنی دیلەکان هەر تۆڵە ستاندنەوە نەبوو، بەڵکوو بەو ئامرازە سەرەتایی یانەی کارکردنو بەو ڕۆڵە کەمەی مرۆڤ لەبەرهەمهێنان دا هەیبوو، ئەگەر دیلەکانیان بە زیندوویی هێشتبایەوە، دەبوونە هۆی برسیەتیی ئەوانی تر.

**۲ ) کۆمەڵگەی کۆیلەداری:**

دابەشبوونی سیستەمی تایفەییو پێکهاتنی کۆمەڵگەی چینایەتی، زیاتر لە هەرشتێکی دیکە، بەرهەمی پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانو بەتایبەتی کشتوکاڵو ئاژەڵداری بوو. مرۆڤ توانی لەسەرەتادا مزو پاشان ئاسنو مەفرەغ بدۆزێتەوەو بەکەلکوەرگرتن لەوان، پاچو گاسن دروست بکاو، ڕادەی بەرهەم بباتە سەرو دەسکەوتێکی لەبەشی سکی خۆی زیاتر پاشەکەوت بکا. لەگەڵ گەشە کردنی ئامرازو چوونەسەری بەرهەم، هێندێك ئەندامی گرووپ کە لە دۆزینەوەی ئامرازدا ڕۆڵێکی زیاتریان هەبوو، لەهەلومەرجی لەباردا، دەرەتانی ئەوەیان بۆ پێك هات کە ئامرازەکان لەپاوانی خۆیان بگرنو





بەقازانجی خۆیان کەڵکیان لێ وەربگرن. کەسانی دیکە بەهۆی نەبوونی ئامراز، دەستەوەستان مانەوەو بۆ دابینکردنی پێویستیی خۆیان ناچار بوون شان بدەنە بەر خزمەتکردنی خاوەن ئامرازەکان. لەم سەردەمەدا: یەکەم، لەگەڵ زۆربوونی بەرهەم، بەشێك لە کۆمەڵگە توانی بەبێ تێکۆشانو خۆماندووکردن، بژی. دووهەم، جیاوازی لەجۆری کاردا، ئەندامانی کۆمەڵگەی کرد بە دووجەمسەری دژ بەیەكو، چینەکۆمەلایەتییەکانی[١] پێك هێنا. ئەم لێك جیاکردنەوە کۆمەلایەتییە، نزیکەی چوارهەزارساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح لە دەوروبەری چۆمی نیل، لەسەرزەوییەکانی نێوان دیجلەوفوراتو، لەباکووری ڕۆژئاوای هیندوستان رووی دا. ئەگەر تا ئەوکاتە دیلەکانی شەڕیان وەك قوربانی لەبەرپێی خواکان دەکوشتەوە، یا بۆ خواردنی گۆشتەکەیان دەیانکوشتن، لەمەودوا بەزیندوویی دەیان هێشتنەوەو، وەك کۆیلە کاریان پێ دەکردن. ئەم کارە بوو بە هۆی پەیدابوونی چەوساندنەوە کە بریتییە لەدەست بەسەرداگرتنی ئەو بەشە لە بەرهەمی بەرهەمهێنەرێکی دیکە کە لە خۆی زیادە.

کۆیلەیەتی یەکەم جۆری چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤە. کۆیلەکان دەست و پێیان زنجیرکرابووو لەژێر دارو شەللاقی خاوەن کۆیلەکان دا زەحمەتیان دەکێشاو وەك ئاژەڵ دەکڕانو دەفرۆشران. ئەوان ناچار بوون مل ڕابکێشنو هەموو کارێکی پڕمەترسی ئەنجام بدەن.

١

کۆیلەدارەکان هەتا دەوڵەمەندتر دەبوون تەماحیان پتر دەبوو، بەهێرش بردنە سەر خێڵەکانی دەوروبەری خۆیان، ئەوانیان دەکرد بە کۆیلە. بەرەبەرە شارو وڵاتی گەورەی کۆیلەداری پێك هاتن. کۆیلەدارە گەورەکان بوون بە فەرمانڕەوای ئەو وڵاتانە. فیرعەونەکانی میسروشاکانی دنیای کۆن، لە کۆیلەدارانی گەورەی دنیای کۆن بوون. ئەوان بەهۆی کۆیلەکانەوە بینایەو پرستگە مەزنو پڕشکۆکانی دنیای قەدیم بۆ وێنە هێرەمەکانی میسریان دروست کرد. کۆیلەداران لە کەنیزەکانی خۆیان واتە ژنی کۆیلەکان بۆ ڕابواردن کەڵکیان وەردەگرت. ئەگەر کەنیزێك منداڵی ببا، بەو منداڵەیان دەگوت "غولامی خانەزاد". لەئاکامی زۆربوونی بەرهەمو پاشەکەوتی بەرهەمهێنراوەکان دا، دەرفەتو ئیمکانیش بۆ هێندێك چالاکی پێك هات کە لایەنی کات بەسەربردنیان هەبوو. کارە کردەکی یە سەختو ناخۆشەکان لەسەرشانی زۆرایەتیی کۆمەڵگەو، کارە تیۆرییەکان وەك زانستو هونەرو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەدەست کەمایەتی یەوە بوو.

بەپێی ژیانی جیاوازی کەمایەتیو زۆرایەتی، بیروڕاو بۆچوونی ئەوانیش جیاواز بوو. لەنێوخۆی کەلتووری گشتیی کۆمەڵدا، دوو کەلتووری جیاواز، دوو جیهانبینیی ناتەبا، دوو فەلسەفەو هونەرو پەروەردەو فێرکردنی جیاواز، سەری هەڵدا. لەمەو دوا چینە باڵادەستەکان هەوڵیان دا تا بەشێوەی جۆراوجۆر بەرزتر بنو باڵادەستیی خۆیان بە خەڵك نیشان بدەنو بەم خۆڕانانو خۆنواندنە، ئەوان بێننە ژێر کاریگەریی خۆیانو ژیانی خۆیان لەچاو ژیانی ساکاری خەڵکی ئاسایی، وەك ژیانێکی پرشنگدارو شایانی پێوەنازین، نیشان بدەنو خەڵك وا





تێبگەیەنن کە ئەم جیاوازییانە، شتێکی سروشتیو هەمیشەیینو هەردەبێ هەبن. کەمایەتی لەترسی لەنێوچوونی باڵادەستیی خۆیانو لە پێناوی مانەوەی کۆمەڵ هەر لەو هەلومەرجەدا، بەتوندی پێشی بەهەرچەشنە گۆڕانێك دەگرت. بەپێچەوانەی ئەوان، زۆرایەتیی بێبەش، بۆ گۆڕینی ئەو هەلومەرجە نالەبارە پەنایان بۆ بەربەرەکانی بردو نرخیشیان بۆ دا. ڕاپەڕینی سپارتاکوس یەکێك لە گەورەترین ڕاپەڕینەکانی کۆیلەکانە کە ساڵی ٧٤ی پێش زایین، لەئیمپراتۆریی ڕۆم دەستی پێکردو ساڵی ٧١ی پێش زایین کۆتایی پێهات.

ئەم ڕاپەڕینە ئەگەرچی سەرنەکەوت بەڵام گیانی ئازادیخوازی لەنێو خەڵك دا بەهێزکردو سپارتاکوس لەمێژوودا بەنەمری مایەوەو وەك سەمبولی کوێرەوەریو مەینەتو هەروەها وەك نیشانەی هەوڵدانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش بۆ ڕزگاری لەنیری زۆرداران ناسراوە. سەرەنجام ڕاپەرینەکانی دواتر تۆماری ژیانی سیستەمی کۆیلەدارییان تێکەوە پێچا.

### ٣ـ کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی

ڕاپەڕینی یەك لەدوای یەکی کۆیلەکان، سەرەنجام کۆیلەدارانی ناچار بە دۆزینەوەی ڕێگاچارە کرد، چونکە:

١ـ خاوەن کۆیلەکان لە پێگەو هەڵکەوتی کۆمەڵایەتیی خۆیان نیگەران بوونو ماڵو سامانیان لە مەترسی دا بوو.

٢ـ کۆیلەکان نەك هەر کەم کاریان دەکردو ملیان بۆ شێوە چەوساندنەوەکانی ڕابردوو ڕانەدەکێشا، بەڵکوو هەرکە هەلێکیان وەدەست دەکەوت، ئامرازی کاریان دەشکاندو لەنێویان دەبرد.

چارناچار خاوەن کۆیلەکان هاتنە سەر ئەم بڕیارە جگە لە جیرە (بەشەخواردن)ی ڕۆژانە کە دەیاندا بەکۆیلەکان، پارچە زەوییەکیشیان بدەنێ. سەرەنجام کۆیلە بە زەوی بەسترایەوەو فیۆدالیزم (دەرەبەگایەتی) جێگای کۆیلەداریی گرتەوە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم سیستەمەیان تاقی کردۆتەوە.

تەمەنی ئەو سیستەمە لەچین، دووهەزار ساڵو لەوڵاتانی وەك ئێران زیاتر لە هەزاروپێنج سەد ساڵی خایاند. لەم سیستەمەدا فۆرمێکی نوێ لە چەوساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ سەری هەڵداو، پاش پشکوتنو گەشەکردنی دەرەبەگایەتی، بەهۆی بەربەرەکانیو ڕاوەستانی جووتیاران لە هەلومەرجێکی دیاریکراوی مێژوودا، لەنێوچوو.

لەسیستەمی دەرەبەگایەتی دا چەند جۆرە خاوەندارێتی هەبوون کە بریتی بوون لە:

١ـ تیول "خاوەنێتی رەوا" (مالکیە مشروع)، ٢ـ ملك، ٣ـ وەقف، ٤ـ خالیسە،

خاوەنداریەتیی زەوی لەدەرەبەگایەتی، لەپێش دا بەشێوەی پەیژەیی بوو. هەموو زەوییەکان هی شا بوون. ویلایەتەکان لەلایەن شاوە وەك "تیول" دەدران بەو کەسانە کە پۆستو پلەو پایەی گرنگی سیاسیو سوپاییان پێ دەدرا. ئەم جۆرە کەسانە پێیان دەگوترا "تیولدار"و، هەموو ساڵێ کۆمەڵێك دیارییان بۆشا دەنارد. هەرئەم کارە لەلایەن فەرمانڕەوایانی ناوچەییشەوە دووپات دەکرایەوە. تیول، لەسەرەتادا بە شێوەی بۆماوەیی (میراتی) نەبوو. بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ پەرەستاندنی





دەرەبەگایەتی، لایەنی بۆماوەیی وەرگرتو جێگای خۆی دا بەخاوەندارەتی، واتە خاوەنێتی تایبەتی (کەسی) بەسەر زەوی دا.

لەم سەردەمەدا جۆرە ملکێکیش هەبوون کە پێیان دەگوترا "وقفی خالصە". ئەمجۆرە ملکانە زیاتر سەر بە کەنیسە، مزگەوتەکانو گۆڕستانە پیرۆزەکان بوون. لەبارەی "خالیسە"شەوە دەبێ بگوترێ کە زەوییەکان پاش ئەوەی "تیول"و ملکی وقفیان لێ دەردەکرا، هێندێکیان بۆ پاشاو دەزگای حکوومەتی لێ دەمایەوە کە بەهۆی کاربەدەستانی دەوڵەتی یەوە بەڕێوە دەچوون.

بەشێوەیەکی گشتی لەمێژووی کۆمەڵایەتی دا، ئەم سەردەمە بەم تایبەتمەندییانەوە دەناسینەوە:

١ـ جێگیربوونی دەرەبەگایەتی لەسەر وێرانەکانی دەوڵەتە کۆیلەدارەکان.

٢ـ سەرهەڵدانی نەتەوە لاوەکان وەك سیستەمی بالادەستی کۆمەڵایەتی (لەرۆژهەڵاتی ئاسیا ژاپۆنییەکانو مەغولەکان، لەئاسیای رۆژئاوا تورکەکانو، لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش عەرەبەکان هاتنە مەیدان).

٣ـ تێکەڵاوبوونی شارستانەتیی کۆنونوێو پێوەندیی مێژوویی قەومەکانو نەتەوەکان.

٤ـ بڵاوبوونەوەی ئایین لە ئاستی جیهانی داو، زاڵبوونی جیهانبینیی ئایینی بە سەر هەموو لایەنە ماددیو کەلتوورییەکانی ژیانی خەڵکدا. (دینی بوودا لەئاسیای رۆژهەڵاتو باشووری ئاسیاو بەشێك لە

توركستانی رۆژئاوا، ئیسلام له ئاسیای رۆژئاواو باكووری ئەفریقیاو، مەسیحیەت له ئوروپاو بەشێك له ئاسیای رۆژئاوادا.)

٥- بزووتنەوە وەرزێری(جووتیاری)یەكان كه سەرچاوەكەیان ناتەبایی چینایەتی بوو، وەك بزووتنەوەی هوسی یەكان له ئورووپای سەدەكانی نێوەڕاست كه شەڕی وەرزێریی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی‌و ڕاپەڕین بەدژی كەنیسەی تێكەڵ كردبوو. ئەم بزووتنەوەیە ناوی خۆی لەناوی خەباتكاری نیشتیمانپەروەری چێك "ژان هوس"ەوە وەرگرتبوو، كه راپەرینەكەی دژی ئایین نەبوو، بەڵكوو خوازیاری چاكسازیی ئایین‌و لایەنگری كەنیسەی مەسیحیی راستەقینە بوو.

لەگەڵ ئەوەش دا كه ڕەوتی گەشەكردنی مێژووی سەدەكانی نێوەراست له رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا، به هێڵێكی وەك یەك دا تێپەر بووە، بەوحاڵەشەوە هێندێك جیاوازی لەنێوان رۆژهەڵات‌و رۆژئاوادا هەبوون كه بریتین لە:

١- دەرەبەگایەتی لەرۆژهەڵات زووتر سەری هەڵدا.

٢- دەوڵەتانی بەهێز لەرۆژهەڵات پێك هاتن.

٣- رۆژهەڵات لەباری كەلتووری یەوە پێشكەوتووو بالادەست بووو، رۆژئاوا دواكەوتووو لە باری زانستییەوە لاواز بوو.

سەرەڕای ئەم هەلومەرجە لەبارەش، هێندێك رووداو له رۆژهەڵات روویان دا كه بەرەبەرە رەوتی مێژوویی رۆژهەڵات، خاو بۆوەو پەرەستاندنی توخمەكانی سەرمایەداری راوەستا. بەڵام له رۆژئاوا، گەشەكردنی سەرمایەداری ڕەوتێكی خێرای هەبووو, بووە هۆی ئەوەكە ناوەندی بزووتنەوەو پێشكەوتنی كۆمەڵ، له رۆژهەڵاتەوە، ببێ بە





رۆژئاواو، بەدوای ئەمەدا دواكەوتوویی رۆژهەڵات لەپێشدا له بواری ئابووری‌و پاشان لەمەیدانەكانی سیاسەت‌و كەلتووریش دا، دەست پێ بكا.

لەسەردەمی نوێ، ئەوە رۆژئاوا بوو كه هێرشی خۆی بۆسەر رۆژهەڵات دەست پێ‌كردو سەرەنجام وڵاتانی رۆژهەڵاتی كرد بە موستەعمەرە (كۆلۆنی)، نیمچە موستەعمەرە (نیمچەكۆلۆنی)و بەستراوە بە رۆژئاوا.

له كۆتایی باسی ئەم قۆناغە لەمێژوودا، پێویستە بگوترێ كه كۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، بە بەراورد لەگەڵ كۆمەڵگەی كۆیلەداریی چاخی كۆن، جێگەیەكی پێشكەوتووتری هەبووە. لەم سەردەمەدا هەلومەرجی كۆمەڵایەتی، لەباری گەشەكردنی هێزە بەرهەمهێنەرەكان‌وكە له دوا لێكدانەوە دا، لەباری گەشەكردنی كەلتوورەوە، بە چەند قات لەبارودۆخ‌و هەلومەرجی سیستەمی پێشتر- كۆیلەداری- لەبارتر بوو.

باشتربوونی ئامرازو شێوەی بەرهەمهێنان، پەرەستاندنی شارەكان، بەهێز بوونی پێوەندییە بازرگانییەكان، رۆیشتن بەرەو ئۆقیانووس‌و دەریاكان‌و سەرەنجام كەڵك وەرگرتن له جۆرو شێوەی ئاگایانەتری خەبات له ئاستی جیهانی دا، بەڵگەی باشن بۆ ئەم قسەیە.

### ٤- كۆمەڵگەی سەرمایەداری:

جۆرەكانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لەهەناوی پێوەندییە دەرەبەگایەتی یەكان لەشارە ئیتالیایی یەكانی سەدەكانی ١٤و١٥دا، پێك هاتن‌و، لەگەڵ گۆڕانە بازرگانی یەكانی وڵاتانی ئوروپایی لەسەدەی

شازدەیەم دا، خۆیان گرت. پاشان لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیی ئینگلستان لەسەدەی حەڤدەیەم (١٦٤٠ی زایینی)و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی فەرانسە لەسەدەی هەژدەیەم (١٧٨٩ی زایینی)دا، بوو بە خاوەنی ڕەهەندی نوێ.

ئەم دوو بزووتنەوەیەی دوایی، تەنیا ئینگلیزیو فەرانسەیی نەبوون. چونکە وڵاتانی دیکەش سوودیان لە دەسکەوتەکانی ئەو دوو بزووتنەوەیە وەرگرتو، سەردەمێکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی وڵاتانی ئوروپایی دا پێك هات. هەربۆیە ئاگاداری لە شۆڕشە بۆرژواییەکانی ئینگلیزو فەرانسە کە ڕوونکردنەوەی شۆرشی بۆرژوازی بەگشتییە، دەتوانێ بۆ ئۆگرانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەکەڵك بێ.

لەبەرەبەیانی سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری دا، ئامرازی نوێ داهێنراو کەڵکیان لێ وەرگیرا. وەك: تراش، مەتە (برغوو) سەعاتی گیرفانی، کەڵکوەرگرتن لەپارچە کانزاییەکان، پاپۆڕە نوێیەکان، تەواوکردنی قوتب نوما، دروستکردنی مەکینەی چاپ، پەرەگرتنی پیشەسازیی ڕستنوچنینو کەلکوەرگرتن لەو تەشییانەی ـ بەپێچەوانەی تەشییە سەرەتاییەکان کە بە شێوەی ئەستوونی کاری ڕستنیان دەکرد- بەشێوەی ئاسۆیی دەیان ڕستو, دەیان نموونەی دیکە.

هەروەها لەسەدەی شازدەیەمو حەڤدەیەم، گۆڕانی بنەڕەتی لە گەشەکردنی زانستی سروشتی دا روویان دا. بەپێچەوانەی یاسا وشکە ئایینییەکانی کەنیسەی کاتۆلیك، لێکۆڵینەوە لە سروشتو توێژینەوە لە یاساکانی لە سەر بناغەی تاقیکردنەوەو ئەزموون دەستی پێ کرد.





ئەم دۆزینەوە زانستیانە، لەرەوتی خەباتی توند بە دژی جیهانبینیی کاتۆلیکیو دەرەبەگایەتی دا بەرهەم هات.

بورژوازی ئەگەرچی مەزهەبی کاتۆلیکی نەدەویست، بەڵام دینی بەتەواوی ڕەت نەدەکردەوە. هەوڵدان بۆ داهێنانی مەزهەبێکی نوێو برەوپێدانی پەرستنی خودای عەقڵ دەری دەخا کە بورژوازی توانای وازهێنان لەدینو کەنیسەی نیە. بەڵکوو هەموو هەوڵی ئەوەیە کە دین لەگەڵ بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی دا بگونجێنێ. هەر بۆیە بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتدارەتیی خۆی، ئامرازی زیرەکانەتری داهێنا. باسی چاکسازی لە کەنیسەو ئایینی دا هێنایە گۆڕێو، پرۆتستانیزمی لە بەرامبەر کاتۆلیزم دا قوت کردەوەو، چونکە کە مەزهەبی پرۆتستان بەباشترین شێوە، بیروڕاو بەرژەوەندییەکانی چینی تازە سەرهەڵداوی بورژوازیی نوێنەرایەتی دەکرد، لەئاکام دا لەو وڵاتانە کە سیستەمی سەرمایەداری لە گەشەکردن دابوو، زووتر برەوی پەیدا کرد. مەزهەبی پرۆتستان شیکردنەوەو لێکدانەوەی تاکەکەسیی ڕێوشوێنو دەقە مەزهەبییەکانی قەبووڵ کرد. بۆ ڕازیکردنی ئەوانەی فەلسەفەی زانستییان قەبووڵ کردبوو، بەپێچەوانەی کاتۆلیکەکان کە بە توندی دژی پەرەستاندنی زانست بوون، ڕێگای دا مەزهەب بەشێوەیەکی نوێ دەربڕدرێ. ڕێوشوێنە مەزهەبییەکان سادە بوونەوە، کەنیسە لە کەلوپەلی ڕازاوەو گرانبایی ڕزگارکراو، وەك دەڵێن کەنیسەی هەرزان پێك هات. ئەم بۆچوونە کە پاپی ڕۆم لەهیچ کێشەیەك دا هەڵە ناکا، ڕەتکرایەوە. ئینجیل بوو بە تەنیا سەرچاوەی تێگەیشتن. لەحەقیقەت دا سەرەنجام

فەرمانرەوایی کەنیسەی کاتۆلیك بە سەر بیروڕای گشتی دا کە لە خزمەت قازانجەکانی فیۆدالیزم دابوو، بەقازانجی سەرمایەداری گۆڕا.

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانە زانستیو ئایینیانە، کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسیو کەلتووریی نوێ هاتنە گۆڕێ. لە ئیتالیا کەلتووری نوێو سەر بە بۆرژوازیی تازەسەرهەڵداو پێك هات کە بە "رونێسانس" بەناوبانگ بووو، ئامانجەکەی زیندووکردنەوەی کەلتووری یوونانی کۆن بوو. مەیلە فکرییە نوێیەکان لە زاراوەی ئومانیزم (رەسەنایەتیی مرۆڤ)دا خۆی نواند کە بۆ جیاکردنەوەی کەلتووری رونێسانس بەکار دەهێنراو، پێداگرتنێك بوو لەسەر سروشتی نائایینیی کەلتووری نوێ، واتە کەلتووری رزگار لەکۆتو بەندە دەرەبەگایەتیو مەزهەبییەکان. رونێسانس، غورووری گەڕاندەوە بۆ مرۆڤ، بەڵام گەیاندیە جێگایەك کە بشێویو کارەساتی لێ کەوتەوە. هیومانیستەکان بڕوایان بە تاکایەتیی بوونی مرۆڤ هەبوو، بەڵام تاکایەتی یەکی هەوسار پچڕاو کە دەیەویست بە هەر نرخێك بووە بگاتە جێگەو پێگەیەکی دیاریکراو. بەدەربڕینێکی دیکە، نوێنگەی بەختیاریی بورژوازی بوو.

بۆچوونە سیاسی یەکانی فیلسووفی ئیتالیایی (نیکۆلاماکیاڤل ١٥٢٧ـ ١٤٦٩) نموونەی ئەم شێوە بیرکردنەوەیەیە. ئەو, لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە بۆ گەیشتنی بەئامانج، چ ئامانجی کەسیو چینایەتی، هەرچەشنە ئامرازێك بۆ وێنە ستەم، فێڵ، خەیانەت، پەیمانشکێنی، درۆو دووڕوویی رەوایە. لەم روەوە هیومانیزمی بۆرژوایی، لەبنەڕەت دا، بەپێچەوانەی هیومانیزمی راستەقینەیە.





لە فەرانسە، چینی تازە پەیدابووی بۆرژوازیو پرۆلتاریا کە لە ئیمتیازە چینایەتییە تایبەتییەکان بێبەش بوون شۆرشیان کرد. بیرمەندە گەورەکانی فەرانسە لەم سەردەمەدا دەبوونە سێ بەش: رووناکبیرانی گرووپی کۆنتر یا ئەشراف کە ڤۆلتێر لەسەرووی هەموانەوە بووو،ئازادیخوازانی وەك تۆرگۆ ئابووریزانی فەرانسەو "کۆندۆرسە" زانای بەناوبانگی بیرکاریو، میرابۆ و لایەنگرانی دیکەی ڤۆلتێر کە خوازیاری شۆرشی بێ خوێنرێژی بوون.

ڤۆلتێر پەردەی لەسەر پاشایەتیی رەها، ئیمتیازە چینایەتییەکانی ئەشرافو کەلێسەی کاتۆلیك لاداو چەمکەکانی ئازادیو یەکسانیی مرۆڤی هێنایە گۆڕێ. دیارە مەبەستی ئەو، تەنیا یەکسانیی نێوان ئەشرافو بۆرژوازی بوو. مۆنتسکیۆ لەکتێبی "نامە ئێرانی یەکان"دا لە زمانی دووگەڕیدەی ئێرانی لەفەرانسە، سەرەرۆیی ئەم سەردەمەی فەرانسە مەحکووم دەکاو لە کتێبی "روح القوانین"ی خۆی دا پاشایەتیی مەرجدار (سلطنت مشروطة)ی ئینگلستان بە باشترین جۆری سیستەمی کۆمەڵ دەزانێ.

پێشڕەوە رووناکبیرەکانی گرووپی دووهەم، بریتی بوون لە رۆسۆ و "اصحاب دائرة المعارف"[٢] کە بیروبۆچوونەکانی بۆرژوازیی نێونجیو وردە بورژوازییان دەردەبڕی. ئەم "دائرەالمعارف"ە لەسەر بناغەی ماتریالیزمی

---

[٢] ناوی "اصحاب دائرةالمعارف" پاش بڵاوبوونەوەی قامووسی گشتگیری زانستەکان، سنعەتەکانو هونەرەکان کە بە هیممەتی ئەوان لە ٣٠ بەرگ دا دانرا، بەوان درا.

میکانیکی دامەزرا بوو، بەڵام نووسەرەکانی، لە روونکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی یەکان دا ئایدیالیست مانەوە.

رۆسۆ، خەونی کۆمەڵگەیەکی بەدوور لە ستەمو، بنیاتنراو لەسەر بەختیاری‌و خۆشگوزەرانیی گشتیی لە مێشکی دا پەروەردە دەکردو، رووخاندنی حکوومەتی سەرەڕۆی بەمافی خەڵك دەزانی. رۆسۆ لایەنگری دابەشکردنی یەکسانی خاوەنیەتیی کەسی بوو، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی بەتەواویی ئەوجۆرە خاوەنیەتییەی بە شتێکی دوور لە واقیع دەزانی.

سەرەنجام سێهەم گرووپی روناکبیران یا هزریاران، سەر بەجووتیارانی هەژارو بێ‌ئەنوایانی شاری، پێشینیانی پرۆلتاریا بوون کە هێندێك وێنایان لەبارەی سیستەمی سۆسیالیستی یەوە [لەمێشك دا]هەبوو.

ژان موسلیە، (١٧٢٩ـ ١٦٦٤) لە کتێبی خۆی دا کە ناوی "وەسیەتنامە"یە، باسی پێویستیی رووخاندنی سیستەمی دامەزراو لەسەر بناغەی ستەم‌و خاوەندارەتیی تایبەتی لەرێگای شۆڕشەوە دەکا.

روناکبیرانی گرووپەکانی دووهەم‌و سێهەم لەو بڕوایەدابوون کە شۆڕشی هێمنانەو ئاشتیخوازانە، خەڵکی زۆرلێکراو رازی ناکا. ئەوان جگە لە ئازادی، داوای یەکسانییشیان دەکرد. تەنانەت ترسیان لەوەش نەبوو کە لەپێناوی گەیشتن بەیەکسانی دا، ئازادی لەدەست بدەن. تێکۆشانی روناکبیران، رۆڵێکی گرنگی لەوەڕێخستنی شۆڕشدا هەبووو، بڕواپێکراویی پاشایەتیی سەرەڕۆو سیستەمی دەرەبەگایەتی‌و کەنیسەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر کەم کردەوە.





گەشەکردنی سەرمایەداری، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم‌و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نموونەی زەق‌و هەرە کامڵبووی سیستەمی سەرمایەداری یە.

سەرمایەداری لە ئەمریکا، لەهەلومەرجێك دا کە ئەو وڵاتە موستەعمەرە (کۆلۆنی)ی ئینگلیز، فەرانسە ئیسپانیاو هولەند بوو پێك هات‌و، پاش ئەوەی سەربەخۆیی وەدەست هێنا، خێرا گەشەی کرد.

بۆ گەشەی خێرای سەرمایەداری لە ئەمریکا دەتوانین ئەم هۆیانە ناو بەرین:

لەسەرکار بوونی کۆمارێکی بۆرژوا- دێموکراتیك بۆماوەیەکی دووروودرێژ، نەبوونی دەرەبەگایەتی، دەرەتانی کەلکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژی‌وسەرمایەی ئورووپا، کەلکوەرگرتن لەشەڕەکانی ئورووپا، هەبوونی زۆر سەرچاوەی سروشتیی دەوڵەمەند، گەشەکردنی خێرای ماشێنسازی، کۆچکردنی بەمیلیۆنان ئورووپایی، ئاسیایی‌و دانیشتووانی ئەمریکای لاتین، چەوساندنەوەی بێ‌بەزەییانەی کۆچەران، رەش پێستەکان‌و هیندییەکان (خەڵکی خۆوڵاتی)، تالانی دەوڵەتان‌و ناوچەکانی دراوسێ.

سەرمایەداریی پاوانخواز یا ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناغی سەرمایەدارییە کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەیە:

١ـ کۆجێ (تمرکز) بوونی بەرهەمهێنان‌و سەرمایە، کە ئاکامەکەی پێکهاتنی هێندێك پاوانە کە لە ژیانی ئابووری دا رۆڵی سەرەکییان هەیە.

**٢- یەکپارچەیی(یەکیەتیی)ی سەرمایەداریی ماڵیو پیشەسازیو، سەرهەڵدانی ئۆلیگارشیی ماڵی لەسەر بناغەی سەرمایەی ماڵی.**

**٣- بۆ دەرەوە ناردنی سەرمایە جیا لە بۆ دەرەوە ناردنی کالاّ.**

**٤- پێکهاتنی یەکیەتییە پاوانخوازە نێونەتەوەییەکانی سەرمایەداران کە جیهان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن.**

**٥- کاملکردنی دابەشکردنی ناوچەیی جیهان لەنێوان گەورەترین هێزەکانی سەرمایەداری دا.**

**لەگەڵ پەرەگرتنی سەرمایەداری، ناتەبایی چینایەتییش زۆر بوو. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا چینی کرێکار کە پێشتر لەژێر ڕێبەریی بۆرژوازی دا، هاوبەشیی خەباتی ئەو چینە بە دژی دەرەبەگایەتیی دەکرد، ئەمجار بەشێوەیەکی سەربەخۆ، خەباتی خۆی دژی بورژوازی وەك چینێك دەست پێ کرد. لەئاکام دا دووچینی تازە لەکۆمەڵدا وەدیار کەوتن:**

**١- بورژواکان یا خاوەنانی ئامرازو کەرەستەکانی بەرهەمهێنان. ٢- کرێکاران کە بەهۆی نەبوونی ئامرازو کەرەستەی بەرهەمهێنان ناچار بوون هێزی کاری خۆیان بەسەرمایەداری بفرۆشنو، چەند سەعات زیاتر لەو هەقدەستەی بۆ دابینکردنی لانی کەمی پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان وەریان دەگرت، کار بۆ سەرمایەدار بکەن. لەئاکام دا "زێدەبایی" سەرچاوەگرتوو لە سەعاتەکانی کاری زیادی (قازانج) وەگیر سەرمایەداری دەکەوت.**

**ئەم دەست بە سەر داگرتنـــەی "زێدەبایی" ،فۆرمـــی تـــایبەتیی چەوساندنەوە لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریو قانوونە بنەڕەتییەکانی**





**ئابوورییەکەی دایە. بۆیە شۆڕشی بورژوازی نەك هەر چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی کۆتایی پێ نەهێنا، بەڵکوو فۆرمێکی نوێی پێ دا.**

**بە کورتی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری بریتین لە: شۆڕشی پیشەسازی، لەنێوچوونی دەسەڵاتی هێزە کۆنەپارێزەکانی مەزهەبو دەرەبەگایەتی، بەرەو پێشچوونی دێموکراسی لەحکوومەت دا، سەرهەڵدانی ئابووریی سەرمایەداری، بەکارهێنانی جۆرێکی نوێ لە چەوساندنەوە، پێکهاتنی فۆرمە نوێیەکانی کۆلۆنیالیزمو هەروەها وەئاگا هاتنەوەی کۆمەڵانی خەڵكو دەرك کردنیان بەدەسەڵاتو هۆگرییە چینایەتییەکانی خۆیان، ریزبەندیو خۆرێکخستنی کرێکاران لە بەرامبەر خاوەن کارەکان دا.**

### ٥) کۆمەڵگەی سۆسیالیستی:

**هێندێك وڵاتی جیهان، لەئاکامی ڕەتکردنەوەی خاوەندارەتیی تایبەتیی سەرمایەداری بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان داو، وەلانانی قانوونە ئابوورییەکانی بەرهەمهێنانی زێدەباییو، ڕکابەریو بێسەرەوبەرەیی کە لە قانوونە بابەتییەکانی سیستەمی سەرمایەدارین، گەیشتوونە سیستەمێکی نوێی پەرەستاندنی کۆمەڵایەتی. لە جیاتی ژمارەیەکی کەم لەتاکەکان، زەحمەتکێشان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو بۆ قازانجی خۆیانو کۆمەڵگە کار دەکەن. لەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەدا، خاوەنەتیی گشتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەست دەوڵەت دا کۆ بۆتەوە. دابینکردنی ڕۆژبەرۆژ زیاتری پێداویستییە ماددیو کەلتوورییەکانی کۆمەڵگەو پەرەستاندنی ئابووریی**

هاوئاهەنگ گەلاڵەی بۆ دانراوەو، بەهێز بوونی گیانی گشتی لەتاکەکان دا، لەتایبەتمەندییەکانی سیستەمی سۆسیالیستین.

لەم سیستەمەدا، سەرمەشق یا وێنەیەك لەکۆمەڵگەی ئارمانخوازانەی داهاتوو، نیشان دراوەو هەوڵەکە بۆ ئەوەیە کە هەموو تواناکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فێرکاری‌و هتد بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆ بهێنرێنە مەیدان‌و کەلکیان لێ وەربگیرێ.(*[3])

**بەشی یەکەم / فەسڵی دووەم**

**ئەلف: بابەت‌و گرنگیی مێژووی پەروەردەو فێرکردن .**

**ب: فێرکردن لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دا .**

**ج: فێرکردنی ناراستەوخۆ، فێرکردنی بەئەنقەست .**

---

(*) ئەم کتێبە لەروانگەیەکی مارکسیستییەوە، ئەویش لە نێوەراستەکانی دەیەی ١٩٧٠دا نووسراوە. ئەم روانینەی لەم کتێبەدا لەباری دوو سیستەمی سەرمایەداری‌و سۆسیالیستی دا هەیە، روانینێکە کە ئەو سەردەم لەنێو رووناکبیرانی ولاّتانی جیهانی سێهەم دا باو بوو. بەلاّم رەوتی رووداوەکانی دواتر دەریان خست کە نە سەرمایەداری سیستەمێکی بێداهاتووو مەحکووم بە لەنێوچوونەو، نە سیستەمی سۆسیالیستییش ئەو بەهەشتەیە کە هێندێك سیاسی‌و رووناکبیری چەپی ولاّتانی جیهانی سێیەم ـ بێ‌ئەوەی لەنێو جەرگەی راستییەکان دابن‌و زانیاری‌یان لەسەری هەبێ ـ باسی دەکەن. هەربۆیە وەك دیتمان لەو ولاّتانەدا کە سیستەمی سۆسیالیستی لەسەرکار بوو، خەڵك بۆخۆیان بۆ لابردنی ئەو سیستەمە، هاتنە مەیدان‌و بە کردەوە ئابووریی سۆسیالیستی لەوانیش دا جێگای خۆی دا بە ئابووریی سەرمایەداری.

وەرگێڕی کوردی





**د: کاریگەریی پەروەردەو فێرکردن‌و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەسەر یەکتر.**

## ئەلف: بابەت‌و گرنگیی مێژووی پەروەردەو فێرکردن :

هەر کۆمەڵگەیەك لە هەر سەردەمێك دا، بەگوێرەی پێویستی یەکانی ئەو سەردەمەی خۆی، داواو چاوەڕوانیی دیاریکراوی لەو مرۆڤانە هەیە کە ئەم کۆمەڵگەیەیان پێك هێناوە. ئەم داواو چاوەڕوانییانە ئامانجەکانی پەروەردەو فێرکردنی ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکەن. بە وتەیەکی دیکە مرۆڤی ئایدیالی کۆمەڵگەیەك، هۆکاری بەردەوامیی ئامانجە پەروەردەیی‌و فێرکارییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە.

بۆ وێنە لەسەدەکانی کۆن دا، ئامانجی پەروەردەوفێرکردن، بە کۆمەڵایەتی کردنی تاکەکان‌و گونجاندنی ئەوان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان‌و، راگوێزتنی میراتە کەلتووری‌و شارستانەتییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بوو.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی پیشەسازی‌و، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی، رۆڵی لەمێژینەی پەروەردەوفێرکردن بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانی بەسەردا هات‌و بارە ئابوورییەکەی , لە لایەنە کۆمەڵایەتی‌و ئەخلاقی‌و مەعنەوییەکانی بەرە وسەرتر چوو. فێرکردن بوو بە جۆرێك سەرمایە وەگەڕخستن‌و ئامانجەکەی، دانی پسپۆری بەتاکەکان، بە مەبەستی سوودگەیاندنی زیاتر لە بواری ئابووری دا بوو.

ئەم گۆڕانەی ئامانج، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، پێویستی بەو هەولانە هەبووە کە تاکەکانی قەومێك لە پێناوی

دەوڵەمەند کردنی کەلتووری خۆیان دا داویانە. مێژووی پەروەردەو فێرکردن، نیشاندەری ئەو هەوڵانەیە.

بێگومان گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی لە مەودای نێوان ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە تا مرۆڤی خاوەن شارستانەتیی سەدەی ئێستادا هەن، بۆ ئەوکەسانەی بەرێزەوە سەیری گەنجینەو سامانی شارستانەتیی مرۆڤ دەکەن، شایانی سەرنج پێدانو لێ وردبوونەوەن .

لەباری گرنگیو ڕۆڵی مێژووی پەروەردەو فێرکردن، دەتوانین وەك نموونە ئەم خاڵانە ناوبەین:

١- شارەزایی لە ڕەوتی پەرەستاندنی پەروەردەو فێرکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دا.

٢- کاریگەریو ڕۆڵی هۆکارە بەرگێڕەوەکان، یا هۆکارەکانی خێراتر کردنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیو فێرکارییەکان.

٣- ریزبەندییە چینایەتی یەکانو، کەلکوەرگرتنی هەر چینێك لە فێرکردن لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا.

٤- کاریگەریی سیستەمە پەروەردەییەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا لە سەر یەکتر.

٥- هۆکارەکانی پەیدا بوونی قوتابخانە پەروەردەیی یە جیاوازەکان، لەهەلومەرجی شوێنیو زەمەنیی تایبەت داو، ناسینی ئەوقوتابخانانە.

٦- ڕەنگدانەوەی ئامانجەکان، حەزومەیلەکانو ئاواتو ئارەزووەکانی چینە کۆمەڵایەتی یەکان لە نووسینەکانی مامۆستا گەورەکانی پەروەردەو فێرکردن دا.





٧- سەرئەنجام ئەزموون وەرگرتن لەرەوتی مێژوویی پەروەردەو فێرکردنو کەڵك لێوەرگرتنی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاو ڕێبازی دروستی فێرکردنو، پیشگیری لە دووپاتکردنەوەی هەڵەو چەوتی یەکانی رابردوو.

## ب ـ فێرکردن لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان دا :

زانیاریی ئێمە لەبارەی کۆمەڵگە سەرەتایی یەکانەوە دوو جۆرن:

یەکەم: ئەو شوێنەوارانەی لە مرۆڤەکانی سەردەمانی پێش مێژوو بۆ ئێمە ماونەوە،

دووهەم: ئەو زانیارییە زانستییانە کە لەباری کۆمەڵگە سەرەتایی یەکانەوە هەمانن.

ئەگەرچی خەڵکی سەرەتایی ئەمرۆ، سەرەڕای وەستانو نەجووڵانی ڕێژەیی خۆیان، دیسانەکەش لەرەوتی تێپەرین بەسەدەکان دا، لەوقەومانەوە کە بەر لە مێژوو هەبوون، بوون بەم خەڵکەی ئەمڕۆو بەرەو پێش چوون، بەوحاڵەش هێشتا هێندێك تایبەتمەندیی مرۆڤە سەرەتایەکانیان هەیە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانە، فێرکردن لەسەردەمی سەرەتایی دا هۆکارێك بوو لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانو لەخزمەت دابینکردنی پێداویستی یە سەرەکی یەکانی کۆمەڵدا بووەو، سروشتی گشتیی هەبووە. بۆ وێنە لەکۆمەڵگە سەرەتایی یەکان دا، کاتێك گرووپێك بۆ ئەنجامدانی کارێك لێك کۆ دەبوونەوە، بە گوێرەی بارودۆخی خۆیان، دەستیان دەکرد بە ورتەورتو، بەجۆرە جۆرە گۆرانی یەکیان درووست دەکرد کە لایەنی هەستیو هەژاندنی هەبوو، سۆزوهەستی گرووپەکەی بۆ ئەنجامدانی کارە هاوبەشەکان ئامادە دەکردو، لەباری دەروونی یەوە،

وای لێ دەکردن هەست بە هێزو دەسەڵات بکەن. پاشان، ئەم جۆرە گۆرانییانە بەگوێی کەسانی دیکە دەگەیشت، ئەوانیش دەیانگوتەوەو، بە نۆرەی خۆیان گۆڕانیان بەسەردا دێنا .

گۆرانیچڕین، یا هەرچەشنە تێکۆشانێکی فیکریی دیکە لە نێو مرۆڤە سەرەتایی یەکانی پێشوودا، باری سەرگەرمیو کات رابواردنی نەبوو. چونکە مرۆڤە سەرەتایی یەکان بەردەوام لە هەوڵی گەڕان بەشوێن خواردنو پاراستنی گیانی خۆیان دا بوونو ئەوەندەیان کاتی زیادی نەبوو کەبۆ سەرگەرمیو خۆش رابواردن تەرخانی بکەن .

لەنێو کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دا، کاری کردەکیو تیۆری، خەیاڵو راستەقینە، لێك جیا نەدەکرانەوەو، لێکدانەوە فکری یەکان، جا چ بەشێوەی کێشانەوەی وێنە لە ئەشکەوتەکان دا بوایە یا وەك گۆرانیچڕین، جادووگەریو هۆنینەوەی ئەفسانە خۆی دەردەخستبا، هەمووی هەر لەراستییەکانی ژیانەوە سەرچاوەیان دەگرتو لەخزمەتی پێویستی یە سەرەکی یەکانی کۆمەڵگەدا بوون. بۆ وێنە، جادووگەری بۆ پڕکردنەوەی کەموکووڕیو ناتەواوییەکانی ژیانی راستەقینەی مرۆڤە سەرەتاییەکان، گرنگ بووە. چونکە هەرکات مرۆڤەکان لە بەرامبەر هۆکارە سروشتی یەکان دا تووشی داماویو ترسو سەرلێشێواوی دەبوون، بۆ پاراستنی بوونو مانەوەی خۆیان دەستەوداوێنی "ئەرواحی نەبینراو" دەبوون. سەرنج راکێش ئەوە بوو، بەم هۆیەوە کە جیاوازییان لەنێوان خەیاڵو راستەقینە دا نەدەنا، پاش ئەنجامدانی کارە جادوویی یەکان بڕوایان بە سەرکەوتنی خۆیان دێناو، بەدڵنیاییو متمانەو ئازایەتی یەکی زیاترەوە کاریان دەکرد. واتە بەرهەمی تێکۆشانی





فکریی مرۆڤ کاری دەکردە سەر خۆیو کارەکەی. بەپێی ئەو گۆڕانەش کە لە شێوەی بەرهەمهێنان دا دروست دەبوو، هەوڵدانی فکریی مرۆڤەکانیش ئاراستەیەکی تازەی بۆ خۆی دەدۆزیەوە. بەرهەمی هەوڵدانەکانی هەر نەتەوەیەك، پشتاوپشت، یا بەهۆی وێنەو نووسراوەی نێو ئەشکەوتەکانو سەر بەردەکان، دەگوێزرایەوە بۆ نەوەیەکی دیکەو میراتی کەلتووریی ئەوی پێك دێنا.

لەسەردەمی کۆکردنەوەی خواردنو ڕاودا، کە گۆشتی گیانلەبەران، خواردنی سەرەکیی مرۆڤی پێك دێنا، ئەندیشەی مرۆڤەکان بەهۆی کێشانەوەی وێنەکانی تایبەت بە ڕاوو ڕاوگەکان، وێنا دەکرا. مرۆڤ هەرکات پێویستی بەگیانلەبەرێك بووەو دەستی پێی ڕانەگەیشتوە، یا لە گیانلەبەرێك ترساوە، وێنەیەکی لەسەر دیواری ئەشکەوت کێشاوەو یا بۆ وێنە کونێکی لە نێوەڕاستی وێنەکە کردوە. پێی وابوو بەم کارە توانیویەتی بە سەر ئەو گیانلەبەرەدا سەربکەوێ. ئەم وێنەیە، دەربڕو پێشاندەری ژیانی ئەو بووەو، بەسەرهاتی ئەو شتەی گێڕاوەتەوە کە زەینی ئەوی بەخۆیەوە خەریك کردوە.

پاشان لەنێو مرۆڤەکان دا، "توتێم پەرستی"ی گیانلەبەران واتە پەرستنی هێندێك گیانلەبەر وەك بنەمایەکی پێویست بۆ بوون بەتایفە، هەروەها ئەفسانە لە بارەی کەراماتی هێندێك لە گیانلەبەران سەری هەڵداو، ئەو ئەفسانانە پشتاوپشتو زاربەزار، بەنەوەکانی دیکە گەیشتوون. بۆ وێنە داستانی زاڵو سیموغ لە شانامەدا، کە سیمورغ نیشانەی دەسەڵاتە.

لەقۆناغی سەرەتایی کشتوکاڵ، لەسیستەمی تایفەیی (خێڵەکی)دا، زەوی‌و ئاو و رووەك‌و هاتن‌و تێپەڕینی وەرزەکان، بیری مرۆڤەکانیان بە خۆیانەوە خەریك کردوە. بیروبڕوای مرۆڤەکان بەگوێرەی پێویستییەکانی ژیانی تازەی گۆڕانیان بەسەر دا هاتوە. توتێم پەرستیی رووەکی‌و، ئەفسانەکانی تایبەت بە بوونی رووەك بە مرۆڤ‌و، مرۆڤ بە رووەك لە ڕێورەسم‌و جێژنەکانی تایبەت بە بەهاردا، پێك هاتوون. مرۆڤ وەرزەکانی ناسیوە، چونکە پێوەندییان بەژیانی کشتوکاڵی یەوە هەبووە‌و خەتی وێنەیی داهێناوە‌و، ئەزموونەکانی خۆی لە باری بەرهەمهێنانەوە وەك توخمە سەرەکی یەکانی زانیاریی زانستیی خێڵ‌و هۆزی خۆی بۆ نەوەی نوێ ڕاگوێزتوە. نموونەیەك لە باوەڕی مرۆڤ بە کەڕاماتی رووەکەکان لەچیرۆکی ڕۆستەم‌و ئیسفەندیاردا هەیە. لە چیرۆکەکەدا گوتراوە کاتێك ڕۆستەم لە شەڕدا تووشی برینێکی قووڵ دەبێ، بەهۆی سیمورغەوە دەچێتە لای دەریای چین‌و لەوێ بە رووەکێکی دیاریکراو دەرمان دەکرێ. پاشان بە ئەمری سیمورغ لقێك لە داری گەز دەبڕێ‌و تیرێکی لێ دروست دەکاو دەیهاوێتە چاوی ئیسفەندیار. دواتر ئاو لە کشتوکاڵدا بە شتێکی پیرۆز دادەنرێ‌و زەینی مرۆڤەکان بەخۆیەوە خەریك دەکا.

### ج ـ فێرکردنی بەئەنقەست، فێرکردنی ناڕاستەوخۆ

لە بەرەبەری مێژوودا، پەروەردەو فێرکردن بەم شێوەیەی ئێستا ڕێکخراوو ڕێکوپێك نەبووە. بەڵکوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لە ڕێگای ئەزموون‌و لاسایی کردنەوەو فێربوونی کارەوە بووەو، لەنێو بنەماڵەداو لە پیاوە بەساڵاچووەکان‌و لە خودی ژیانەوە، سەرچاوەی گرتوە. ئامرازەکانی فێربوون بریتی بوون لە نەریتەکان، سیستەمی





بەهاکان، هونەرەکانی بەرهەمهێنان (کشتوکاڵ، چنین، گۆزەدروستکردن‌و هتد)، هەروەها هونەرەکانی شەڕ. لە گەڵ پەیدا بوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەو فێرکردنی ڕاستەوخۆو بەئەنقەست بایەخی پێدرا. بەڵام بە ڕەچاوکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، هەمووکات دووجۆرە فێرکردن، گشتی‌وتایبەتی هەبووە. کە لە مێژووی پەروەردەو فێرکردن دا بە دووچەشنە بوونی ڕاهێنان دەژمێردرێ. پەروەردەی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە بووە کە ڕۆڵی ڕێبەرییان هەبووەو، فێرکردنی کاروباری سادەتر، کردەکیتر‌و کاروباری پێویست بۆ بەرهەمهێنان‌و مانەوەی گشتییش، تایبەت بووە بە کەسانی ژێردەست. دیارە داهاتنی خەت (نووسین)، چوارچێوەی پەروەردەو فێرکردنی بەرینتر کردەوەو، مانەوەو پاراستنی زانستەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر مسۆگەر کرد. بەڵام هیچی لەو تایبەتمەندییانە (دوولایەنە بوونی پەروەردەو فێرکردن) نەگۆڕی. لەم بارەوە لەنێوان قەومە بەربڵاوە بەدەوی(سەرەتایی)یەکان، میسرییەکان‌و هیندییەکان‌و، لە نێوان مەسیحییەت‌و ئیسلام لە سەدەکانی نێوەڕاست دا، جیاوازییەکی گەورە بەرچاو نەدەکەوت.

سیستەمی پەروەردەی هیندی کۆن بەشێوەی "کاستی"و لەسەر بناغەی جیاوازیی چینایەتی دامەزرابوو. بەرەهمەنەکان، سنووری فێربوونیان بۆ هەر منداڵێك بەگوێرەی ڕەچەڵەك‌و زنجیرەپلەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرد. ئەندامانی کاستی سێهەم دەبوایە خاکە جۆراوجۆرەکانی ناسیبا، کشتوکاڵی زانیبا، چاکی‌و خراپیی بەرهەمەکانی لێك جیا کردبایەوەو، فێری پاراستنی مەڕومالات دەکرا.

**تەنیا بەرەهمەن مافی ئەوەی هەبوو خەریکی توێژینەوەو بیرکردنەوەی فەلسەفی بێ.**

**کۆیلەکان بەشی هەرەخواری چینەکۆمەلایەتی یەکانیان پێك دێناو لەهەموو مافێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی بێبەش بوون. بۆ ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی یە، پاکانەیەکی میتافیزیکییش هەبوو. دەیانگوت "سودرا" (بەندە، کۆیلە) هەر بە چەپەڵی لەدایك دەبێ، بۆ ئەوەی سزای تاوانەکانی ببینێ. تاقە ڕێگایەکیش بۆ کڕینەوەو سڕینەوەی تاوانەکانی هەیە، ئەویش ئەمەیە بەو پەڕی ددان بەخۆداگرتنەوە، خزمەتی چینەکانی سەرەوە بکا.**

**لەکۆمەڵگەی نەریتیی ئەفریقیا، هەموو منداڵان بێ‌هیچ جیاوازیدانانێك لە ٧ساڵی یەوە، ڕێوشوێنە پەروەردەیییە گشتی یەکانیان، کە بناغەی بەکۆمەڵایەتی کردنی تاك بوون، فێردەکرا. لەم قۆناغەدا باوەڕو بۆچوونەکانی هۆز، ئەفسانەکان، ئەخلاقو هونەرەکانی شەڕ فێر دەبوون. قۆناغەکانی دیکەی فێرکردن بەدەست گرووپە تایبەتی یەکانەوە بوو.**

**نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی یەکان لە درێژایی مێژوودا گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتوە. گۆڕانە ئابوورییەکان لە سەر ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو لەئاکام دا لە سەر پەروەردەو فێربوون کاریگەرییان هەبووەو، گۆڕانە بنەڕەتی یەکانی کۆمەڵگاکانیان خێراتر کردوە. ڕۆژلەدوای ڕۆژ، خەبات لەپێناوی ئاسوودەیی زیاترو پەروەردەی باشتردا، بەهێزتر بووە. بەڵام دەبێ ددان**





**بەوەدا بنرێ کە تائێستاش(*[٤]) پەروەردەی چینایەتی لە وڵاتانی پەرەنەگرتووو تەنانەت وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا دەبینرێ. لێرەدا دەتوانین پەروەردەو فێرکردنی فەرانسە کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانە بەنموونە بێنینەوە:**

**ئەگەرچی لە فەرانسە حەزومەیلەکان بەرەبەرە بەڵام شێلگیرانە بەرەو گشتی کردنی فێرکردن لەهەموو ئاستەکان دا دەچن، بەڵام هێشتا پشکی چینە باڵادەستەکان واتە خاوەنانی کاری ئازاد، بازرگانان، خاوەن کارخانەکان کە ١٤٪ی حەشیمەت پێك دێنن، دوو بەرابەری ڕێژەی خۆیان لەنێو حەشیمەت، کەڵك لە فێرکردنی ناوەندیو بەرز وەردەگرن. لەحاڵێك دا کرێکارانو مووچەخۆران، کە نیوەی دانیشتووانی چالاکی وڵات پێك دێنن، ڕێژەی ئەوان لە دەبیرستان(ئامادەیی)یە گشتی یەکان ٣٣٪و لە دەبیرستانە تایبەتی یەکان ١٧٪و لەزانکۆکان ١٤٪ ە. شانسی چوون بۆ زانکۆ بۆ منداڵانی کرێکاران، دە جار کەمتر لەو شانسە بۆ منداڵانی چینە مومتاز (باڵادەست)ەکانە. بڵاوبوونەوەی سەرمایەداریو سیستەمی بەها نوێ‌یەکان لە وڵاتانی کەم گەشەکردوو، نەتەنیا گیروگرفتی چینایەتی بوونی پەروەردەو فێرکردنی چارەسەر**

[٤] (*) لەم نیشانەیە بەدواوە تا دەگاتە بەندی (د)، ئەم زانیارییانە هیچیان لەگەڵ ڕاستییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ ناگونجێن. ئەم کتێبە ٣٠ ساڵ لەمەو بەر نووسراوە. واتە لەو کاتەوە تا ئێستا زۆر ئاڵوگۆڕ بەسەر دنیادا هاتوە. بۆ وێنە دەستڕانەگەیشتنی خەڵك بە خوێندن لە ڕۆژئاوا زۆر هاسانکاریی بۆ کراوە، یا وڵاتێکی وەك یەکیەتی سۆڤیەت لەبەر یەك هەڵوەشاوە.

وەرگێڕ

نەکردوە، بەڵکوو بووە بەهۆی تێکدانی هاوسەنگیی سیستەمی پێشووش‌و لەجیاتی بەکۆمەڵایەتی کردن، ناهاوسەنگیی کۆمەڵایەتیی پێك هێناوە. زۆربەی قوتابیان بەهۆی هەلومەرجی نالەباری کۆمەڵایەتی، هەژاریی ئابووری، ناچارن پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی کارکردن، بچن بۆ کارو، بەرهەمی کاری ئەوان لەخوارێ‌یەو بایەخێکی ئابووریی ئەوتۆی نیە. لە نێوان ژیان‌و قوتابخانە واتە مادەکانی فێرکردن‌و ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانە کەلێن هەیە. گومانی تێدا نیە کە لەم وڵاتانەدا، پاش سەربەخۆیی راستەقینە، دەبێ پەروەردەو فێرکردن گشتی بکرێ‌و ئەرکە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابوورییەکان بگرێتە ئەستۆ.

خاڵی پێچەوانەی ئەوجۆرە سیستەمە پەروەردەیی یانە کە ئاماژەمان پێ‌کرد، ئەوسیستەمەیە، کە بۆ هەموان دەرەتانی وەك یەك دەڕەخسێنێ. نموونەی هەرە بەرز لەوبارەوە، سیستەمە ناتەباکانی ئەمریکاو یەکیەتیی سۆڤیەتن. ئەمریکا، بێ ئەوەی پێشینەی فیۆدالیزمی هەبێ‌و بێ سەرنجدان بە نەریتە بۆرژوایی یەکان توانیویەتی تا ڕادەیەك سیستەمێکی فێرکردنی گشتی‌و ئازاد - تەنیا رەش پێستەکانی لێ‌دەرچێ - پێك بێنێ. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چل‌و دوو میلیۆن قوتابی‌و خوێندکارەوە، بەرزترین نێونجەکانی خوێندنی هەیە. سەدی٨٠ی ئەو گرووپانەی تەمەنیان لە نێوان ٢٤-٥ساڵی دایە، خەریکی خوێندنن. لە یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتیش، پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ گۆڕانی زۆر لەسەرجەمی بوارەکان، یەك لەوان پەروەردەوفێرکردن دا پێك هات. ئیمتیازەکانی تایبەت بەئەشرافەکان





هەڵوەشێندرانەوەو، دەست راگەیشتن بەفێربوون، بۆهەموان مسۆگەر بووە. هەرئێستا نزیکەی پێنج میلیۆن پسپۆری خاوەن زانستی ناوەندی‌و بەرز لەیەکیەتیی سۆڤیەتدا کاردەکەن. لەحاڵێك دا پێش شۆڕش لە ٣٠٠ هەزار کەسیان زیاتر نەبوو.

**د- کاریگەریی پەروەردەو فێرکردن‌و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەسەر یەکتر.**

کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە وەك ئابووری، حکوومەت، ئایین، بنەماڵە، پەروەردەو فێرکردن‌و شتی دیکەی لەم چەشنە کە پێویستی یە ماددی یەکانی کۆمەڵگە دابین دەکەن، پێیان دەگوترێ دامەزراوی کۆمەڵایەتی.

بەم هۆیەوە کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی‌و زانستیی ژیانی دوو نەوە (نسل) وەك یەك نیە، هەمووکات تەبایی‌و لێك تێگەیشتنی تەواو لەنێوان دوو نەوەی کۆن‌و نوێ‌دا بەدی ناکرێ‌و، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئیعتباری وەك یەکیان لە درێژایی زەمەن دا نیە. هەر بۆیە ئەو بەشانە کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم ناگونجێن، وەلادەنرێن‌و بە پێچەوانەوە بەهای تازە پەیدا دەبن .

بەم جۆرە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، وەك دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی، پێوەندییەکی راستەوخۆی بە دامەزراوە کۆمەڵایەتی یەکانی دیکە وەك ئابووری، کەلتوور، ئایین‌و سیاسەتەوە هەیەو، هەموو کاتێکیش لە حاڵەتی گۆڕان دایە، بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتی یەکان بگونجێنێ.

به دەربڕینێکی دیکە، پەروەردەوفێرکردن، لەبارێکەوە ڕەنگدانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیو ئەوپێوەندییانەیە کە لەکۆمەڵگەدا هەن. بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە، هۆکاری گۆڕینی ئەوکۆمەڵگایەشە.

بەشوێندانانو کاریگەری وەرگرتنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لەیەکتر، سەرجەمی کۆمەڵگەو سیستەمەکانی بەستراوە بە کۆمەڵگە، گۆڕانیان بە سەردا دێو بەرەو پێش دەچن.





**بەشی یەکەم / فەسڵی سێیەم**

# پەروەردەوفێرکردن لە یونانی کۆن دا

## ١- بڕوا سەرەتاییەکانی خەڵکی یونان:

"ئیلیاد"و "ئۆدیسە" شێعرە حەماسییەکانی هۆمێر، شاعیری نابیناو ئەفسانەیی یونان، کە هۆنینەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆهەم یا سەرەتاکانی سەدەی هەشتەمی بەرلە زایین، ژیانی خەڵکی یونانی کۆن لەماوەی چەند سەدەدا، پیشان دەدەن. کۆمەڵگەی هۆمێری کە نوێنگەی سیستەمێکی خێڵەکیی لەحاڵی لەبەریەك هەڵوەشان دا بوو، لەسەر بناغەی ئابووریی سروشتی دامەزرابوو. واتە لە هەر گەڕەکێكو لە هەر شارێك، هەرچی بەرهەم دەهێنرا، دەخورا. ئیدی زێدەبەرهەم نەبوو. بناغەی ئابووری، ئاژەڵداری بوو. بەم هۆیەشەوە کە دراو (پووڵ، پارە) لەگۆڕێدا نەبوو، ئاژەڵ وەك یەکە یا پێوانەی نرخ بەکار دەهێنرا. بۆ وێنە مەنجەڵێکی مزی گەورە بە دوازدە سەر مانگاو، کۆیلەیەکی لاو بە چوار سەر مانگا دەگۆڕایەوە، لەجیاتی جیازی دەزگیرانییش، ئاژەڵ دەدرا.

لە ئەفسانە یونانییەکان دا زۆرجار تووشی ئەو خوایانە دەبین کە لە بیچمی گیانلەبەران، بۆ وێنە ئەژدیهاو گورگ دان. هێندێك لەو گیانلەبەرانە دەپەرستران. کوند، لە ئەسینا بە باڵندەیەکی پیرۆزو خۆشفەڕ دادەنرا.

بەرەبەرە کە سیستەمی هاوبەشی سەرەتایی، لەبەریەك هەڵوەشاو ئەشرافییەتی سەربازی بەهێز بوو، ئایینێکی نوێو هاڵۆز، ئایینی خودایانی ئۆلەمپ، خێوی ئاسمانەکانو فەرمانڕەوایانی جیهان کە پێیان وابوو لەسەر

کێوی ئۆلەمپ دەژین، دروست بوو. خودا هەرەگەورەکان، سێبرا بوون کە لەنێو ئەوان دا "زیوس" کە بە گرمەو تریشقەی خۆی هەورەکانی کۆ دەکردنەوە، مەقامێکی بەرزی هەبوو.

فۆرمە ساکارەکانی ململانێی بیروئەندێشەکان، لەئەفسانەو بڕواکانی یونانی دا رەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە لە ئەفسانە یونانییەکان دا هاتوە کە رۆژێك لەرۆژان "زیوس" بڕیاری دا هەموو مرۆڤەکان نوقم بکا، تەنیا ژنو مێردێك بەهۆی پرۆمتەوە رزگاریان بوو. پرۆمتە لە ریزی تیتانەکان واتە لەریزی ئەو خودایانەدا بوو کە کەوتبوونە بەر بێرەحمیی خودای گەورە. ئەم ژنومێردە، سەرلەنوێ مرۆڤیان لێ کەوتەوە.

پرۆمتە، ئاگری لە ئاسمان رفاندو مرۆڤەکانی لەداماویو ژیانی ئاژەڵانە رزگار کرد. بەڵام زیوس پرۆمتەی سەربزێوی بەتوندی تەمبێ کردو، لەسەر تاشەبەردەکانی یەکێك لە ترۆپکەکانی زنجیرە چیای قەفقاز، بە زنجیر بەستیەوە. هەموو رۆژێ هەڵۆیەکی ـ کە باڵندەی خۆشەویستی [پرۆمتە]بوو ـ دەنارده سەر پرۆمتە تا لەحاڵێکدا لە ژێر ئەشکەنجە دابوو، لەتێك لەجەرگی بکاتەوە. لەو ئەفسانانەرا وادەردەکەوێ کە ئایینی نوێی ئۆلەمپی، یا ئایینی زیوس بەهۆی خەباتو ململانێیەکی زۆر توند، جێپێی خۆی قایم کرد.

### ٢ـ چینەکۆمەڵایەتییەکانی خەڵك لەیونانی کۆن دا

قۆناغی یەکەم: لە سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە یونان تا ساڵی ٤٧٩ی پێش زایین کە بەرامبەرە لەگەڵ هێرشی ئێران بۆسەر یونانو پاشەکشەی سوپای ئێران.

قۆناغی دووهەم: لە٤٧٩ڕا تا ١٤٦ی پاش زایین کە یونان بەهۆی ئیمپراتۆریی رۆمەوە داگیر کرا.





لە یونانی کۆن هەر شارێك، بۆخۆی یەکەیەکی سیاسی بووو، حکوومەتێکی سەربەخۆی هەبووو پێی دەگوترا دەوڵەتشار. لەنێو ئەو دەوڵەتشارانەدا، "ئەسینا"و "سپارت" لەهەمووان بەناوبانگتر بوون. چینە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتشارەکانی یونانی کۆن لە ئازادەکان (هاووڵاتیان)، بێگانەکانو، کۆیلەکان پێك دەهاتن. ئەگەرچی سەربەست(ئازاد)ەکانی هەر دەوڵەتشارێك، لەکەمایەتی دا بوون، بەڵام دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. هاووڵاتی هەر دەوڵەتشارێك، کە چووبایە دەوڵەتشارێکی دیکە، پێی دەگوترا بێگانە کە ژیانێکی سنوورداریان هەبوو. بۆوێنە نەیاندەتوانی لەدەوڵەتشاری نوێدا ببن بەخاوەن ملك، یا ژن بێنن. دواتر بە تایبەتی لە ئەسینا، بۆ ئەمجۆرە کەسانە هاسانکاریی زیاتر پێك هات. ژمارەی ئەوان زیادی کردو بەرەبەرە گرووپی بازرگانیان پێك هێنا.

زۆرایەتیی دانیشتووانی هەر دەوڵەتشارێك لە کۆیلەکان پێك دەهات کە لە هەموو جۆرە مافێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی بێبەش بوونو وەك کەلوپەل دەکڕانو دەفرۆشرانو ژیانیان بەهۆی نۆکەری، کرێکاری، مەڵەوانیو بەردەستکاری... تێپەڕ دەکرد.

حکوومەتی سپارتە، ئۆلیگاریشی بوو، واتە کەمایەتیی خاوەن سامان دەسەڵاتی بەدەست بوو. حکوومەتی ئەسیناش دێموکراسیی کۆیلەدار بوو. سپارتە لەیونانی کۆن دا، هەمووکات قەڵای کۆنەپەرستی بووو، داکۆکیی لە کۆنەپەرستانو شێوەکۆنەکانی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی دەوڵەتانی دیکەی یونان دەکرد. بۆئەوەش لەباری سەربازییەوە هەروا باڵادەست وەمێنێ، بە هەموو ئامرازێکەوە لە بەرامبەر یەکیەتیی دەوڵەتانی دیکەو لەئاکام دا بە دژی پێکهاتنی گۆڕانی سیاسیی یونان دەوەستا.

ئەگەرچی دیموکراسیی ئەسینا لە سەر بناغەی وەکیەکبوون (بەرابەری) دانەمەزرابووو ژمارەیەکی کەم مافی هەڵبژاردنو هەڵبژێرانیان هەبوو، بەڵام جۆری بەڕێوەبردنی وڵاتو هەبوونی حکوومەتی پارلمانی، بەسەرنجدان بە حکوومەتە ئەشرافییە دواکەوتووەکانی یونانو حکوومەتە ملهوڕەکانی ڕۆژهەڵات، ڕەنگدانەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بوو کە بۆ سەردەمی خۆی شتێکی پێشکەوتوو بوو. واتای دیمۆکراسی پاش شۆڕشی پیشەسازیو فکری، لەم ساڵانەی دوایی دا، ڕەهەندی نوێی لێ پەیدا بووە. فێرکردنی دیموکراتیك، فێرکردنێکە کە هەموو خەڵك دەستیان پێ ڕابگا.

لە یونانی کۆن، فیلسووفانی ئازادیخوازی وەك ئەرەستۆو پلاتۆن تەنانەت بە خەیاڵیشیان دا نەدەهات کە کۆمەڵگەیەکی بێکۆیلە بێننە بەرچاویان. ئەوان کۆیلەتییان بۆ ئازادی بە شتێکی پێویست دەزانی، کارکردن بەدەستیان پێکارێکی سووك بووو پێیان وابوو تەنیا دەبێ کۆیلە کاری دەستی بکا.

پێداگۆژی (پەروەردەو فێرکردن)ی کۆنو بناغە فەلسەفییەکانی، بەرپرسایەتیی سووکایەتی بە کارە دەستییەکانیان لە سەرشانە.

### ٣- پەروەردەو فێرکردن لە سپارتە:

ئەلف ـ ئامانج: ئامانجەکانی پەروەردەو فێرکردن لە سپارتە بریتی بوون لە:

١) پتەوکردنی بناغەکانی ئۆلیگارشی.

٢) پەروەردە کردنی شەڕکەرانی لێهاتوو.

بۆگەیشتن بەم ئامانجانە، پەروەردەی لەش، پەروەردەی ئەخلاقی، ڕاهێنانی سەربازی، گوێڕایەڵی بۆ قانوونەکانو بەڕێوەبردنی نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە،





بایەخی پێدەدراو پێی لەسەر دادەگیرا. سپارتەییەکان بە شەڕکەری بەناوبانگ بوون. ئەرەستۆ لەباری "سپارت"ەوە گوتوویەتی:

"سپارتە خۆی بۆشەڕ ئامادە دەکرد. لەکاتی ئاشتییش دا، وەك شمشێر لەکالان دا ژەنگی دێنا". کە ئەمە نیشانەی بایەخ نەدان بەزانستو هونەرو فەلسەفە بووە.

ب ـ ڕێکخراو: بنەماڵە، سەربازخانەو خزمەت لە پێگە سنوورییەکان دا، ڕێکخراوی پەروەردەی سپارتەی پێك دێنا. ئەو ناوەندانەی بۆ پەروەردەی تایبەتی واتە خوێندنو نووسین تەرخان کرابوون، ژمارەیان کەم بووو، تایبەت بوون بە منداڵانی هاو وڵاتان یا ئازادەکانی کۆمەڵگە.

ج ـ پرۆگرام: بەوهۆیەوە کە پەروەردەی سپارتە، لەخزمەت ڕاهێنانی سەربازی دابووو، بەرهەمەکەی پەروەردە کردنی سەربازانی جەنگاوەرو ئازا بوو، کاتێك منداڵێك لەدایك دەبوو، ئەگەر ئەنجومەنی ردێن سپییەکان (پیاوماقووڵان) لەباری پەیکەرەی ئێسقانییەوە بە ناتەواویان زانیبا، لەچیاکان فڕێیان دەدا تا لەنێو بچێت.

دایکان، بۆماوەی (٧) ساڵ ئاگادارییان لەو منداڵانە دەکرد کە ڕێگای زیندوو مانەوەیان پێ دەدرا. پاشان ئەوانیان بە ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن دەسپارد. فێرکردنی گشتی بریتی بوو لەڕاهێنانی ژیمناستیك، زۆرەوانی، ڕاکردن، هەڵدانی دیسك، نێزە بازی کەهەموویان هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ گەشەی لەش. بۆ پێکهێنانی خۆڕاگریی لەش، منداڵانو مێرمنداڵانیان ناچار دەکرد، بەپێی پەتیو بێئەوەی لە هەموو وەرزەکاندا جلوبەرگێکی ئەوتۆیان لەبەردابێ، ژیان تێپەڕ بکەن.

پەروەردەکردنی تواناکانی مێشك بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدەدرا.

پەروەردەی ئەخلاقی (ڕەوشتیی)یش لەخزمەت پەروەردەی سەربازیدا بوو. لەکاتی ڕاهێنانە وەرزشییەکان دا وەختی ناخواردنی بەکۆمەڵ، هەروەها لەکاتی لەشکرکێشییەکان دا، بە نیشانەی شانازیکردن بە نیشتمانو ناودارەکانیەوە، سروودیان دەکوت.

فێرکردنی خوێندنو نووسین تایبەتی بووو، هەموو منداڵان دەستیان پێڕانەدەگەیشت . پەروەردەی تیۆریو فیکریی سپارتەکان لەم شتانەدا چڕ ببۆوە: لەبەر کردنی قانوونەکانی لیکۆرك°و هەڵبژاردەکانی هۆمێرو گوێڕاگرتن لە گفتوگۆی پیرەپیاوەکان.

کچانیشیان پەروەردە دەکرد تا لەشساغو بەهێز بنو، منداڵی ساغو بەهێز تەحویلی کۆمەڵگە بدەن.

د- مێتود: فێرکردن لەسپارتە، چ گشتی، چ تایبەتی، توندوتیژی (لێدانو تەمبێ)یشی تێدا بوو.

## ٤ ـ پەروەردەوفێرکردن لە ئەسینا

ئەلف ـ ئامانج: ئەسیناییەکان یەکەم خەڵك بوون کە ئامانجیان لەپەروەردەو فێرکردن ئامادەکردنی تاکەکان بۆ ژیان لەکۆمەڵگەیەکی ئازاد دابووو، بایەخیان داوە بە پەروەردەکردنی هاوکاتی جیسمی (لەش)، زەینی، ئەخلاقیو سۆزداری. مەبەست لە پەروەردەی لەش لە ئەسینا پێکهێنانی

°لیکۆرك قانوون دانەرێکی بە ناوبانگی یونان بوو کە وێ دەچێ ٨ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح ژیابێ.





هاوسەنگی لەبەینی هێزوجوانی، شارەزاییو گەورەیی بووە نەك پەروەردە کردنی قارەمان.

مۆسیقاش وەك باشترین ئامراز بۆ ئیلهام وەرگرتنو خۆشویستنی ڕێکوپێکیو جوانیو زاڵبوون بەسەر هەوای نەفس دا، کەلکی لێ وەردەگیرا.

کۆیلەکان زیاتر لەنیوەی دانیشتووانی ئەسینایان پێك دێنا، هەر بۆیە نابێ لەهەڵسەنگاندنی دێموکراسیی ئەسینادا بەهەڵە بچین. بە هۆی مەچەكو کاری کۆیلەکان کە پێویستییە ماددییەکانی کۆمەڵگەیان دابین دەکرد، هاووڵاتیان (ئازادەکان) دەرەتانی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە بەکێشە فیکریو هونەرییەکانەوە خەریك بن. بەڵام لەهەرحاڵدا ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لەمێژووی کۆن دا، شتێکی بەتەواوی نوێو پێشکەوتووانە بوو. ئازادەکان لەپێکهێنانی حکوومەتو هەڵسووڕاندنی کاروباردا، بەشدار بوون. دێموکراسییش لەسنووری پێداویستییەکانی ئەوسەردەم دا هەبوو. خەڵك لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستانو دەوڵەتشاریان بە بەرهەمو خوڵقاوی خۆیان زانی.

ب ـ ڕێکخراو:ناوەندە فێرکارییەکان لەئاستە جیاوازەکانی سەرەتایی، ناوەندیو بەرزدا بە یارمەتیی خەڵك دروست دەکرانو دەوڵەت ڕۆڵێکی لە پێکهێنانو بەڕێوەبردنی ئەوان دا نەبوو. لەم ناوەندانەدا، ئەو قوتابیو خوێندکارانەی کە دەیانتوانی حەقی ناونووسین بدەن، دەیانخوێند. بەگوێرەی یاسا، سەرۆکی بنەماڵەکان بەرعۆدە بوون پێداویستییەکانی منداڵانی خۆیان دابین بکەن. ئەگەر ئەمانەیان نەکردبا، منداڵانیش لە بەرامبەر ئەوان، ئەرك یا بەرپرسایەتییەکیان نەبوو.

لەگەڵ ئەوەش دا کە یونانییەکان توانیان جۆرێك فێرکردنی ناوەندی پێك بێنن، بەڵام بۆ یەکەمجار، قوتابخانەی ناوەندی بەشێوەیەکی رەسمی‌و رێکوپێك لەلایەن رۆمییەکانەوە بنیات نرا.

قۆناغی خوێندنی بەرز کە فەلسەفەو وتاربێژیی دەگرتەوە، لەسەرەتادا دوو ساڵ بوو. خوێندکاران پاش تێپەراندنی قۆناغی خوێندنی بەرز، لەتەمەنی ١٨ساڵی یەوە تا ٢٠ساڵی لە شوێنە سەربازییە دەوڵەتییەکان دا فێری راهێنانە سوپاییەکان دەبوون. دوای ئەوەی لەساڵی ٣٣٨ی پێش زایین، ئەسینا دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لەدەست داو خرایەسەر مەقدوونیە . دووساڵ فێرکردنی سەربازی، وەلانراو خرایە سەر قۆناغی خوێندنی بەرزو، قۆناغی خوێندنی بەرز بوو بە ٤ ساڵ کە دواتر تا٧ـ ٦ساڵ زیادی کرد. سەرئەنجام لەسەدەی دووهەمی پێش زایین دا، زانکۆی ئەسینا دامەزرا کە نزیکەی سێ‌سەدە، ناوەندی خوێندن بوو.

هاوکات دەگەڵ داگیرکارییەکانی ئەسکەندر، کەلتووری یونانی گەیشتە مێدیتەرانەی رۆژهەڵات‌و ئاسیای رۆژئاواش. پاش دامەزرانی زانکۆی ئەسکەندەرییە، زمانی یونانی بوو بەزمانی دەربڕین‌و باو. لە کتێبخانەی زانکۆی ئەسکەندەرییە، حەوت سەدهەزار بەرگ کتێب بەزمانی عیبری، یونانی، میسری، ئێرانی‌و سوریانی کۆکرایەوە. لە تێکەڵاویی فکریی زانایانی یونانی، ئێرانی، رۆمی‌و جوولەکە لەو زانکۆیەدا، زانستی جۆربەجۆر بەتایبەتی بیرکاری، زانستە سروشتییەکان، جوغرافیا، زۆر پێش کەوتن. بینین‌و تاقیکردنەوەو قانوون جێگای بیرکردنەوەو رامان لەبارەی شوێنەوارە سروشتییەکانی گرتەوە. ئیقلیدۆس لە هەندسە، ئەرەشمیدۆس لەفیزیك‌و میکانیك، ئاراتستۆن لە جوغرافیاو بەتلەمیۆسیش لە ئەستێرەناسی دا، هی ئەو سەردەمەن.





پاش داگیر کرانی یونان لەلایەن رۆمییەکانەوە، رێکخراوی قوتابخانەکان‌و پەروەردەو فێرکردنی یونانییەکان، سەرنجی رۆمییەکانی راکێشا. بە جۆرێك کە لاوانی رۆمی، بۆماوەیەکی زۆر دەچوون لەزانکۆکانی یونان دەیانخوێند. رێوشوێنە بەرزەکان، زانستەکان‌و ئەدەبیاتی یونانی، لەسەرەتادا لە ئەسیناو ئەسکەندەرییە، پاشان لە قوستەنتەنییە (ئەستامبوڵی ئێستا)، ئێران‌و، وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە، وەك خۆیان مانەوە، بەڵام لەسەرەتای سەردەمی نوێ‌دا، سەرلە نوێ گەڕانەوە بۆ ئورووپاو، بوون بە بناغەی شارستانەتیی ئێستای رۆژئاوا.

ج ـ پرۆگرام: پەروەردە کردنی منداڵان تا ٧ساڵی لەماڵەوە ئەنجام دەدرا. بنەماڵە ئەشرافییەکان، زۆرتر ئاگاداری لە منداڵانیان بەدایەن یا پەرستارێك کە کۆیلە بوو، دەسپارد.

بۆ منداڵان، زۆر سروودو چیرۆك‌و یاریی جۆراوجۆرو ئامرازی یاریکردن هەبوو. بووکەڵەو ئامرازی یاریکردن بۆ یەکەمجار بەهۆی ئەسینایییەکانەوە دروست کران.

دەوروبەری ساڵی ٣٥٠ی پێش زایین، لەپەروەردەی یونانی دا، ٣قۆناغی دیاریکراو هەبوو:

١) بەرنامەی قۆناغی سەرەتایی لە ٨ـ٧ساڵییەوە تا سێزدەساڵی کە بریتی بوو لە خوێندنەوە، نووسین، ئەژمێرو مۆسیقا. بەمامۆستای ئەو قۆناغەیان دەگوت گراماتیست. هەموو دانیشتووانی خاوەن مافی ئەسینا، خوێندنەوەو نووسینیان دەزانی.

٢) بەرنامەی قۆناغی ناوەندی، لە ١٣تا١٦ ساڵییەوە بووو، بریتی بوو لە هەندسە، وێنەکێشان (رەسم)و مۆسیقا. بەڵام دواتر سەرفو نەحوو

واتاناسی‌و دەربڕینیشی لێ زیاد کرا. مامۆستای ئەو قۆناغە پێی دەگوترا گراماتیکۆس.

٣) قۆناغی خوێندنی بەرز کە لە ١٦ساڵییەوە بۆ سەرەوە بوو. لەهیچ کام لەقۆناغەکانی فێرکردن دا، باس‌و کێشە ئایینییەکان وەکوو وانەیەکی سەربەخۆ نەبوون.

٤) لە ئەسینا کچان نەدەچوونە قوتابخانەو لەژێر سەرپەرستیی دایکان دا، فێری ماڵداری دەبوون. کچان وەك لە رۆژهەلاّت دا باو بوو، لەبەشداری لە مەجلیس‌و کۆڕوکۆبوونەوەی کوڕان بێ‌بەش بوون. بەشێوەیەکی گشتی ژن لە ژیانی کۆمەلاّیەتی‌و بەڕێوەبردنی ولاّت دا رۆڵی نەبوو. تەنیا تاقمێك لەکچانی ئەشراف دەیانتوانی فێری بەرگدروون، مۆسیقاو چنین بن.

د ـ میتۆد: میتۆدی فێربوون تاکەکەسی بووو مامۆستا بەجیا، وانەی بەهەر قوتابییەك دەگوت. مامۆستا وانەی دەگوتەوەو فێرکار لەبەری دەکرد. تەمبیی جیسمی (لەش)، هەم لە ماڵەوەو هەم لە خوێندنگەدا باو بوو.

مامۆستایان پلەوپایەی رەسمییان نەبووو هەقدەستیان لە قوتابییەکانیان وەردەگرت. خوێندنگەکان لە بەیانییەوە تا رۆژئاوابوون، کراوە بوون‌و پشووی حەوتووانە باو نەبوو. بەلاّم هەموو ساڵێ ٩٠ رۆژیان دەکرد بەجێژن‌و پشوویان تێدا دەدا.

## ٥ـ مامۆستا گەورەکانی پەروەردەی یونانی

هێرشی ئەسپارتە بۆ سەر ئەسینا لەشەڕەکانی پلۆپۆنز (٤٣١ـ٤٣٠ی بەر لە زایین) کە بە پشتیوانیی ئێران ئەنجام درا، بوو بە موسیبەت‌و بەلاّیەکی گەورەو، مردنی دێموکراسیی ئەسینای بەدواوە بووو، بواری بۆ هێرشەکانی دواتر، بۆ وێنە هێرشی فیلیپ سەرداری مەقدوونی خۆش کرد.





ئەخلاقی گشتی گەندەڵ بوو، فکری قازانجپەرستی‌و مەزنیخوازیی تاك، بەهێز بوو. چەنەبازی‌و پسپۆری لە ناتەباییبێژی بەسەر راستوێژی‌و حەقیقەت دا زاڵ بوو. هەریەك لەحەکیمانی حەقیقی هەوڵیان دا بۆ ئەو گەندەڵییەی لەولاّت دا پەیدا ببوو، هەروەها بۆ کێشەو گیروگرفتەکانی ژیان، رێگا چارەسەر بدۆزنەوە کە ئێستا بە کورتی ئاماژە بەناوی بیردۆزەکانی گەورەترینی ئەوان دەکەین.

### سۆفستاییەکان:

سۆفستا لە زمانی یونانی دا بەواتای زاناو چاژان هاتوەو ناوێکە کە گرووپێك لە مامۆستایانی گەڕۆك کە دواتر بە سۆفستاییەکان ناوبانگیان دەرکرد، لە سەر خۆیان دانا.

ئەوان مرۆڤی بەتوانا بوون‌و هێندێکیان وەك پرۆتاگوراس‌و پرۆدیکوس زانیاریی قووڵیان هەبوو. ئەو هێڵە سوورانەی لە ئایین‌و سیاسەت دا هەبوون، ئەوانی نەدەترساندو ئازایانە، بایەخە کۆمەلاّیەتییەکانی سەردەمی خۆیان دەخستە ژێر تیشکی عەقڵ‌و رەخنەیان لێ دەگرتن. ئەوان بۆ وێنە لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە پێوانەیەکی رەهای ئەخلاقی، نیە. چەمکە ئەخلاقییەکان بایەخێکی رێژەییان هەیەو گوێڕایەڵی هەلومەرجی سەردەمی خۆیانن.

سۆفستاییەکان لەسیاسەت دا دەبوون بە دوو قوتابخانە: گرووپێك وەك رۆسۆ بەڵگەیان دێنایەوە کە سروشت باشەو شارستانیەت خراپە، خەڵك لە سروشت دا وەك یەکن , ئەوە دامودەزگاو رێکخراوی کۆمەلاّیەتییە کە وەکیەکبوونی ئەوانی تێك داوە. قانوون بەرهەم‌و داهێنراوی زۆردارانەو، بۆ زاڵبوون بەسەر بێ‌هێزان‌و کۆیلەکردنی ئەوان درووست بووە.

قوتابخانەی دووهەم، هەروەك نیچە، لەو باوەڕە دا بوو کە سروشت نە چاکەو نە خراپ‌و، خەڵك هەر زگماك بەنایەکسانی لەدایك دەبن، ئەخلاق بەرهەم‌و داهێنراوی بێ‌هێزەکانە بۆ بەرگرتن بە زۆرداران. دەسەڵات بەرزترین فەزیلەت‌و گەورەترین حەزی مرۆڤەو، ژیرانەترین‌و سروشتی ترین حکوومەتەکان، حکوومەتی ئەشرافە.

بێگومان ئەو هێرشە بۆ سەر دێموکراسی [هێرشی سپارتییەکان]، پشت ئەستوور بوو بە سەرهەڵدانی کەمایەتییەکی ساماندار لە ئەسینا، کە خۆیان بە ئەریستۆکرات (ئەشرافی هەڵبژاردە) ناودەبردو، دێموکراسییان بەنالەبارو زیانبار دەزانی. سۆفستاییەکان بەهۆی ئەو کاریگەری‌و ناوبانگەی هەیانبوو، لەنێولاوەکان دا، لەبارەی پێوانە ئەخلاقییەکانی سەردەمی خۆیان، گومان‌و دوودڵییان خولڵقاندبوو. لەلایەکی دیکەوە هەوڵیان دەدا ئەوان بۆ کاروبارو پۆستە سیاسییەکان ئامادە بکەن. بەو هۆیەشەوە کە کارو پۆستە سیاسییەکان، لەڕێگای راکێشانی بیروڕای گشتییەوە بەدەست دەهاتن، ئەوانیان فێری وتاردان دەکردو بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە دەکرێ فێرکاران بەچەشنێك رابێنن کە بتوانن هەم بە لایەنگری هەم بەدژایەتیی بابەتێکی دیاریکراو، قسە بکەن.

سۆفستاییەکان بەو هۆیەوە کە ناوی زانایان لەسەرخۆیان دانابووو، سەبارەت بەقازانجی تایبەتیی خۆیان‌و وەرگرتنی مانگانەی زۆر لە قوتابییەکانیان‌و، خۆخەریك کردن بەچەنە بازی، کەوتنە بەر سەرکۆنەو رەخنەی زانایانی هاوچەرخی خۆیان‌و، بەوە تاوانبار کران کە حەقیقەت بەوانە دەفرۆشن کە پارەی زیاتریان دەدەنێ. دواتر "سفسطة" [کە ناوی سۆفستاییەکان لەوەوە هاتوە] مانایەکی خراپی وەرگرت‌و لەگەڵ "مغالطة" بووبە هاوتا.





## سوقرات ( ٩٣٦ـ ٤٦٩ی پێش زایین ):

ئەگەر بمانەوێ لەبارەی سوقراتەوە، لەرووی ئەو پەیکەرە بەردینە کۆنەی ناوبراوەوە، قسە بکەین، دەبێ بڵێین ئەوەندەی خوا حەز دەکا، ئەوەندە دزێو بووە. سەری بێ‌تووك، دەموچاوی پان‌وقووڵ‌و، چاوی لەقووڵەوە چووو، لووتێکی زل کە پەڵەیەکی تێدایە، بەلام ئەگەر لە نزیکەوە لێی ورد بینەوە، لەنێو پتەویی بەردەکەدا، هەست بەنەرم‌و نیانی‌و مێهرەبانی‌و خاکەرایی دەکەین، واتە ئەو تایبەتمەندییە بەرزانە کە ئەم بیریارە ناقۆڵاو دزێوەیان کردبوو بە مامۆستای خۆشەویست‌و جێگای ڕێزی لاوانی بە دیمەن جوانی ئەسینا.

سوقرات هەوڵی دەدا، خەڵك لەقازانجپەرستی‌و خۆویستی بگێرێتەوەو بڕوایان بە بەختیاریی کۆمەڵ پێ بێنێ. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەو لێك جیاکردنەوەی چاکەو خراپە، پێی وابوو کە مرۆڤ دەبێ زانا بێ. سوقرات خۆناسینی بە باشترین زانستی مرۆڤ دەزانی.

سوقرات بەکارهێنانی توندوتیژیی مەحکووم دەکردو لایەنگری دیالۆگ لەگەڵ لاوان بوو. قوتابییەکانی، تەنیا لەبەر پلەوپایە زانستییەکەی ڕێزیان لێ نەدەگرت، بەڵکوو زیاتر لەبەر جوامێری‌و لەخۆبوردووییەکەی بوو. لەوپەڕی خاکەڕایی دا هەمیشە دەیگوت "من تەنیا شتێك دەزانم‌و ئەویش ئەوەیە کەهیچ نازانم". سەرئەنجام سوقراتیان بەتاوانی گەندەڵکردنی ئەخلاقی لاوان‌و، لەراستی دا لەسەر داکۆکی لە ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکان موحاکەمەکردو ناچاریان کرد [ژاری] شەوکەران بخواتەوە.

ئەگەرچی چەندین سەدە لە مەرگی سوقرات رادەبرێ، دەنگی لەگوێیەکان دا هەروا دەزرنگێتەوە، بەڵام دەنگی ئەوانەی ئەویان موحاکەمەو مەحکووم کرد، لەمێژە کپ بووە.

سوقرات فێرگە یا قوتابخانەیەکی تایبەتی نەبوو، بەڵکوو لەکۆڵانو ڕێگاوبانە گشتییەکان پیاسەی دەکردو بەهێنانە گۆڕی هێندێك پرسیار بە شێوازی تایبەت بەخۆی، رووی دەکردە لاوەکانو لەبارەی کێشە ئەخلاقییەکانەوە، روونی دەکردنەوە. سوقرات پێی وابوو کاری مامۆستا ئەوەیە بە هێنانە گۆڕی پرسیار تاکەکان وەئاگا بێنێو راستییەکانیان پێ بناسێنێ.

سوقرات بناغەدانەری ئەخلاقو شێوازی لۆژیکی لەفێرکردن دابوو. شێوازی لۆژیکی سوقرات ٣ قۆناغی هەبوو:

لەقۆناغی یەکەم دا، ناراشکاویو ناروونیی زەینی تاکەکان لەبارەی ئەوکێشانەی دەوروژێنران، دەردەکەوت. لەقۆناغی دووهەم دا هەوڵ دەدرا تا چەمکەکان لەچوارچێوەی پێناسەی روون دا بگونجێنرێنو واتاکەیان دیاری بکرێ. لەقۆناغی سێهەم دا هەوڵ دەدرا کە دەرکو تێگەیشتنی پێویست، بێتە دی.

**پلاتۆن ( ٣٤٨ـ ٤٢٩ی پێش زایین:**

پلاتۆن بەپێچەوانەی سوقرات لەبنەماڵەیەکی ئەشرافی دا لەدایك ببووو، لاوێکی جوانو بەهێز بوو. دەڵێن شانە پانەکانی بوون بەهۆی ئەوەی نازناوی "افلاطون"ی پێ بدرێ. لەگەڵ ئەوەی چاوەروان نەدەکرا لاوێکی ئەوتۆ ببێ بە فەیلەسوف بەڵام زەینێکی وردبینی هەبوو. پلاتۆن فەیلەسوفێکی ئایدیالیستەو چەمكو وشەی "ئیدێ"(ئایدیا) بەهۆی ئەوەوە هاتۆتە نێو فەلسەفەوە. پلاتۆن دنیای خاکی ـ گۆی زەوی ـ ی بە ناراستەقینە دەزانی. بەگوتەی ئەو، ئەم دنیایە رەنگدانەوەیەکی کەمرەنگی سێبەری جیهانی راستەقینەیە. حکوومەتی دێموکراسیی ئەسینا کە فەرمانی کوشتنی سوقراتی دا، بەجۆرێك کاری کردە سەر پلاتۆن کە هێنایە سەر ئەم بڕوایە کە دەبێ دێموکراسی لەناو بچێتو،





حکوومەتی ژیرترینو باشترین مرۆڤەکان جێگای بگرێتەوە، یا ژیرەکان دەبێ بن بەپادشا، یا پادشاکان دەبێ ژیربن. کتێبی "کۆمار"ی پلاتۆن لەبارەی هونەر دەدوێ.

**پلاتۆن ئەندامانی کۆمەڵگەی دەکردە سێ چین:**

نزمترین چین کەلە وەرزێران، کرێکاران، بازرگانانو خاوەن بانکەکانو کەسانێکی دیکە کە لە بەرهەمهێنان دا دەستیان هەبوو، پێك دەهات. پلاتۆن دەیکوت: ئەمانە لە کردارو هەڵسوکەوتی خۆیان دا زیاتر گوێڕایەڵی حەزو ئارەزووەکانیانن‌و دەبێ بە هۆی چینێکی لەخۆیان ژیرتر، رێنوێنیو چاوەدێری بکرێن.

کۆمەڵگەی ناوەندی، کۆمەڵگەی ئایدیالی پلاتۆن لە سەربازان پێك دەهات کە بە بڕوای وی پیاوانی خاوەن شەرەفو ئازا بوون.

چینی سەرەوەش، بریتی بوون لەتاکەکانو ئەندامە عاقڵەکانی کۆمەڵگە کە مافی حکوومەت کردنو رێنوێنیی تاکەکانیان هەبوو. پلاتۆن لەکۆمەڵگەی ئایدیالی خۆی دا تەنیا بایەخی بەچینی زاناو ژیر دەدا. حکوومەتی ئەشرافی (ئەریستۆکراسی) کە پلاتۆن لایەنگری بوو، لەگەڵ ئەریستۆکراسیی میراتی، جیاوازیی زۆری هەبوو. ئەندامانی حکوومەتی دڵخوازی ئەو، لەرووی تواناو لێوەشاوەییەوە، پاش تێپەرکردنی چەند قۆناغێك، دەبوایە هەڵبژێردرێن.

پلاتۆن حکوومەتی تەنیا بەهی پیاوان نەدەزانی، بەڵکوو لەم بڕوایە دابوو کە ئەگەر ژنێکیش لێوەشاوەیی بەرێوەبردنی وڵات لەخۆی نیشان بدا، دەبێ کاروباری بەرێوەبردنی وڵاتی پێ بسپێردرێ. ئەگەر پیاوێکیش کارێکی دیکەی بێجگە لەقاپ شوشتن لەدەست نەیە، دەبێ راست ئەوکارە ئەنجام بدا. بەکورتی پلاتۆن پێی وابوو کۆمەڵگەیەك بەختیارە کە لەوێدا کرێکاران بە

بەرهەمهێنانەوە، سەربازەکان بەشەڕکردنەوەو زانایان بەحکومەت کردنەوە خەریك بن. تیۆریی پەروەردەیی پلاتۆنیش لەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی ناوبراو لەبارەی حکوومەت دایە.

پلاتۆن پێکهێنان‌و بەهێزکردنی وەفاداری بەکۆمەڵگەیەك کە ئەریستۆکراتە زاناکان حکوومەتی بەسەردا دەکەن، بەئەرکی پەروەردە دەزانی. ساڵی ٣٨٦ی پێش زایین لەباغەکەی خۆی دا کەناوی ئەکادیموس بوو، خوێندنگەیەکی کردەوەو نزیکەی چل ساڵ لەو خوێندنگەیەدا خەریکی وانەوتنەوەو کتێب نووسین بوو. ئەو خوێندنگەیە کە بە ئەکادیمیا ناوبانگی دەرکرد، بریتی بوو لەکۆمەڵێك مامۆستاو خوێندکار کە نوێژگە، کتێبخانەو پۆلەکانی وانەخوێندنیان بەهاوبەشی هەبوو. پرۆگرامی خوێندن لە ئەکادیمیادا بریتی بوو لەفەلسەفە، بیرکاری‌و زانستە سروشتییەکان.

**ئەرەستۆ ( ٣٣٢ـ ٣٨٤ی پێش زایین ):**

ئەرەستۆ یەکێك لەقوتابییەکانی پلاتۆن بووو، بیردۆزەکانی ئەو لەبارەی پەروەردەوە لە کتێبی سیاسەت دا هاتوون. ئەرەستۆش وەك پلاتۆن پەروەردەوفێرکردنی بەبەشێك لەسیاسەت دەزانی. لەگەڵ ئەوەش دا کەلایەنگری حکوومەتی ئەریستۆکراسی بوو، لەم بڕوایە دا بوو کە هەر چەشنە حکوومەتێك، چ دێمۆکراسی، چ ئەریستۆکراسی‌و، سەرەڕۆ، جۆرێك لەپەروەردەو فێرکردن کە لە گەڵ جۆری حکوومەتەکە بێتەوە، دەخوازێ. بە وتەیەکی دیکە دەبێ خەڵك بێنە نێو چوارچێوەی حکوومەتێك کە لەژێر ئەمرو فەرمانی ئەودا دەژین.

ئەرەستۆ وێڕای دژایەتی لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی سپارتە، دژی کردەوەی توندوتیژو تەمبێکردن لەپەروەردەوفێرکردن دا بوو. بە بۆچوونی





ئەرەستۆ پەروەردەوفێرکردن، بەستراوەتەوە بەسرووشت، عادەت، عەقڵ‌و ئامانج‌و ئامانجی دوایی پەروەردە، تێگەیشتن‌و بیرکردنەوەیە.

**ئەرەستۆ گەورەیی‌و بەرزی مرۆڤی دەکرد بە دوو بەش:**

١ـ رەوشت کە لە رێگای عادەتەوە بەدەست دێ.

٢ـ فەزیلەت (باڵادەستی)ی عەقڵانی کە لە رێگای فێربوونەوە بەدەست دێ. ئەرەستۆ مامۆستایەك بوو کە بە سەر زانستەکانی سەردەمی خۆی دا زاڵ بوو. ئەرەستۆ بە دانەری زانستی مەنتیق (لۆژیك) دادەنرێ‌و، لەدەروونناسی‌و زیندەوەرناسییش دا شارەزا بوو. لەزیندەوەر ناسی دا کەڵکی لە میتۆدی بینین وەردەگرت‌و بەگوێرەی بینین، زۆر لە زانیارییەکانی ریزبەندی (پۆلین) کرد. کتێبێکیشی بەناوی مێژووی گیانلەبەران نووسی.

ئەرەستۆ ساڵی ٣٣٥ی پێش زایین، قوتابخانەیەکی بەناوی "لیسە" دامەزراند. ئەرەستۆ پەروەردەو فێرکردنی بە ئامرازی چاکسازیی گەندەڵییەکانی کۆمەڵگەی یونان‌و، جێبەجێکردنی ئەرکی پەروەردەی بەکاری دەوڵەت دادەنا.

**بەشی یەکەم / فەسڵی چوارەم**

# پەروەردەوفێرکردن لە رۆمی کۆن دا

## ١ـ کۆیلەداری لەرۆمی کۆندا :

لەنێو وڵاتەکۆنەکانی ئاسیا، ئەفریقیای باکوورو یونان دا، مێژووی رۆمی کۆن، دیارترین نموونەی رەوتە ئابووری، کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی سیستەمی کۆیلەدارییە. دەوڵەتی کۆنی رۆم، شایەدی توندترین خەباتی چینایەتیی کۆیلەکانو کۆیلەداری بووە. یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی ئیمپراتۆریی رۆمی کۆن، بایەخدان بەکاری سەربازی و سیاسەتی فراوانخوازانە بووە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە شەڕ لەم سەردەمەدا چالاکییەکی ئابووری بووە. سەرکەوتنە سەربازی یەکانی رۆم، لە سەدەی سێهەمو دووهەمی پێش زایین، شۆڕشی گەورەی لەئابووریی نەتەوەیی دا پێك هێنا. کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پیشە دەستییەکانو بازرگانی، لە بەر شەڕە پەیتاپەیتاکان، کەوتنە پلەی دووهەمی گرنگیو، دەسکەوتەکانی شەڕ، بوون بە سەرچاوەی سەرەکیی سامان.

رۆمییەکان دەستیان بەسەر هەرشوێنێك دا دەگرت، تاڵانیان دەکردو کۆمەڵانی خەڵکی سەر زەوییە داگیرکراوەکانیان بەکۆیلە دەگرتو لەکارەکانی بەرهەمهێنان دا کەلکیان لێ وەردەگرتن.

کۆیلەکان، ئەو مرۆڤانە بوون کە بەزۆرو زۆرداری لە ئازادی بێبەش دەکرانو ناچاردەبوون مل بۆ کۆیلەیی ڕابکێشن. کڕینو فرۆشتنی کۆیلەکان ئاساییترین جۆری بازرگانیو هەرلەوکاتەدا پڕ قازانجترین بازرگانی بوو.





بازاڕەکانی کۆیلە فرۆشی پێك هاتن کە بە پێی قسەی "سترابۆن" لەهێندێك لەو بازارانەدا رۆژانە دەهەزار کۆیلە دەفرۆشران. زۆر لە دەوڵەمەندەکان تا بیست هەزار کۆیلەو، یا وەك "سیسرۆن" بەجۆرێکی گاڵتەئامێز دەڵێ: رەوەی کۆیلەوکەنیزیان هەبووو هەتا هێزو توانایان لەلەش دا دەما، کاریان پێ دەکردن.

ئاشکرایە ئەگەر بەکەلکوەرگرتن لە ئامرازەکانی ترساندنو گوشار نەبوایە، کۆیلەکان کاری ئاوا بڕست پڕوکێنیان نەدەکرد. شەقو تێهەڵدانی ئەوتۆ کە جاری وابوو ددانی لەدەم دا دەشکاند یا چاوی کوێر دەکرد، شتێکی ئاسایی بوون.

نووسەرە کۆنەکان زۆرجار باسی لێدان بەقەمچیو، هەروەها داغکردنی بەری دەستی دزەکان بەئاسنی سوورەوەکراو، هەروەها داغکردنی زمانی زماندرێژەکانیان وەك تەمبێکردن، کردوە. ئەو کۆیلانەی رایان دەکرد، بە ئاسنی سوورەوەکراو داغ دەکران، ئەوانەی لەسەربزێویو بێئەمری کردن دا دەستی باڵایان هەبوو، بەهۆی بەرداشی ئاسیاو دەیانهاڕین، یا لە کانەبەردەکان دا کاریان پێدەکردن، یا لە خاچیان دەدان. ئەمە توندترین ئەشکەنجەی کۆیلەکان بوو.

پاش پێکهاتنی ئیمپراتۆریی کۆیلەدار، "رۆم" بوو بەشارێکی گەورەو، بەهۆی رێگە سەربازییەکانەوە، بەناوچەکانی دیکەوە گرێ درا. خەڵك نەك هەر لەسەرانسەری ئیتالیاوە، بەڵکوو ژمارەیەك لە یونانییەکان، ئاشوورییەکانو جوولەکەکانیش بۆ نیشتەجێبوون روویان کردە ئەوشارە. بۆوێنە "لیۆپوس ئاندرۆنیکۆس" کە بە باوکی ئەدەبیاتی رۆم ناسراوە، وەك کۆیلە هێنرا بۆ رۆم کە دوای ئەوەی ئازادیی خۆی بەدەست هێنایەوە، رووی کردە فێرکردنی

زمانەکانی لاتین‌و یونانی. هۆنراوەکانی ئۆدیسەی لەزمانی لاتینەوە وەرگێڕاو، ئەم وەرگێڕانە کرا بە کتێبی خوێندن. بەرەبەرە راهێنەرە یونانییەکان بوون بە ئەندامێکی جیا نەکراوەی بنەماڵە ئەشرافییەکان‌و ملیان نا لە فێرکردنی کەلتووری یونانی. کاریگەریی کەلتووری یونانی لەسەر شارستانەتی‌و کەلتووری رۆم گەیشتە رادەیەك کە "رۆم" هەستی بە مەترسی کردو هێندێك فەرمانی دەرکرد کە بەگوێرەی ئەوان زانایانی یونانی، وانەوتنەوە لە قوتابخانەکانی رۆمیان لێ مەنع کرا.

رووکاری دەرەوەی شاری رۆم بەوهەمموو گەورەیی‌و مەزنییەوە کە هەیبوو، بە ئاشکرا ئەو ناتەباییە قووڵانەی پێوە دیار بوو کە ئیمپراتۆریی رۆمی لەسەر بنیات نرابوو. لە تەنیشت ئەو ماڵە قوڕین‌و کەلاوە پیس‌و هەژارنشینانە دا کە چێوبەستەکەیان جاری وابوو تێك دەتەپی یا ئاگری دەگرت، کۆشکی سامانداران بەشێوازی هێلێنی‌و بەهەیوانی کۆڵەکەدارو باغی تایبەتەوە، هەبوون. کۆشکە شارییەکانی ئەشرافی رۆم، نیشاندەری ژیانی پڕ باق‌وبریقی ئەوان بوو. ئەشرافییەتی رۆم خولیاو تامەزرۆی هەمموو چێژە لەشییەکان بوون. لەمیوانداریییەکان، لەخواردن‌و خواردنەوەدا ئەوەندە زێدەڕۆیی دەکرا کە لەگێڕانەوە نایە.

جلوبەرگی دڕاوی ژنانی سەردەمی ڕابردوو، جێی خۆی دا بە قوماشی گرانبایی، چەترو باوەشێن لە پەڕی تاوس دروست کران، رازاندنەوەی کەزی‌و زولفی ئەفسووناویی ژنان بوو بەباو، شانۆی میمیکی نەگونجاو لەگەڵ رەوشت ، تێك بەردانی گیانلەبەرە دڕندەکان‌و تێکهەڵچوونە خوێناوییەکانی گلادیاتۆرەکان بوون بە شانۆیەکی گشتی‌و ئاسایی.





سروشتی بوو کە ناتەباییەکی ئەوتۆ، زۆر راپەرینی بەتایبەتی لەلایەن توێژە بێبەشەکانەوە بەدواوە دەبێ. یەکێك لە راپەرینەکانی سەردەمی کۆن، راپەرینی سپارتاکوس بوو. سپارتاکوس گلادیاتۆرێك بوو کە بەهاوبەشیی گلادیاتۆرەکانی دیکە، پیلانێکیان رێك خست کە ئاشکرا بووو، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە کۆیلەکان توانیان لەشار را بکەن. ئەو پیاوە ئازایانە، لەژێر فەرماندەیی سپارتاکوس ، ناوکەی سوپایەکی ٦٠هەزارکەسییان پێك هێناو لەشەڕدا سوپای کۆیلەدارانیان تەفرو تونا کرد. بەڵام لە ئاکامی هاوکاری‌و گەلەکۆمەکێی هەمموو هێزە رۆمییەکان دا، کۆیلەداران توانیان راپەڕیوەکان لەنێوان ساڵانی ٧٤ـ ٧١ی پێش زایین دا تێك شکێنن. ئەو راپەرینە ئەگەرچی تێك شکا، بەڵام سەرەنجام راپەرینە گەورەکانی گەل، کۆیلەدارانی لەرزۆك کردو قەیرانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی تێکەڵ بەیەك بوون. یەکێك لە نیشانەکانی ئەو قەیرانە، دابەشبوونی ئیمپراتۆریی رۆم بەسەر دووبەشی رۆژئاواو رۆژهەڵات دا بوو، کە پاش مردنی ئیمپراتۆر "تئۆدۆزیۆس" لەساڵی ٣٩٥ی زایینی دا گەیشتە دواقۆناغی خۆی. زەبرە دوولایەنەکان، راپەرینەکان‌و هێرشی هۆزە ژێرمەنەکان، بوون بە هۆی رووخانی ئیمپراتۆریی رۆمی رۆژئاواو سیستەمی کۆیلەداری. ئیمپراتۆریی رۆمی رۆژهەڵات کەپاشان بە ئیمپراتۆری بیزانس بەناوبانگ بوو، لەئاکامی زنجیرەیەك پرۆسەی هاڵۆزدا، وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی لێ هات کە تا نێوەراستی سەدەی پانزدەی زایینی درێژەی کێشا. سەرەنجام ساڵی ١٤٥٣ی زایینی لەگەڵ داگیرکرانی ئەستانبول لەلایەن سوڵتان محەممەدی فاتیح، بارگەوبنەی حکوومەتی رۆمی رۆژهەڵاتیش تێکەوە پێچرا.

## ٢ـ چینە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە سیاسییەکان لەرۆمی کۆن دا

لەکۆنترین سەردەمەکانەوە ٣کۆڵەکەی دەسەڵات لە رۆم هەبوون: ئیمپراتۆر، سەنات و ئەنجومەنی گەل. دەسەڵات بەمیرات نەدەگەیشتە دەست ئیمپراتۆر، بەڵکوو ئەو پۆستە لەلایەن سەناتەوە پێی دەدرا. بڕیارەکانی ئەنجومەنی گەل باری رێنوێنیی گشتییان هەبوو، رۆڵێکیان لەکێشە ئیداری و سیاسییەکانی وڵات دا نەبوو. بەڵام سەنات، واتە گرووپی ئەشراف، کۆڵەکەی بەرزی قانووندانان بوو، خەزێنەی دەوڵەتی بەدەستەوە بوو، هەموو رێوشوێنێکی ئابووری بەهۆی سەناتەوە دیاری دەکرا، باڵوێزەکان لەلایەن سەناتەوە وەردەگیران، یان بۆ وڵاتانیتر بەرێ دەکران، پەیماننامەکان لەلایەن سەناتەوە پەسند یا رەت دەکرانەوە. بە کورتی دەسەڵاتی سەنات بێسنوور بوو. ناوکەی ئەشرافییەت پێی دەگوترا "پاتریسیەن"[٦]، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووان، جگە لە کۆیلەکان، "پەلب"ەکان بوون کە ژیانێکی هەژارانەیان هەبوو. ئەوان وەرزێری کەم توانا بوون کە بەکاروپیشەی دەستییەوەش خەریك بوون. لەکاتی وشکەساڵی یا هێرش و پەلامارە وێرانکەرەکان، ئەو پەلبانەی ئیجارەیان دەدا، وەك قەرزدارێکیان لێ دەهات کە ناتوانن قەرزەکەیان بدەنەوە. بەگوێرەی قانوونی کۆنی رۆم، دەبوون بە "کۆیلەی قەرزدار". یەکێك لە زاناکان، پەلبەکانی رۆمی کۆنی وەك رەعیەت ناودەبرد. پەلبە بێرەگەز و بنەچە نادیارەکان، هەمووکات مەترسیی ئەوەیان لەسەر بوو کە رەگەڵ کۆیلەکان بخرێن.

---

٦





کۆمەڵانی خەڵك کە ستەمیان لی دەکراو گیرۆدەی هەژاری بوون، لەسەرەتای سەدەکانی دووهەم و یەکەمی پێش زایین دا، رێگای رزگاریی خۆیان لەخەباتی ئاشکراو راپەڕین دا دەدیت، بەڵام شکانی پەیتاپەیتایان دەری خست کە هەرجۆرە خۆراگرییەك لەبەرامبەر دەسەڵاتی رۆمدا، بێ ئاکامە. هەربۆیە لەنێو توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دا، چاوەڕوانیی رزگاریدەرێکی ئاسمانی کە ئەوان لە چەپەڵی و خراپییەکانی ئەم جیهانە خاکییە رزگار بکا، لە رادەیەکی بەرین دا پەرەی گرتبوو. سەرهەڵدانی مەسیح، وڵامێك بوو بە هاواری خەڵکی زەحمەتکێش. نوێنەرانی پێشووی ئایینی مەسیح، بەو هۆیەوە کە لەگەڵ جیاوازیدانانە قەومی و کۆمەڵایەتییەکان دا نەبوون، سەرنجی زۆرلێکراوانیان بۆلای خۆیان راکێشا. بەڵام زۆری نەخایاند کە سروشتی دێموکراتیی کۆمەڵە پێشکەوتووەکانی مەسیحی بەرەو کزی چوو. مەسیحییەت کە هەر لەسەرەتاوە خەڵکی بۆ ڕازیبوون و دەنگ نەکردن هان دەداو، ئامۆژگاریی دەکردن کە لەهەموو چەشنە خەباتێك خۆ ببوێرن، بوو بە پاڵپشتی چینی باڵادەست و، کەوتە ژێر کاریگەریی گرووپە خاوەن پلەوپایەکان. لەگەڵ دابەشبوونی ئیمپراتۆریی رۆم، مەسیحییەت بەرەبەرە بەهێز بوو. دێوەزمە ناسی، جادووگەری و کتێب بۆگرتنەوە (طالع بینی) برەوی پەیدا کرد. کریسمەس لەگەڵ رۆژی جێژنی خودای هەتاو ـ میترا ـ بوون بە هاوکات. پەرستنی وێنەی حەزرەتی مەریەم پەرەی گرت. سەرئەنجام لەمێژووی ئورووپادا سەردەمێك دەستی پێکرد کە بەسەردەمی تاریکی سەدەکانی نێوەراست بەناوبانگە. ئەم سەردەمە زیاتر لە دە سەدە ـ لەسەدەی پێنجەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی هەڤدەهەم ـ درێژەی هەبوو.

## ٣ـ پەروەردەو فێرکردن لەڕۆمی کۆندا

### ئەلف: ئامانجەکان:

١)ڕێزدانان بۆ بنەماڵەو پێداگرتن لەسەر ڕۆڵی بنەماڵە لە فێرکردنی منداڵان دا.

٢)ڕێزدانان بۆ بەهاکانو یاسا کۆمەڵایەتیو سەربازی یەکان، ڕێوشوێنە ئەخلاقیو ئایینییەکانو، بەهێز کردنی گیانی گوێڕایەڵیو ملکەچی لەلاوان دا.

٣)پێداگرتن لەسەر لایەنی کردەکیو بەسوودی فێرکردنو، بایەخ نەدان بەداهێنانی فیکریو هونەری.

٤)پێداگرتن لەسەر فێرکردنی وتاربێژی لەخوێندنی زانکۆداو ئامادەکردنی لاوان بۆ کاروباری قەزایی، سیاسیو پێهەڵگوتن.

ب ـ ڕێکخراو: لەڕۆم ڕێکخراوی قوتابخانەکان ڕوونو دیاریکراو بوون:

قوتابخانەی سەرەتایی لەتەمەنی ٧ساڵی دەستی پێدەکرد. کوڕان فێری خوێندنەوەو نووسینو ژماردن (ئەژمێر)و ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکان دەکرانو یاساکانی "دوازدە لەوح"یان وەك وانە پێ دەگوترا.

قوتابخانە ناوەندییەکان بە قوتابخانەی ڕێزمانی بەناوبانگ بوون کە لە ١٠ساڵییەوە دەستی پێدەکردو، زۆرتر ئەو قوتابیانەی وەردەگرت کە سێ تا پێنج ساڵ لە قوتابخانەی سەرەتایی خوێندبوویان. قوتابخانە ناوەندییەکان، قوتابیانیان فێری زمانو ئەدەبیاتی یونانیو لاتین، ئەستێرەناسی، ئەندازیاری ئەخلاق دەکرد.





قوتابخانە بەرزەکان کە بە قوتابخانەی واتاکانی دەربڕین بەناوبانگ بوونو، لەسەرەتادا بەهۆی مامۆستایانی یونانییەوە بەڕێوە دەچوون، زیاتر خەریکی فێرکردنی ئەدەبیاتی یۆنانو لاتینو هونەری وتاربێژی دەبوون.

هەتا سێسەد ساڵ پێش زایین کە هێشتا ڕۆم نەببوو بەخاوەن فێرگە، منداڵان لەماڵەوە، لەمووچەومەزرا، لەئۆردووگا، ئەو ڕێوشوێنو خوو خدانەی پێویست بوون، بەهۆی پەندو ئامۆژگارییەوە فێری دەبوون. دوای سەقامگیر بوونی ئیمپراتۆری لەجیاتی جمهووری، دەوڵەت ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خۆی لەکاروباری فێرکردن هەڵ دەقورتاند.

مووچەی مامۆستایان بە ئەمری ئیمپراتۆری، لەلایەن شارەوانییەکانەوە دەدرا. جگە لەمە، شارەوانییەکان ئەرکی سەرشانیان بوو کە قوتابخانە دابمەزرێنن.

لە تەواوی ئەو وڵاتانە کە بەهۆی سوپای ڕۆمەوە داگیر دەکران، قوتابخانە وەك ئامرازێك بۆ شوێندانان لەسەر ئەو وڵاتانە سەیری دەکراو، زمانی لاتین جێگای زمانە ناوچەییەکانی دەگرتەوە. دوای ئەوەی مەسیحییەت بەسەر ڕۆم دا زاڵ بوو، زمانی لاتینی وەك زمانی ئایینیو، وەك ئامرازی ڕاگوێزتنی ئیمانی ئایینی هەڵبژارد. بەڵام بەم هۆیەوە کە ڕۆمی، تەنیا سەرنجی دەدایە لایەنی بەقازانجبوونی پرسەکانو، لایەنی زانستیو هونەریی لەبیردەکرد، هەروەها چونکە بەرهەمی نووسەرانی ڕۆمی لەداهێنان بێبەری بوونو، وەك کۆمەڵەیەکی بێکەلکی بەرهەمی پێشینیانی لێ هاتبوو، هەروەها ئەو ڕووداوانەی کە بەدوای دابەشبوونی ڕۆم لە ئورووپادا ڕوویان دا، سەرەنجام جیهانبینیی ئایینی لە سەدەکانی نێوەڕاست دا، بوون بەهۆی ئەوە کە پەرە ئەستاندنی زانستیو

هونەری لەسەدەکانی نێوەڕاست دا، بەشلیو خاویو هێندێك جار پاش وەستانێکی درێژخایەن، بچێتە پێش.

**ج ـ بەرنامە**

پاش ناونانی منداڵ، تەلیسم یا بەڵگەیەك کە ناسنامەی ئەوی دەسەلماند، دەیان خستە ملیو هەتا تەمەنی خۆناسین (بلوغ) دەبوایە لەملی دابا. دایك لەئەستۆی بوو کە بۆخۆی شیر بدا بە منداڵەکەی. خودایانی جۆراوجۆر کردەوەکانی منداڵیان دەخستە ژێر چاوەدێری. لەپێش دا باوك، بەرپرسایەتیی پەروەردە کردنی منداڵی دەکەوتە ئەستۆ. پاشان بوو بە عادەت کە خەڵکی دەوڵەمەندتر، نۆکەرێك یا دایەنێکیان بۆ ئەوکارە دەگرت، دواتر مامۆستایان بۆ دێنایە ماڵ.

مامۆستایان لەرۆمی کۆن دا بەزۆری لە کۆیلەکان بوون. دوای ئەوەی قوتابخانەی ڕەسمی پەیدا بوو، منداڵانی ئەشراف ڕەوانەی فێرگەکان کرانو، ئەو بابەتانەی پێشتر ئاماژەمان پێ کردن، لە ئاستی جیاجیادا، دەیانخوێند. یاساکانی دوازدە لەوح کە بناغەی کۆمەڵەی یاساکانو مافە مەدەنیو جەزاییەکانی خەڵکی رۆم بوون، وەك وانە لەقوتابخانەکان دا دەخوێندران. بەڵام دواتر کە ڕۆم کەوتە ژێر کاریگەریی یونانییەکان، خوێندنەوەی وەرگێڕانی ئۆدیسە، جێگای یاساکانی دوازدەلەوحی گرتەوە.

فێرکردنی قوتابخانەیی شتێکی بەتەواوی پسپۆڕانە بووو، تەنیا ئەشرافزادەکانی دەگرتەوە. کچانیش دەستیان بە خوێندنی قوتابخانە ڕانەدەگەیشت. بەردە نووسی سەر گڵکۆیەك لە پەسنی "ژنێکی کامڵ"دا دەڵێ: "ئەو لەماڵێ دەمایەوەو خوریی دەڕست". ڕاهاتن بەکاروباری ماڵێ بەس بوو بۆ ئەوەی کچێکی گەنج بۆ هەموو کارێکی ژنانە ئامادە بکا.





لاوێکی رۆمی لە١٧ساڵی دا تەلیسمو جلوبەرگی منداڵیی بەتەشریفات (ڕێوڕەسم)ی تایبەتییەوە وەلادەناو، وێڕای ئەندامانی بنەماڵە، پاش قوربانیکردن لەپێناوی خوداکان دا، ناوی خۆی لەدەفتەری هۆزەکەی دا تۆمار دەکردو لە گۆڕەپانی گشتی دا ئامادە دەبوو. ئەمجۆرە پەروەردە کردنە پاش تێکەڵاو بوون لە گەڵ شارستانەتیی یونانی، ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتو کەوتە ژێر کاریگەریی پەروەردەی یۆنانی.

**د ـ شێواز**

لە قوتابخانەکان، منداڵ لەسەر زەوی دادەنیشت. لەسەر ئەو لەوحانەش کە ڕووکەشێکی مۆمیان هەبوو، بە پێنووسێکی ئاسن دەینووسی. هەرکات لاپەڕەکە تەواو دەبوو، بە قامکی شادە مۆمەکەی ڕێك دەکردەوە، تا بۆ نووسینی دووبارە، ئامادە ببێتەوە.

کاتێك کە "پاپیرۆس"و کاغەزی چەرمی دروست بوون، نووسین بەقەڵەم قامیش بوو بە باو. قەڵەم قامیشەکەیان دەتاشیو دەیانخستە نێو مەرەککەب (جەوهەر)و لەسەر کاغەزەکە، دەیاننووسی. کاغەزە نووسراوەکان لوول دەدرانو، لەدەوری میلەیەك دەهاڵێنرانو کتێبێکی تەواویان لێ دروست دەکرا. بۆ خوێندنەوە، میلەکەیان بەدەستێك دەگرتو بەدەستەکەی دیکە، لاپەڕەی کتێبەکەیان دەکردەوە. منداڵ قامکی بەسەر ئەو پیتانەدا دەخشاند کە نووسرابوونو پاشان بە پێنووس خۆی ڕادێناو لەبەری دەنووسییەوە. ڕێزو حورمەتی داسەپاو بەهۆی زۆرەملیو لاسایی کردنەوە، لەرێساو بنەما باوەکان بوون. ناسینی قانوون بەهۆی خوێندنی دوازدە لەوحەکانەوە بەدەست دەکەوت. قوتابخانە بەرزەکان بەفێرکردنی هونەری وتار دانەوە خەریك دەبوونو،

مامۆستایانی وتاردان، هێندێك باسی وەك ئەستێرە ناسی، مێژووو مافیان لەوانەکانیان دا دەگونجاند.

خوێندکاران، فێری ٣شێوازی سەربەخۆی وتاردان دەکران: ١ـ شێوازی بڕیارانە بۆ دیاریکردنی سیاسەتو ڕێبازی سیاسی. ٢ـ شێوازی قەزایی بۆ بەراوردی قانوون لەگەڵ نموونەکانی بەکارهێنانیان. ٣ـ شێوازی پەسن، کە بۆ ستایشو پێهەڵکوتن بەکەسێك یا کاروکردەوەیەك بەکار دەهێنرا.

## ٤ـ هۆیەکانی بایەخ نەدانی ڕۆمییەکان بەزانستو فەلسەفە

١)خەریك بوونی ڕۆمییە دەوڵەمەندو ئاسوودەکان بە جادووگەریو خورافاتو، بڕوا هێنانیان بە ئەرواحو خودایانی جۆراوجۆر.

٢)برەوپەیدا کردنو باوبوونی قوتابخانەی "واتاکانی دەربڕین"

٣)بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی ڕەواقی لەنێو ڕۆمییەکان دا کە خەڵکی هان دەدا بۆ ڕازیبوونو قەناعەت کردن.

دوو فەلسەفەی ڕەواقیو ئیپیکۆری، خەلکیان رادەسپارد کە بەنوقمبوون لە چێژەکان دا، تاڵیو ناخۆشییو شکست، لەبیرخۆیان بەرنەوە. بیری ڕەواقی لەراستی دا لەرۆژهەلاتەوە هاتوە کە بەهۆی "زینون" بازرگانی فینیقی لەساڵی ٣١٠ی پێش زایین دا براوە بۆ ئەسینا. پاش ئەوەی ئیمپراتۆریی ڕۆم یونانی داگیر کرد، وێڕای دەسکەوتەکانی دیکەی شەڕ، بیری ڕەواقییشی بەم هۆیانەی خوارەوە لەگەڵ خۆی دا بۆ ڕۆم برد:

١) ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم بیری داگیرکردنی جیهانیان لەمێشك دابووو، فەلسەفەی ڕەواقییش باسی جۆرێك یەکیەتیی جیهانی دەکرد. ئەوان ئەم فەلسەفەیان بەدڵ بوو، چونکە بەهیوای ئەو ڕۆژە بوون کە ڕۆژێك دابێ هەموو جیهان بکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی ڕۆم.





٢) هاندانی گیانی خۆبەدەستەوەدانو بێ تەفاوەتی لەجیاتی پەرەپێدانی گیانی شۆڕشو خۆ ڕاگری لەنێو خەڵك دا، ئەوە شتێك بوو کە بەتەواوی بەدڵی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم بووو، بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی ئەوانی دەستەبەر دەکرد.

٣)دانی لایەنی پیرۆزیو خودایەتی بەمەقامی ئیمپراتۆر لە فەلسەفەی ڕەواقی دا.

## ٥ـ نووسەرانی پەروەردەیی لەرۆمی کۆن دا

بە سەرنجدان بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو تایبەتمەندییە پەروەردەییەکان لەرۆمی کۆن دا، نووسەرانی ڕۆمی نەیانتوانی وەك یونانییەکان لە بواری پەروەردەوفێرکردن دا، بەرهەمو بیردۆزەی داهێنەرانەیان هەبێ.

بیروبۆچوونە پەروەردەییەکانی "سیسرۆن"و فێرکردنی وتاردان کە لەکتێبەکانی "بێرتوس"و "دواوارتۆر"دا هاتوون، شتێکی تازەیان تێدا نیە. بە ناوبانگترین نووسەری پەروەردەیی، "کێنتی لین"ە کە لە کتێبی "فێرکردنی وتاردان" دا، باسی هەموو قۆناغەکانی فێرکردنی کردوە.

بە بۆچوونی "کێنتی لین"، فێرکردن لە قۆناغە سەرەتاییەکان دا، دەبێ لایەنی یاریکردنی هەبێو، لەکەلوپەلی یاری لەفێرکردن دا، کەڵك وەربگیرێ. کێنتی لین، بەتوندی دژی تەمبێی جیسمی (لێدان) بوو کە لە قوتابخانەکانی ڕۆمی کۆن دا هەبووو, بایەخی زۆری بە پەروەردەی ئەخلاقیی وتاربێژەکان دەدا.

**بەشی یەکەم / فەسڵی پێنجەم**

# پەروەردەو فێرکردن لەسەدەکانی نێوەڕاست دا

**پێشەکی:** هیومانیستە ئورووپاییەکان کە زاراوەی "سەدەکانی نێوەڕاست"یان داهێنا، مەبەستیان ئەو سەردەمە بوو کە نەتەوە ئورووپاییەکان نوقمی نەزانیو تاریکی بوونو، پێشوازییان لە گەڕانەوەو وەدەستهێنانی کەلتووری سەردەمی کۆن دەکرد. زاراوەی "رێنیسانس" (ژیانەوە) لەراستی دا رەنگدانەوەی هەوڵدانێك بوو کە بیرمەندانی ئورووپایی ئەو سەردەم بۆ ژیاندنەوەی کەلتووری کۆن کەجێگای پەسندی ئەوان بوو، ئەنجامیان دەدا. لەتوێژینەوەکانی ئەوان دا، لە بارەی سەربردەی خەڵکانی رۆژهەڵات، بێجگە لە هێندێك نموونە کە پێوەندیی بە رۆژئاواوە هەیە، جۆرێك بێدەنگی هەیە. ئەوەش لەحاڵێك دایە کە زانستی مێژوو نیشانی دەدا سەدەکانی نێوەڕاست، قۆناغێکی دیاریکراو لە مێژووی مرۆڤایەتییە کە بە نێوەرۆکێکی هاوبەشەوەو لەسەر بناغەی بوارێکی یەکگرتوو، لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، پێك هاتوە، چ لە رۆژهەڵاتو چ لە رۆژئاوا، بەئاراستەیەکی دیاریکراوەوە چۆتە پێش. بەو جیاوازییە کە رەوتی ئەو قۆناغە مێژووییە، لەرۆژهەڵات خێراتر بەرەو پێش چووە.[٧]

٧- پێشتر لەوبارەوە [هەر لەم کتێبەدا]روونکردنەوەی پێویست دراوە.





## قۆناغەکانی پەرە ئەستاندنی مێژوویی سەدەکانی نێوەڕاست:

قۆناغی یەکەم لە سەدەی پێنجەمەوە تا سەدەی یازدەهەم: لەم قۆناغەدا سیستەمی فیۆدالیزم پێك هاتبوو. هاوکات لەگەڵ نیزامی پاشایەتی کە بە "هیرارشی"[٨] ناوی دەر کردوەو، لە تەواوی ئورووپای رۆژئاوادا، سەیتەرەی کەنیسەی کاتۆلیك وەك هێزی سەرەکیی ئایدولۆژیای ئورووپای فیۆدالیی سەدەکانی نێوەڕاست بڵاو بۆتەوە.

قۆناغی دووهەم لەسەدەی یازدەهەمەوە تا پازدەهەم. لە لەشکرکێشیی خاچپەرستانەوە تا دۆزینەوە جوغرافیاییە گەورەکان دەگرێتەوەو، سەردەمی پشکووتنو برەوپەیدا کردنی کۆمەڵگەیەکی فیۆدالییەو، بە پێکهاتنی حکوومەتە بەهێزە کۆجێیەکان (متمرکز) دەناسرێتەوە، هەروەها راپەرینە جوتیارییەکان کە کۆمەڵگەی ئورووپایی سەدەی چواردەیەمو پانزدەهەمیان راچڵەکاند.

قۆناغی سێهەم لەسەدەی پازدەیەمەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم دەگرێتەوە. ئەم قۆناغە بریتییە لە توندتر بوونی رەوتی دابەشبوونی فیۆدالیزمو پێکهاتنی توخمەکانی سیستەمی سەرمایەداری. راپەرینە بەربڵاوە جووتیارییەکان جێگای خۆیان دەدەن بە شەڕە رێکوپێکەکانو، شۆڕشی بۆرژوازی دەست پێ دەکا.

٨- هیرارشی، زنجیرە پلەی فەرمانڕەواییو فەرمانبردن، کە شاوەك گەورەترین فیۆدال کەوتۆتە سەرەوەی ئەو زنجیرە پلەیەو، پاشان سنیورە گەورەکان (دوکەکانو کێتەکان) هەن. لەخوارەوەی ئەوان گەورە مالیکەکان، سنیورە پلە دووەکانو، لەدوای هەموانیش شوالیەکان هەن.

**قۆناغەکانی پەرەستاندنی مێژووی سەدەکانی نێوەڕاست**

- ئەلف ـ قـۆناغی یەکـەم، لە سـەدەی پێنجەمەوە تا یـازدە
  - ١ـ پێکهاتنی سیستەمی فیۆدالی
  - ٢ـ پەرەگرتنی دەسەڵاتی کەنیسەی کاتۆلیك وەك هێزی سەرەکی لە ئورووپا
- ب ـ قۆنـاغی دووهەم، لە سـەدەی یـازدەهەمەوە تـا پـازدەهەم
  - ١ـ شەڕەکانی خاچپەرستان
  - ٢ـ دۆزینەوە جوغرافیایی یەکان
  - ٣ـ پشکووتنی کۆمەڵگەی فیۆداڵ
  - ٤ـ بوونی حکوومەتە بە هێزەکان
  - ٥ـ راپەڕینە جووتیاری یە بەربڵاوەکان
  - ٦ـ گەشانەوەی شارەکان
  - ٧ـ پەرەگرتنی بازرگانیی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا
- ج ـ قۆناغی سـێهەم، لە سـەدەی پـازدەهەمەوە تـا نیـوەی یەکـەمی سـەدەی حەڤـدەهـەم
  - ١ـ دابەشبوونی فیـۆدالیزمو پێکهاتنی توخمەکانی سەرمایەداری
  - ٢ـ شەڕە جـووتیاری یەکان
  - ٣ـ شۆڕشی بـۆرژوازی





## چوار تـایبە تمەندیی سیستەمی فیودالی:

١)ـ ئابووریی سروشتی باڵادەستە. ٢)ـ بەرهەم هێنان لە ئاستێکی بچووك دایەو هەر لەو کاتەش دا بە پێچەوانەی سیستەمی سەرمایەداری، زەحمەتکێشان لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جیا نین، بەڵکوو لە باری رێکخراوەوە بە ئامرازەکانەوە بەستراونەوە. ٣)ـ چەوساندنەوەی نائابووری سەپێندراوەو، بە پێچەوانەی سەرمایەداری کە زەحمەتکێشان هێزی کاری خۆیان دەفرۆشن، خاوەن مڵکی فیۆدال بە زۆر جووتیار ناچار دەکا بەشێك لەبەرهەمی کارەکەی بدا بەو، یا لەسەر زەویی فیۆدال، بەخۆرایی کاری بۆ بکا (بێگاری بکا)و لە هەر حاڵ دا، بێ ئەملاو ئەولا گوێڕایەڵی خاوەن مڵکە، ٤)ـ بەو هۆیەوە کە بەرهەمهێنان لە ئاستێکی بچووك دایە، تێکنیك زۆر لەخوارەوەیەو سەرەتاییيە.

## مەسیحییەت و کەنیسەی کاتۆلیك:

حەزرەتی مەسیح لە نێو قەومی بەنی ئیسرائیل سەری هەڵداو، ئایینی خۆی راگەیاندو، لایەنگری بۆخۆی پەیدا کردو، پاش ماوەیەك لەخاچ درا. پاش لەخاچدرانی مەسیح چوارکەس لە پەیرەوانی، بەناوەکانی "مەتی، مەرقوس، لوقاو یوحەننا" ژیانو بەسەرهاتو ئامۆژگارییەکانی ئەویان لەنێوان دەیەی ٣٠تا ٩٠ی زایینی دا بەزمانی یونانی نووسییەوەو بەجۆرە ئینجیل بەزمانی یونانی نووسرا.

ئایینی مەسیح، مزگێنیدەری یەکتا پەرستی (پەرستنی تاقە خوایەك) بوو، راگەیەنەری پێوەندیی بابو فەرزەندی لەنێوان خوداوەندو بنیادەمو هەروەها برایەتیی گشتی بوو. پەرستنی خودای تاقانە تایبەت بە چەند توێژێکی دیاریکراو نەبوو، تاکی لەبەستراوەیی شاری، نەتەوەییو رەگەزی

رزگار دەکردو، بەواتایەکی دیکە ئەوی لەدەوڵەتو هەموو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان پێ بەرزتر بوو.

بەڵام زۆری نەخایاند کە نێوەرۆکی دێموکراتیی ئەو ئایینە لەنێو چووو، وەك ئامرازێك بۆ پەرە پێدانو گەشاندنەوەی فیۆدالیزم کەلکی لێ وەرگیرا. لایەنە خۆبەدەستەوەدەرانەکانی پەروەردەی کەنیسەیی بووە هۆی گەندەڵبوونی مەسیحییەتو نەیتوانی ببێ بە ئایینی زەحمەتکێشە رەشو رووتەکانو کۆیلەکان. مەسیحییەت وەك ئامرازی ستەمی چینایەتی، بوو بەپاڵپشتی چینی باڵا دەستو کەوتە ژێر کاریگەریی تاقمە دەست رۆیشتووەکان. بیری قیامەتو دانی بەڵێنی بەهەشت وەك پاداشێك بۆ قەرەبوو کردنەوەی کوێرەوەریو مەینەتییەکانی سەر رووی دنیا، کۆمەڵانی خەڵکی لەخەبات بەدژی خاوەن ملکی فیۆدال سارد دەکردەوەو تێ دەکۆشا تا گیانی ملکەچکردنو گوێرایەڵیی تەواو بۆ ئەربابەکانیان، تێدا بەهێز بکات. کەنیسە، بەهۆی دەسەڵاتی خۆیەوە پاکانەی بۆ سیستەمی کۆمەلایەتیی فیۆدال دەکردو چەوساندنەوەی گەلی بە شتێکی رەوا دەزانی. کەنیسە بەلاساییی کردنەوەی رێکخراوی سیاسیو دامو دەزگای ئیمپراتۆریی رۆم بوو بە خاوەنی زنجیرە پلە (هیرارشی)ی تایبەت بەخۆی.

پاپی رۆم دەسەڵاتداری هەرە سەرووی کەنیسەی کاتۆلیك بوو. پاشان کاردیناڵەکان، ئۆسقۆفەکانو راهیبەکان هەبوون. لەخوارەوەی راهیبەکانیش، قەشەکان هەبوون کە لەگەڵ خەڵك لەپێوەندی دابوون. کەنیسەی کاتۆلیك ملکداری گەورە بوو، پەرستگەی "سێنت ترۆند" لە هولەندو کەنیسەی نۆتردام لە پاریس، گەورەترین خاوەن ملکی فیۆدالی ئورووپا بوون. ئەو دوودامەزراوە دینییە، خاوەنی زەویو زار، رەزو باغ، لێرەوار، لەوەڕگەو مەڕومالات، ئاژەڵو





رەوە ئەسپی یەکجار زۆر بوون. چەوساندنەوەی وەرزێڕانو پیشەوەران، سەرچاوەی سەرەکیی سامانی کەنیسە بوون.

یەکێك لەسەرچاوە گەورەکانی داهاتی پاپ، بازرگانیی "لێخۆشبوونی تاوانەکان" بوو. کەنیسە لەوحی تایبەتی بەناوی "بەخشین" هەبوو. کڕینی ئەم لەوحانە، تاوانباری لە سزای قیامەت رزگار دەکرد. لە هێرشی سەربازیو دەستدرێژکارانەی فیۆدالەکانی ئورووپای رۆژئاوا بۆ سەر مێدیتەرانەی رۆژهەڵات کە لە مێژوو دا بەناوی شەڕەکانی خاچپەرستان بەناوبانگنو بریتین لە ٨شەڕ (لە ١٠٩٦ تا ١٢٨٠ی زایینی) کەنیسە رۆڵێکی کاریگەری هەبوو. کەنیسەی رۆم، بەرواڵەت بەناوی ئازادکردنی گڵکۆی مەسیح لەژێر دەسەڵاتی موسوڵمانان، بەڵام لەراستی دا بۆ داگیرکردنی سەرزەویی زیاترو وەدەستهێنانی سامانو داهاتی پتر، خەڵکی بۆ بەشداریکردن لەو شەڕانەدا هان دەدا. کەنیسە، بەڵێنی دەدا هەرکەس بەشداریی شەڕ بکا خوا لەتاوانەکانی دەبوورێ، هەروەها دەتوانێ هێندێك ئیمتیازی وەك درێژ کردنەوەی ماوەی دانەوەی قەرزەکانیو شتی دیکەی لەم چەشنە بەدەست بێنێ.

هاندەری سەرەکیی جووتیاران بۆ بەشداری لە شەڕی خاچپەرستانە جگە لە پاکبوونەوەی تاوانەکانیان کە بە راسپاردنی پاپ ئەنجام دەدرا، رزگاربوون لە چەوسانەوەی خاوەن ملکە ئورووپاییەکان، بەدەستهێنانی سامانو رزگاری لەهەژاریو نەداری بوو. لەسەر ئەم بنەمایە، هێرشی وەرزێڕان بۆ رۆژهەڵات، لەشێوەی پەلاماری جەنگی چووبووە دەرو بەشێوەی کۆڕەو (کۆچی بە کۆمەڵ)و بێ ئەوەی چەکێکی کاریگەریان پێ بێ، ئەنجام دەدرا. زۆربەی جارانیش بەر لە گەیشتن بە قودس، لەماوەی رێگا بڕین دا، تێدا دەچوون.

شەڕەکانی خاچپەرستان، دەرەتانی ئەوەشی بە بازرگانە ئورووپاییەکان دا کە لەگەڵ بازرگانانی رۆژهەڵات بکەونە دانو ستاندنو گۆڕینەوەی کەلوپەلّ.

## پەروەردەو فێرکردن لەسەدەکانی نێوەراست دا :

پەروەردەو فێرکردن لەسەدەکانی نێوەراست لەخزمەت سیستەمی فیۆدالی دابووو، بۆ وەرزێڕەکان کە پێیان دەگوترا "سێرف"، نەبوو. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە منداڵانی بەتواناى ئەم چینە، بە ئەمری گەورە کاربەدەستانی کەنیسەو بە خۆڕایی دەیانتوانی بچنە قوتابخانە ئایینییەکانو، فێری چۆنیەتیی بانگەشە بۆ کەنیسەی کاتۆلیك دەبوون.

ئامانجی پەروەردە لەم سەردەمەدا، داکۆکی لە مەسیحییەت، پاکانە کردن بۆ فیۆدالیزمو پێکهێنانی ئەو بیرو باوەڕە لەخەڵك دا بوو کە جیاوازیی چینایەتی، ویستی خواوەندەو، مرۆڤ ناتوانێ بیگۆڕێ. لەسەدەکانی نێوەراست دا، قوتابخانەکانی سەر بە کەنیسە گرنگترین ناوەندەکانی فێرکردن بوونو، زۆربەی مامۆستاکان، قەشە بوون.

### ئەلف: قوتابخانەکانی سەر بە کەنیسەو زانستی کۆن:

مەسیحییەت لەسەرەتادا لەگەڵ ئەدەبیاتو فەلسەفەی یونانی کە بایەخی بە کێشە دنیاییەکان دەدا، کەوتە دژایەتی. لەسەدەی دووهەمی زایینییەوە، کەنیسە بۆ بانگەشەی مەسیحییەتو، هەروەها بۆ داکۆکی لە بەرامبەر کەلتوورو شارستانیەتی یونانو رۆمی کۆن، دەستی کرد بە دامەزراندنی قوتابخانە نافەرمییەکان بە مەبەستی پێکهێنانی ئامادەییو پەروەردەی ئایینی. پرۆگرامی خوێندن لەو قوتابخانانەدا جیاواز بوو. قوتابخانە ئامادەییەکان کە لەوان دا ئینجیلو سروودە ئایینییەکان وەك ئەوان دەگوترانەوە، خەڵکیان بۆ قبوولکردنی ئایینی نوێ بانگەواز دەکردو حەوتووی تەنیا چەند کاتژمێر کراوە





بوون. بەڵام جۆری دووهەمی قوتابخانەکان ئامانجێکی بەرزتریان هەبووو خەریکی فێرکردنی ئیلاهیات (خواناسی) و جۆرێکی تایبەتی لە فەلسەفە بوون کە بۆ هەڵسەنگاندنی کێشە ئایینییەکان پێویست بوون. ئەم قوتابخانانە سەنگەری خەباتی فیکری لەگەڵ نەیارانو، داکۆکی لە مەسیحییەت بوون. قوتابخانە ئامادەییەکانو قوتابخانەکانی فێرکردنی ئایینی، چونکە هەردوویان لە خزمەت رێوشوێنە ئایینییەکان دابوون، نەیاندەتوانی رۆڵی قوتابخانەی رەسمیی سەرەتاییو ناوەندی بگێڕن.

بۆ فێرکردنی پرسو بابەتە نائایینییەکان، منداڵانو مێرمنداڵان لە قوتابخانە رۆمیو یونانییەکان دا کە بەهۆی مامۆستایانی مەسیحییەوە بەڕێوە دەچوون، ئامادە دەبوون. بەڵام بەرەبەرە قوتابخانە رۆمیو یونانییەکان، کاریگەریی خۆیان لەدەست دا. پاش دەرچوونی فەرمانی "ژۆستی نین"لە ٥٢٩ی زایینی دا، قوتابخانە نامەسیحییەکان داخرانو، قوتابخانە ئایینییەکان بەتەنیا مانەوە. سەرنج راکێش ئەوەیە مەسیحییەت سەرەڕای خەباتی توندی لەگەڵ کەلتووری یونانو رۆمی کۆن لە سەرەتای پەیدابوونی دا، وردەوردە نەرمیی لەخۆی نواند. سەرەنجام باوکانی رۆحیی کەنیسە، بڕیاریان دا کەڵك لەو بەشە لە روانگەو بۆچوونەکانی فیلسوفانی یونانی وەربگرن کە دەتوانن ببن بە بناغەیەك بۆ سەلماندنی ئیمانی مەسیحی. لێرە دا بوو کە قوتابخانە بەرزەکانی رێزمانو وتاردان، جارێکی دیکە برەویان پەیدا کردو خەریکی پەروەردە کردنی پێشەوایانی ئایینی بوون. زمانی لاتین بوو بە زمانی رەسمیی کەنیسەو، سەرەنجام کەلتووری کلاسیك، بەو وێنا تازەیەی لێیان درووست کردبوو، کەوتە بەر سەرنج.

## ب: رۆڵی خانەقاکان لە پەروەردەو فێرکردن دا:

لە بەرامبەر بایەخدانی پاپەکانو لایەنگرانیان بە کارە دنیاییەکان، ژمارەیەك لە پەیرەوانی ئایینی مەسیحییەت، لەوباوەڕە دا بوون، "زوهد" (تەرکە دنیایی)، پێویستی بە دوورکەوتنەوە لەم دنیا پووچو پڕ تاوانەیە. هەربۆیە هێندێکیان روویان کردە بیابانو، بەشێکیان لە لێڕەوار گیرسانەوەو، تاقمێکیش خۆیان لە کۆمەڵگە تەریك کردەوەو، بە عیبادەتەوە خەریك بوون. لێرەوە خانەقا پەیدا بوو.

دەبێ لەبیرمان بێ کە سەرچاوەی "تەرکە دنیایی" (رهبانیت) وڵاتانی رۆژهەڵات بووە. لە وڵاتی میسر کەسانی گۆشە نشین (تەرکە دنیا) شارەکانیان بەجی دەهێشتو بەتەنیایی لەبیابانەکان دەژیانو بە خواردنی لانیکەمی خۆراك قەناعەتیان دەکردو چێژو خۆشییە جیسمییەکانیان لەخۆیان حەرام دەکرد. لەبەرامبەردا ئازارو سەختییان دەچێژت بۆ ئەوەی نەفسی خۆیان پاك بکەنەوە. تەرکە دنیایی، لەرێگای میسرەوە، لەناوچە جۆراوجۆرەکانی رۆم دا بڵاو بۆوە. بەڵام جیاوازییەکی هەست پێکراو لە نێوان روهبانیەتی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا هەبوو. لەرۆژهەڵات، رۆهبانەکان لەچێژو خۆشیی دنیا دادەبڕانو لە گۆشەیەکی چۆڵەوٚاریش خەریکی بیرکردنەوەو خواپەرستی دەبوون. بەڵام لە رۆژئاوا، روهبانەکان وێڕای بەجێگەیاندنی رێورەسمی عیبادەتو پاککردنەوەی نەفس (ریازەت) لە ژوورێکی تاکەکەسی دا، لەژوورەوەو دەرەوەی خانەقا، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دابین کرد.

یەکێك لە بنیاتنەرانی خانەقا لەرۆژئاوا، "سێنت بەندیکت" بوو کە ساڵی ٥٢٩ی زایینی لەچیای "کاسینۆ" هەڵکەوتوو لەباشووری شاری رۆم، خانەقایەکی کردەوەو هێندێك رێوشوێنی وەك پێڕەوی نێوخۆی خانەقا





دامەزراند کە لە ٧٣ماددە پێك هاتبوو. لە باری پەروەردەو فێرکردنەوە، ماددەی ٤٨ لەهەمووان گرنگتر بوو. چونکە بەگوێرەی ئەو، روهبانەکان دەبوایە رۆژێ لانیکەم ٧کاتژمێر کاری جیسمیو دووسەعات کاری خوێندنەوەو توێژینەوەیان کردبا. بەپێی رێوشوێنەکانی سێنت بەندیکت، ئەو کارانەی بەدەست ئەنجام دەدرانو تایبەت بوون بە کۆیلەکان، لەباری ئایینییەوە جێگای رێز بوون.

زۆر لە پرۆگرامەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵ، وشك کردنی زۆنگاوەکانی ئورووپاو تەختکردنی زەوییە بەپیتو بەرەکەتەکان، بەرهەمی کاری روهبانەکان بوون.

لەگەڵ داخرانی قوتابخانە نامەسیحییەکان، خانەقاکان لەسەدەکانی نێوەراست دا، بوون بە گرنگترین ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن. قوتابخانەکانی سەر بە خانەقا لە دوو بەشی دەرەکیو نێوخۆیی پێك هاتبوون.

قوتابخانە دەرەکییەکان تایبەت بوون بەوکەسانە کە بۆ کۆکردنەوەی زانست روویان تێ دەکردو مەبەستیان گرتنە پێشی ژیانی روهبانیەتو درێژەدان بە خزمەت لە خانەقا نەبوو. بەڵام لەقوتابخانە نێوخۆییەکان دا، روهبانەکان پەروەردە دەکران. لە قوتابخانە نێوخۆییەکانی سەر بەخانەقا، بە زۆری کتێبو کەلوپەلی پێویستی خوێندن، هەر لەنێو خانقاکەدا ئامادەو دابین دەکرا. بەم هۆیەوە کە کتێب بەشی هەمووان نەبوو، مامۆستا لەرووی نامیلکە وانەی دەگوتەوەو قوتابیان دەیاننووسییەوە. هەروەها نووسینەوەو هەڵگرتنەوەی نوسخەی دیکە لەرووی نووسراوەو کتێبەکان، یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی روهبانەکان بوو.

بۆ ژنانی ڕاهیبو تەرکە دنیاش "صومعە"* [9] هەبوون. شێوەی کاری قوتابخانەکانی سەر بە خانەقا وشكو تێکەڵ بە توندوتیژی بوو.

قوتابییەکان زۆرکەم ماوەی پشوودانو حەسانەوەیان پێ دەدرا. لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن دا، بێدەنگیو هێمنی زاڵ بوو.

پشوودانی ڕێکوپێك و درێژخایەن، نەبوو. بەڵام لە جێژنە ئایینییەکان دا، قوتابیان پشوویان دەداو دەحەسانەوە. پرۆگرامی خوێندن، لەسەرەتای دامەزرانی خانەقاکان دا، سەرەتایی بوونو بریتی بوون لە خوێندنەوەو نووسین بەلاتین، ڕێوشوێنو ئامۆژگارییە ئایینییەکانو ئەخلاق، دیاریکردنی کاتوساتی جێژنە ئایینییەکان، سروودەکانی تایبەت بە کەنیسەو، لەبەر کردنی کتێبی پیرۆز. بەڵام پاش سەقامگیرو پتەوبوونی دەسەڵاتی کەنیسە، ٧ ماددەی خوێندنی زانستو ئەدەبیاتی یونان، کە بە هێندێك دەسکارییەوە لە ئیمپراتۆریی ڕۆم دا قبووڵ کرابوو، لە قوتابخانەکانی سەر بە خانەقاش دا دەخوێندران.

**٧ ماددەکانی خوێندن بریتی بوون لە: ڕێزمان، واتاکانی دەربڕین، لۆژیك، بیرکاری، هەندەسە، مۆسیقاو ئەستێرە ناسی.**

فێربوونی زمانی لاتین بۆ منداڵان سەخت بووو، بەسەریان دا سەپابوو. گرینگترین ئامرازی ناچارکردنی منداڵان بە فێربوون، تەمبێی جیسمی بوو.

زۆربەی وێنەکانی تایبەت بە سەدەکانی نێوەڕاست، مامۆستا بە شووڵێکەوە کە بەدەستیەوەیە، پیشان دەدەن. لەم سەردەمەدا، دروشمی "ژیان لەژێر سێبەری شووڵدا" بەواتای "خوێندن لە قوتابخانە"دا بەکار دەهێنرا.

[9] * صومعە، پەرستگە یا دێر کە لە سەر کێو یا شوێنێکی بەرز دروست دەکرێ





منداڵان هەر کە پێیان دەنایە قوتابخانە، لەپێش دا نزای لاتین، پاشان ئەلفوبێو دواتر خوێندنەوەو نووسینیان فێر دەکردن.

## ج ـ کەلتووری نەجیبزادەکانو شارنشینان:

شوالیەکان یا شاسواران کە سوپای سوارەی سەدەکانی نێوەڕاستیان پێك دێنا، خاوەن مڵکانی بچووك بوون کە بەرامبەر وەرگرتنی زەوی لە ئەربابەکانی خۆیان، ناچار بوون خزمەتی سەربازییان بۆ ئەنجام بدەن. ئەم گرووپە، شەڕکردنیان بە شایانی خۆیان دەزانی. گاڵتەیان بەکاری جیسمیو بازرگانی دەکرد، خۆیان لە وەرزێڕانو شارنشینان بەزیاتر دەزانیو، ناوی خۆیان نابوو "نەجیبزادە". پەروەردە کردنی شوالیە، لەماڵەوە ڕا دەستی پێ دەکرد، دایك یا قەشەی خۆجێیی، فێری نزای سادەو بەجێگەیاندنی ئەمری گەورەکانی دەکرد. کاتێك کوڕەکە دەبوو بە ٧ساڵ، بەرێ دەکرا بۆ کۆشکی ئەربابی فیۆداڵو، لەوێ ڕێوشوێنی نەجیبزادەیی فێر دەبوو. ماوەیەك بەناوی نەدیم (هاونشینی) خزمەتی دەکرد. پاشان فێری سواریو هەڵگرتنی چەکیان دەکرد. نەجیبزادەکان ناچار بوون کە نەخوێندەوار بن. نەجیبزادە وێڕای ژیان لە قەڵادا، لە ڕێگای بیستنی ئەو گۆرانیو چیرۆکانەی لەبارەی پاڵەوانەتیی نەجیبزادەکانەوە بوون، لەو تایبەتمەندییانە ئاگادار دەبوو کە پێویستە لەویش دا هەبن. بەهێزیو بوێری، وەفاداری لەئاست سنیۆر، لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی نەجیبزادەکان بوون. فیۆدالەکان زیاتر لەو قەڵا قایمانەدا دەژیان کە لەسەر بەرزاییەك هەڵکەوتبوونو خەندەکیان بەدەوردا کێشابوونو، پردێکی گەڕۆك لەبەینی ئەو قەڵایەو دنیای دەوروبەری هەبوو. دیاریکردنی شوێنو شێوازی دروستکردنی قەڵاکە، بەجۆرێك بوو کە لەکاتی ڕاپەڕینە وەرزێرییەکان یا تێکهەڵچوونی فیۆدالەکان لەگەڵ یەکتردا، جێگایەکی ئەمن بن. شوالیە زیاتر

بەسواری شەڕی دەكردو لە تەنیشت ئەرباب (خاوەن)ەكەی خۆی دەبوو. شوالیە لەكاتی شەڕدا، كڵاوی ئاسنی لەسەر دەناو دەمو چاوی خۆی بەدەمامك دادەپۆشی. زرێی دەكردەبەرو، سپەرو شمشێری هەڵدەگرت. بەمجۆرە نەجیبزادەی فیۆدال كە نوقمی پۆڵا بوو، دەبوو بە قەڵایەكی زیندوو. پەندێكی پێشینیان هەیە دەڵێ: "سەد نەجیبزادە هەزار پیاو دێنن". نەجیبزادەكان لەشەڕی تەن بەتەندا، زۆر بەتواناو پێكراو بوونو، بەبێ ڕەچاوكردنی نەزم، لەمەیدانی شەڕدا هەركام هەوڵی دەدا بچێتە پێش. نەجیبزادەكان ئەدەبیاتی تایبەت بەخۆیان هەبوو. بۆ وێنە داستانە شێعری حەماسیی "رۆلان" كە نەجیبزادەیەكی ئایدیال وێنا دەكا، یا داستانی "تریستان وایزو" كە پڕە لە ستایشی خۆشەویستیو وەفاداری لەرێگای ئەوین دا. شانبەشانی ئەدەبیاتی شوالیەكان، ئەدەبیاتی شارییش بە نێوەرۆكێكی تەواو جیاوازەوە پەرەی گرت. لەنێو شارنشینەكان دا چیرۆكەكانی تایبەت بە ئاژەڵەكان برەویان پەیدا كردو لە ژێرناوی ئاژەڵەكان دا، نەجیبزادەكان، شارنشینەكانو پیاوە ئاییینییەكان وێنا دەكران. بۆ وێنە شێر پادشا بوو، گورگ نەجیبزادە بوو، كەر پاپ بوو، مەبەست لە ڕێوی، كابرای شارنشینی فێڵباز بوو. مەبەست لە ئاژەڵە بچووكە كانیش، جووتیاران بوون. لەو چیرۆكانەدا، ڕێویی فێڵباز كە هەموو فێڵەكانی بێ سزا دەمایەوە، ڕۆڵێكی گەورەی هەبوو. ئەم چیرۆكانە لە فەرانسە لەچیرۆكە شێعرێك لەژێر ناوی "چیرۆكی ڕێوی"دا كۆ كراونەوە. لەچیرۆكی ڕێوی دا، دەرەبەگەكان، پاپەكانو نوێنەرانی ئاییینی ئەوان، گاڵتەیان پێكراوە. بۆ وێنە ڕێوی بەتاوانی دزیكردن لەدار دراوە، بەڵام چونكە بەڵێنی داوە لەشەڕی خاچپەرستان دا بەشداری بكا، لێی دەبوورن. نەجیبزادەكان، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێكرا، زۆربەیان نەخوێندەوار بوون. تەنانەت لە سەرەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی داو لەنێو





شاو ئیمپراتۆرەكانیش دا، زۆركەس هەبوون كە توانای خوێندنەوەیان نەبوو. ئیمپراتۆر هانریی چوارەم بەوهۆیەوە كە بۆخۆی نامەكانی خۆی دەخوێندەوە، ناوی كەوتبووە سەر زارو زمانان. وەرزێڕانو كاسبكارانی شارنشین، هیچ خوێندەوارییان نەبوو، هیچكەسیش لەخەمی خوێندەوار كردنیان دا نەبوو. بەڵام كەنیسە پێویستی بە پیاوانی ئاییینیی خوێندەوار هەبوو بۆ ئەوەی بەقازانجی خۆی بانگەشەی بۆ بكەن, هەروەها ئیمپراتۆرەكانیش پێویستیان بەكەسانی خوێندەوار بۆ ڕاپەراندنی كاروباری خۆیان هەبوو. لەم سەردەمەدا قوتابخانە تایبەتییەكان پێك هاتن. بەڵام كاروباری ئەو قوتابخانانە بەتەواوی لەدەست پیاوە ئاییینییەكان دا بوونو دەست بە قوتابخانە راگەیشتن، تایبەتی ژمارەیەكی كەم بوو.

### د ـ قوتابخانەشارییەكان:

پاش شەڕەكانی خاچپەرستانو، لەگەڵ پەرەگرتنی شارەكانو دانوستانی بازرگانی لە نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا، بازرگانانو كاسبكاران وەك توێژە كۆمەڵایەتییە نوێیەكان لە ئورووپا سەریان هەڵدا. بەرەبەرە كە فیۆدالیزم بەرەو نەمان دەچووو، پێبەپێی ئەویش، كەنیسە دەسەڵاتی خۆی لەدەست دا، ئەم گرووپە نوێیانە دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسا كە لەدەرەوەی دەسەڵاتی كەنیسە قوتابخانە دامەزرێنن.

دامەزراندنی قوتابخانە شارییەكان، سەرەتای گۆڕان لە ڕێكخراوە پەروەردەییەكانی سەدەكانی نێوەڕاست دابوو. لەو قوتابخانانەدا، لە لایەكەوە كێشە دنیاییەكان باس دەكران، لە لایەكی دیكەوە پێوەندیی كەنیسەو كاروباری ئاییینی كەم بۆوە.

**قوتابخانە شارییەکان دووجۆر بوون: جۆری یەکەم ئەو قوتابخانانە بوون کە بەهۆی یەکیەتیی خاوەن پیشەکان (اصناف) پێك هاتن. جۆری دووهەمیش ئەو قوتابخانانە بوون کە بەهۆی کاربەدەستانی شار دامەزران. ئەو قوتابخانانە ٣ تایبەتمەندیی گشتییان هەبوو.**

**یەکەم: خوێندن لەوان دا بۆ هەموان ئازاد بوو. دووهەم، زۆرتر چینی نێوەڕاستی کۆمەڵگای دەگرتەوە. سێهەم: زیاتر خەریکی کاروباری بەکردەوە دەبوو.**

**لەو قوتابخانانەدا، جگە لە خوێندنەوەو نووسینو بیرکاری، کاروباری پێوەندیدار بە بازرگانی وەك دەفتەرداری، ڕاگرتنی حیسێبی بازرگانی، ئارشیڤ، پاراستنی کۆنووسو وتووێژەکان، هاتنە ریزی پرۆگرامی خوێندن. بۆ خەڵکی نەخوێندەوار، زمانی خەڵکی ئاسایی بوو بە زمانی خوێندن. منداڵانی گرووپە ساماندارو دەسترۆیشتووەکانیش بە گوێرەی نەریتی باو، گرنگیان بە زمانی لاتینو حەوت لقەکەی زانستو هونەر دەدا.**

## ٥ـ کاریگەریی زانستو کەلتووری ئیسلامی لە ڕۆژئاوا:

**شارستانەتیی ڕۆژئاوا سێ سەرچاوەی هەبوو: یونانی، مەسیحییەتی ڕۆژهەڵات (عیساییە نەستورییەکان*[10])و کاریگەریی عەرەبەکان.**

[10] * "نەستور"، ئۆسقوفێکی قوستەنتەنیە، پێتەختی ڕۆمی ڕۆژهەڵات یا بیزانس بوو کە دینی مەسیحی لەگەڵ لۆژیكو حیکمەتی یونان گونجاند. بەڵام لەلایەن ئەنجومەنی ئایینییەوە، خۆیو لایەنگرەکانی مەحکووم کرانو لە بیزانس وەدەرنران، مەسیحییە نەستورییەکان، لە سەردەمی قوباد دا هاتنە ئێرانو ئیجازەی مانەوە لە "نوسەیبین"و وانە وتنەوە لە زانستگەی "جوندی شاپوور"یان وەرگرت. لە سەدەی شەشەمی زایینی دا، کتێبە یونانییەکانی تایبەت بە





**کاریگەریی عەرەبەکان بەسەر شارستانەتیی سەدەکانی نێوەڕاست، بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ. عەرەبەکان نەك هەر پاشەکەوتە کەلتوورییە پێشکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتیان بۆ ڕۆژئاوا ڕاگواست، بەڵکوو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ، زانستو هونەر، پزیشکیو فەلسەفەش دا خزمەتیان بە خەڵکی ئورووپا کرد.**

**پێوەندیی کەلتووری ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژئاوا لە سەدەکانی نێوەڕاست، لە دووقۆناغ دا بووە:**

**قۆناغی یەکەم لەگەڵ جێگیر بوونی حکوومەتی ئیسلامی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دا، زۆر بەرهەمی بەنرخ لە زمانەکانی هیندی، ئێرانیو یونانییەوە وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبیو، سامانی کۆمەڵایەتیی عەرەبەکانیش ئەو کۆمەڵەیەی تەکمیل تر کرد. لە قۆناغی دووهەم دا، پاش ئەوەی ئیسلام لە سەدەی دوازدەهەم بەدواوە بەسەر ئیسپانیادا زاڵ بوون، لەڕێگای ئیسپانیاوە، گەنجینەی کەلتووریی ڕۆژهەڵات لە عەرەبییەوە وەرگێڕدرایە سەر لاتینی.**

**بە پێچەوانەی بیرمەندانی کاتۆلیکی ئورووپای ڕۆژئاوا، فەیلەسووفە عەرەبو موسوڵمانەکان، لایەنگری ئەندیشە ماددییەکانی جیهانی کۆن بوون کە دەتوانین وەك نموونە "ئیبن روشد" و "ئیبن سینا" ناو ببەین.**

**بیروڕاکانی "ئیبن روشد" کە "مادە"ی وەك ڕاستییەکی بابەتیو، ئەتۆمەکان (ناوکەکان)ی وەك گەردیلە ماددییەکان سەیر دەکرد، زۆر لە بیروڕاکانی "دێموکراتیوس" نزیك بوون. سەیر لەوە دابوو کە ئیبن روشد پێی**

فەلسەفەو زانستە سروشتییەکانو بیرکاریو پزیشکییان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سریانیو، بیروڕای خۆیان بڵاو کردەوە.

وابوو كه هەموو تاكەكان بێ سەرنجدان بە پلەو پایەو هەڵكەوتی كۆمەڵایەتییان، دەبێ مافی وەك یەكیان هەبێ.

پاشان فەیلەسووفە پێشكەوتنخوازەكانی ئورووپای رۆژئاوا، هزروبیری ئیبن روشدیان وەرگرتو لەگەڵ هەلومەرجی ئابووریو كۆمەڵایەتیی ئورووپا گونجاندیانو لەخەباتی چینایەتی دا كەڵكیان لێ وەرگرت. یەكێك لە پەیرەوانی پێشرەوی ئیبن روشد، "سیگربرا بنیسكی"ی فەرانسەیی بوو كە تیۆرییە ئایدیالۆژییەكانی دژ بە دەرەبەگایەتیی بنیات نا.

**و- میتۆدی سكۆلاستیك:**

لەسەدەی یازدە تا پازدەی زایینییەوە، لە وانە وتنەوەو خوێندنو بیركردنەوە دا كەلك لە میتۆدی سكۆلاستیك وەرگیرا. ئامانجی سەرەكیی ئەو قوتابخانەیە، سەلماندنی بەحەقبوونی كەنیسەی كاتۆلیك بوو. لەو سەردەمە، لە نێو هێندێكیان دا، گومان بەرامبەر ئامۆژگاریو رێوشوێنەكانی كەنیسە دروست بوو، بەتایبەتی دوای شەڕەكانی خاچپەرستانو، ئاشنا بوونی ئورووپاییەكان لەگەڵ كەلتووری رۆژهەلات، بێ بڕوایی خەڵك بەرامبەر كەنیسەی كاتۆلیك زیاتر بوو.

پیاوە ئایینییەكانو گەورە گەورەكانی ئایینی مەسیح، بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ ئەمجۆرە بیروباوەڕە نوێباوانە، جگە لە بەكارهێنانی زۆرو ئەشكەنجەو پشكنینی بیروباوەر (ئەنگیزاسیۆن)ی رووناكبیران، هەوڵیان دا بە بەڵگاندن، داكۆكی لە ئایینی مەسیح بكەن. لەئاكام دا میتۆدی سكۆلاستیك پێك هاتو ئامانجەكەشی ئەوە بوو كە عەقڵو بەڵگاندن بۆ خزمەتی ئایینی كەلكیان لێ وەربگیرێو، هەرچەشنە گومانو دوودڵییەك بە بەڵگەو دەلیل وەڵامی بدرێتەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە: یەكەم، قوتابییانیان فێر دەكرد كە بین بە خاوەنی توانای





باسكردنو بەڵگاندنو، بیروباوەڕە ئایینییەكانیان بە لۆژیك بسەلمێنن، داواكانی لایەنی بەرامبەریان بە بەڵگە رەت بكەنەوە، بێئەوەی گومان لە بنەماو بناغەی دین بكرێ.

**ز- زانكۆكان:**

لەگەڵ لاواز بوونی كەنیسەی كاتۆلیكو، پەرەگرتنی شارەكانو گەشەی بازرگانی، جۆراوجۆریی زیاتر لە قوتابخانەكان دا پێك هات. هەروا كە گوترا، قوتابخانە شارییەكان بەرەبەرە خۆیان لە ژێر كاریگەریی كەنیسە رزگار كرد. دامەزرانی قوتابخانە زانكۆییەكان یەكێك لە رووداوە گرنگەكانی سەدەكانی نێوەڕاستە. ئەو قوتابخانانە ئەگەرچی لە سەرەتادا بە تەواوی پەیرەوی ئامۆژگاریو رێوشوێنەكانی كەنیسەی كاتۆلیك بوون، بەڵام بەرەبەرە توانیان دەسەڵات پەیدا بكەنو بین بە خاوەنی جۆرێك سەربەخۆیی. پاڵنەری سەرەكیو سەرەتایی دامەزرانی زانكۆ لە سەدەكانی نێوەڕاست دا ئەوە بوو كە بۆ هەڵبژاردنی كاروباری كەنیسە یا خەریكبوون بە پیشەكانی دادوەریو پارێزەری (ماف)، پزیشكیو هێندێك كاری دیكە كە زانیاریی زیاتریان پێویست بوو، جگە لە هێندێك قوتابخانە كە زۆر پەرەیان گرتبوو، شوێنێكی دیكە بۆ خوێندن نەبوو. هەر ئەمە بوو بە دەستپێكی ئەو زانكۆ بەناوبانگانە كە بە هاوكاریی شارەوانییەكان، فەرمانبەرانو كۆمەڵێك لە قوتابییانو مامۆستایان، لەسەرانسەری ئورووپا پێك هاتن.

هەر زانكۆیەك، تایبەت بوو بە لقێكی خوێندن. بۆ نموونە "مۆنت پلیە" (ئیتالیا) بۆ پزیشكیو "بولونی" بۆ ماف تەرخان كرابوون. كەم زانكۆ ئەوەندە گشتگیرو كامڵ بوون كە هەرچوار كۆلیژی هونەرەكان، مافەكانو رێوشوێنە ئایینییەكان، پزیشكیو خودا ناسییان هەبێ.

یەکەم دامەزراوی زانکۆیی لەسەدەی دوازدەهەمی زایینی دا لەشاری ئیتالیایی "بولونی" بنیات نرا. لەو زانکۆیەدا بۆماوەیەکی زۆر توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ماف بایەخیان پێ دەدراو، لەبەر هەڵکەوتی گونجاوی شار، زانایانو مافناسانی هەڵکەوتە لەوی نیشتەجێ بوونو، بە لێکدانەوەی مافە مەدەنییەکانی خەڵکی شارەکانی ئیتالیاو بە پاراستنی ئازادییە تاکەکەسییەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری دا، خەریك بوون. لە بەڕێوەبردنی ئەو زانکۆیەدا، خوێندکاران دەستیان زۆر ئاوەڵا بوو.

لە پاریسیش قوتابخانەی ئایینیی سەر بە کەنیسەی نوتێردام، ناوەندی باسو دیالۆگ لەبارەی کێشە ئایینییەکان یا حیکمەتی ئیلاهی (تیۆلۆژی) بوو. کەنیسە, حیکمەتی ئیلاهیی لەهەموو زانستەکان پێ بەرزتر بوو. بەبڕوای زانایانی ئەوکات، زانست تەنیاوتەنیا خزمەتکاری ئیلاهیات بوو. لەتەنیشت ئەو جۆرە پەروەردەیە، خەبات لە پێناوی ئازادیی بیروڕاش دا درێژەی هەبووو، نووسینەکانی ژمارەیەك لە زانا ئایینییەکانی وەك "ئیبلارد" لەو خەباتەدا، کاریگەر بوو.

"ئیبلارد" خاوەنی کتێبی "بەڵێ یا نا"، لەو باوەڕەدا بوو کە خوێندن دەبێ هزرو بیر بەهێز بکا. بۆ ئەم مەبەستە، دەبێ لەسەرەتادا لە هەمبەر کاروبارەکان، گومان لەزەینی مرۆڤ دا بخولقێ، پاشان بۆ ڕەواندنەوە یا روونبوونەوەی ئەو گومانە توێژینەوە بکری تا راستییەکە دەربکەوێ.

لەزانکۆی پاریسیش لەئاکامی پێوەندیی ئایینی لەگەڵ کەنیسەی نوتێردام دا، دەسەڵاتو ئیختیاری بەڕێوەبردنی زانکۆ بە مامۆستایان سپێردرا بوو.

زانکۆکانی سەدەکانی نێوەڕاست کە بە شێوەیەکی قانوونی دانیان پێدانرابوو، یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆیان هەبووو، هیچ چاوەدێرییەکیان





لەدەرەوەی زانکۆ قبووڵ نەدەکرد. واتە خاوەنی کەسایەتیی حوقووقی بوونو، ئازادیی تایبەت بەخۆیان هەبوو. وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بەمافی ئازادی لە بەڕێوەبەرێتیی زانکۆدا ناوببەین. خوێندکاران دەبوایە یاساکانی زانکۆیان بەڕێوە بردبا. زانکۆکان مافی ئەوەیان هەبوو کەسانی سەرپێچیکەر بانگ بکەنو لێی بکۆڵنەوەو تەمبێی بکەن. بڕیار بەدەستانی کاروباری شار، لەسەریان بوو لەگەڵ زانکۆ هاوکاری بکەن. ئەو کاتانەی لەنێوان زانکۆو بڕیار بەدەستانی شار، ناکۆکی دروست دەبوو، ئەگەر ڕەزامەندیی زانکۆ دابین نەکرابایە، ئاکامەکەی زۆرتر بەو بارەدا دەشکایەوە کە زانکۆ دەیگواستەوە بۆ شوێنێکی دیکەو بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆی، پشتی بە دەسەڵاتە سیاسی یا ئایینییە خۆجێییەکانی دیکە دەبەست.

زانکۆکان ئەو مافەیان هەبوو هەر مامۆستایەکی پێویستیانە هەڵی بژێرنو، بڕوانامەی جۆراوجۆری خوێندن بدەنە خوێندکاران. ئەم مافە بوو بە هۆی ئەوە کە زانکۆکان لە چلۆنایەتیی دامەزراندنی مامۆستا، چۆنیەتیی دارشتنی پرۆگرامی خوێندنو مەرجەکانی بەخشینی بڕوانامەی زانستی، ئازادیی کردەوە کە یەکێك لە بنەرەتیترین ئەرکەکانی زانکۆیە، وەدەست بێنن.

زمانی فەرمیی زانکۆکانی سەدەکانی نێوەراست، زمانی لاتین بوو. پلە زانستییەکانی زانکۆکان لەسەدەکانی نێوەراست دا بریتی بوون لە "باشلیە"، "لیسانس"و دوکتور کە تائێستاش هەر باون.

بێجگە لە زانکۆکانی بولونی، پاریسو ئاکسفۆرد کە لە سەدەی دوازدەیەم دا دامەزران، تا سەدەی پازدەیەم، ژمارەی زانکۆکان گەیشتە هەشتا، کە وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بە زانکۆ بەناوبانگەکانی وەك "کێمبریج"، "پراگ"، "ڤییەنا"، "کراکو"و لیسبۆن بکەین.

میتۆدی فێربوون لە پۆلەكانی وانە خوێندن لەزانكۆكان دا، بەزۆری ٣ قۆناغی هەبوو:

١ـ قۆناغی قسەكردنو هێنانەگۆڕی بابەتەكان لەلایەن مامۆستاوە كە جلوبەرگی ڕەشی لەبەر دەكردو كڵاوی تایبەتیی لەسەردەناو، بە نووسینو بەدەم (شفوی) خوێندكارانی فێر دەكرد.

٢ـ قۆناغی دووپات كردنەوە.

٣ـ قۆناغی بەشداریی خوێندكاران. قۆناغی گفتوگۆی نێوان دوو خوێندكار لەسەر بابەتێكی دیاریكراو كە لە ژێر سەرپەرستیی مامۆستا دا بەڕێوە دەچووو، بەوپەڕی گەرمو گوڕییەوەو، زۆرجاریش تێكەڵ لەگەڵ مشتومڕدا ئەنجام دەدرا.

بەگشتی، فێربوون لە زانكۆكان، لەكەش‌وهەوایەكی وشكو ناخۆش دا بەڕێوە دەچوو. هەموو شتێك بەدەسەڵاتو ئیختیاری مامۆستاوە بەند بوو كە ئەمەش لە هەلومەرجی كۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەوە سەرچاوەی دەگرت. مامۆستا لە سەر كورسی دادەنیشت، هێندێك جار لەپشت مێزی نووسینەوە، یا لە سەر مینبەر، قسەی بۆ خوێندكاران دەكرد. خوێندكارانیش لە سەر زەوی دادەنیشتن. كتێب، كەم بووو لەبەر نرخی گرانی، زۆربەی خوێندكاران ئاواتی هەبوونی كتێبێكیان بۆ نەدەهاتە دی. بۆیە ناچار بوون لە رووی قسەكانی مامۆستاوە یادداشت هەڵبگرنەوە، هێندێك لەبابەتەكانیشیان لەبەر دەكرد. مامۆستاكان زۆر بە كەمی داهێنانیان دەكردو زۆرتر بە شیكردنەوەو لێكدانەوە خەریك بوون. بەو حاڵەش زانكۆكانی سەدەكانی نێوەڕاست كتێبو بەرهەمی جۆراوجۆریان لە بوارە جۆراوجۆرەكان دا، دانا. لەهەمووی ئەمانە گرنگتر، وردە وردە پەنا بردن بۆ عەقڵ، جێگای بەكار هێنانی دەسەڵاتو زۆری گرتەوەو، ژمارەیەكی زۆر لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ژیانەوەی كەلتووریی ئورووپای پێ گەیاند.





**بەشی یەكەم / فەسڵی شەشەم**

# سەردەمی ڕێنێسانس

## ١ـ پەیدابوونی كەلتووری بۆرژوازیو، جیاوازییەكانی لەگەڵ كەلتووری فیۆدال كەنیسەیی:

سەدەی پازدەیەم لە ئیتالیاو هێندێك ناوچەی دیكەی ئورووپا، كاتی سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری، شانبەشانی پاراستنو مانەوەی دەسەڵاتی مڵكدارەتییە. سەرهەڵدانی ئەو سیستەمە، ئاكامی زۆر گۆڕانی گەورە بوو كە لە بەرهەمهێنانی پیشەسازیو پێكهاتەی كۆمەڵایەتی ـ ئابووری دا روویان دابوو. وێڕای ئەم گۆڕانانە، جۆرێكی دیكە لە كەلتووری كۆمەڵایەتی پەیدا بوو كە لە مێژووی ڕابردووی مرۆڤایەتی دا نەبینرا بوو.

نوێنەرانی كەلتووری سەرەتایی بۆرژوازی، لەسەریەك رووناكبیرانی ناكەنیسەیی بوونو، قوتابخانەیەكیان پێك هێنا كە بە هیومانیزم (مرۆڤگەری) ناودێر كراوە. ئەم كەلتوورە لەگەڵ كەلتووری پێشووی فیۆدال ـ كەنیسەیی لە دژایەتی دا بوو. كەلتووری مرۆڤگەری سەبارەت بە بەرینی، قووڵاییو دەسكەوتەكانی لەبوارە جۆراوجۆرەكانی زانستی مرۆیی دا، زۆری بەسەر كەلتووری فیۆدال ـ كەنیسەییەوە هەبوو كە هێشتا بەسەر زۆر كۆمەڵگەی ئورووپایی دا زاڵ بوو. كەلكوەرگرتنی بەرینی كەلتووری مرۆڤگەری لە میراتی كەلتووریی پێشوو (یونانو رۆمی كۆن)، گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم كەلتوورە نوییە بوو. ناوێكیش كە ئەم كەلتوورە لە هەموو جیهان دا پێی دەناسرێتەوە، ڕێنێسانس، واتە كەلتووری ژیانەوە، هەر لەم تایبەتمەندییەوە، سەرچاوە دەگرێ.

سەردەمی لەدایکبوونەوەی دووبارە لەسەدەی پازدەیەم دا، بە ژیانەوەی زانستو ئەدەب لە ئیتالیا دا دەستی پێکرد. پاشان بوو بە هۆی چاکسازیی کۆمەلاّیەتیو ئایینی لە سەدەی شازدەیەم داو، سەرئەنجام بزووتنەوە زانستییەکانی سەدەی حەڤدەهەمی لێ کەوتەوە. سەردەمی رێنێسانس لەگەڵ سەردەمی پێشتری خۆی واتە سەدەکانی نێوەراست، هێندێك جیاوازیی دیکەشی هەن کە گرنگترینیان بریتین لە:

١ـ لە سەدەکانی نێوەراست دا، وەسەریەکنانی زانست تایبەت بوو بە فێرخوازانی ئایینیو، ئامانجی گەورە لە فێربوونی زانستو وەدەستهێنانی کەماڵ بریتی بوو لە سەلماندنی بەحەقبوونی بنەماکانی ئایینو، گونجاندنی ئەوان لەگەڵ ئەو یاساوبڕیارانە دا کە سەرچاوەکەیان عەقڵە. بەڵام لەسەردەمی رێنێسانس دا، لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە سنووری باسە ئایینییەکان دەرچوون. تەنیا دۆزینەوەی حەقیقەتە ئایینییەکان، ئامانجی سەرەکیی پەروەردەو فێرکردن نەبوو. چونکە بورژوازیی تازە پێهەڵگرتووش بۆ گەشەسەندنی پیشەسازی، پێویستیی بەزانستێك هەبوو کە لێکۆڵینەوە لەسەر هێزەکانی سروشت بکا. هەروەها پەنابردن بۆ تاقیکردنەوەو ئەزموون، بوو بەهۆی زۆر دۆزینەوەی گرنگی زانستی.

٢ـ لەسەدەکانی نێوەراست دا، پەروەردەی کەنیسەیی، فێرخوازی فێری "ریازەت کشی" (خاوێنکردنەوەی نەفس) دەکرد، سووکایەتی بەکەسایەتی مرۆڤ دەکردو خەڵك وا تێ دەگەیەنرا کە ئەم دنیایە جێگای بەجێهێنانی رێوشوێنە ئایینییەکانە بەمەبەستی رزگاربوون لەوجیهانە. بەڵام لەسەردەمی رێنێسانس دا، بۆ پەروەردە ئامانجێکی دیکە پەیدا بوو: حەز کردن لەژیانو خۆشی لەم جیهانەدا. ناسینی قەدری جوانی, جێگای بایەخدانی بەردەوام بە





رۆژی قیامەتی گرتەوە. مندالّ بوو بە ناوەندی سەرەکیی چالاکییە فێرخوازییەکانو، پەروەردەی نوێ، لەجیاتی ئەوەی پتر پشت بە ئیلاهیات (خواناسی) ببەستێ، لەسەر بناغەی دەروونناسیو زیندەوەر ناسی دامەزرا.

## ٢- توێژینەوەی کەلتووری لە ئیتالیا

لە باری پەروەردەوفێرکردنەوە، گرنگترین تایبەتمەندیی سەردەمی رێنێسانس، چاوپێداخشاندنەوەی هونەرەکانو ئەدەبیاتی کۆنو پێکهاتنی بزووتنەوەی توێژینەوەی کەلتوورییە. توێژینەوەی کەلتووری بەو قوتابخانە فکرییە دەگوترێ کە لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی بیرو ئەندیشەی خولّقاوی زانایانو نووسەرانی گەورە، لە هەر زانستێکی دیکە بە گرنگتر دەزانێ.

توێژەرانی کەلتووری لە ئیتالیا لەسەدەی چواردەیەم دا، بەرهەمە ئەدەبییەکانی یونانو رۆمی کۆنیان لەباری جوانیی فۆرمو دەولّەمەند بوونی نێوەرۆكو واتا بە شتێکی بێوێنە دەزانیو بەگەرمو گوڕییەوە خەریکی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیان بوون. کتێبە دەستنووسەکانیان کۆ دەکردەوەو بلاّویان کردنەوە. هەرکە سەنعەتی چاپ داهێنرا، ئەوکتێبانە چاپو بلاّو بوونەوە. ئەم هەنگاوە دژکردەوەیەك بوو بەرامبەر بە زالّبوونی دەسەلاّتی کەنیسەی سەدەکانی نێوەراست، کە بەرهەمەکانی یونانو رۆمی کۆن بەتایبەتی بەرهەمە هونەریو ئەدەبییەکانیان مەحکووم دەکردو، پێشی بلاّوبوونەوەیان دەگرتنو، هەرچەشنە بیرکردنەوەیەکی ئازادانەیان بەتوندی سەرکوت دەکرد.

خالّێکی گرنگ کە دەبێ وەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە رێنیساس وەك گۆڕانە فکریو کۆمەلاّیەتییەکانی دیکەی جیهان، مرۆڤی نوێی درووست کرد کە نوخبە (هەلّبژاردە)کانیان چ ئەوانەی لەباری هزرو چ ئەوانەی لەباری کردەوە مەبەستمانە، کاریگەرییەکی بەرینیان هەبوو. بۆ نموونە دانتە کە شاعیرێکی

بەتواناو فەیلەسووفێکی بیرمەند بوو. لیۆناردۆ داوینچیو رافائێل، حەزو ئۆگریی جۆراوجۆریان هەبووو لە زۆربەی هونەرو تێکنیکەکانی سەردەمی خۆیان دا مامۆستا بوون.

دانتە لەکتێبی "کۆمێدیای ئیلاهی"دا، باوەڕە ئایینییەکانی سەدەکانی نێوەراست دووپات دەکاتەوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا هێڵی تازە کە بەرهەمی هەلومەرجی نوێی ژیان لەئیتالیا دان، لەکتێبەکەی دا رەنگیان داوەتەوەو، دژی باوەڕە وشکە کەنیسەییەکانو، لایەنگریی لە ئازادیی هەست، نوێخوازیی رۆحو حەزی ناسینی جیهان دەکەن.

## ٣ـ بیروڕا پەروەردەییەکانی توێژەرانی کەلتوور:

یەکەم بیرمەندی توێژەرەوەی کەلتوور کە لە بواری پەروەردەوفێرکردن دا، بیروڕای خۆی دەربڕیوە "وەرگریوس"ە کە یەکێك لەمامۆستایانی زانکۆ لە ئیتالیا بوو. وەرگریوس ریسالەیەکی لەبارەی "چۆنیەتیی پەروەردە کردنی زانایان" نووسی کە بوو بە ڕێنوێنی زۆر لە هاوبیروڕاکانی. ئەم زانایە تێ دەکۆشا لە نێوان زانستی کۆنو ئایینی مەسیح رێککەوتنێك دروست بکا.

پێناسەی "وەرگریوس" لەبارەی فێرکردنی زاناکان ئەوەیە: ئێمە ئەو توێژینەوانە بە شایانی زاناکان دەزانین کە شیاوی مرۆڤی سەربەستو فرەزان بنو، لەفێر بوونی زانستو تایبەتمەندییە بەرزەکانو رەچاو کردنی ئەوان لەژیان دا، یارمەتیی بدەنو، بن بەهۆی پەروەردە کردنی نیعمەتە بەنرخەکانی لەشو گیان کە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی شەرافەتمەندن. بەباوەڕی ئەو مرۆڤە بیرمەندە، پەروەردە دەبێ لە ساڵەکانی یەکەمی ژیانەوە دەست پێ بکا، چونکە فێربوون لەو ساڵانەدا کە تەمەنی مرۆڤ بەرەو سەر دەچێ، بەزەحمەتە. فێرخوازان دەبێ فێری خوێندنەوەو نووسین بنو بتوانن بە رەوانیو پاراوی بدوێن.





وەرگریوس باوەڕی بە جیاوازیی تاکەکان هەبووو، رەچاو کردنی ئەم جیاوازییانەی لەفێربوون دا بە پێویست دەزانی.

توێژەرانی کەلتوور هەنگاوی جیددییان لە بواری پەروەردەو فێرکردنی کچان دا هاویشتو رێگەیان بەوان دا بێنە سەر پۆلەکانی وانە خوێندنو، بۆ پەروەردەو فێرکردنی بەتەواویی خاتوونی مەسیحی، رێوشوێنی سەرنجراکێشیان نووسی. ئەوان، پەروەردە کردنی لەشوگیانو رازاندنەوەی بە ئەخلاقی مەسیحیو، ئامادەکردنی هاووڵاتانیان بە ئامانجی بنەڕەتیی پەروەردەو فێرکردن دانا. ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە لە ئیتالیا، بەکردەوە جۆرێك پەروەردەی ئەشرافییانە (ئەریستوکراتانە)ی پێك هێنا، بەڵام دواتر خەڵك دەرەتانی ئەوەیان بۆ پێك هات کە لەرێگای خەباتی کۆمەڵایەتییەوە، دەسکەوتی زیاتر لەبواری پەروەردەوفێرکردن دا وەدەست بێنن.

## ٤ـ رێفۆرمخوازانی ئایینیو کۆمەڵایەتی لە ئورووپا:

ئۆگریی توێژەرانی کەلتوور بەخوێندنەوەی بەرهەمە کۆنەکانی رێفۆرمخوازانی ئایینی، ئەوانی هان دا روو بکەنەوە خوێندنەوەی ئینجیل، بەتایبەتی دەقە تەواوو قەدیمییەکەی. ئاکامی کارەکە بوو بەهۆی ئەوە کە بزووتنەوەی چاکسازیی ئایین لە سنووری خوێندنەوەی بەرهەمە کۆنەکانو، لەشێوەی خەباتی کۆمەڵایەتی دا خۆی بنوێنێ. ئەم خەباتە نەك هەر بوو بەهۆی سەرهەڵدانی مەزهەبی پرۆتستان، بەڵکوو لێك جیابوونەوەی ئایینو سیاسەتیشی بەدواوە بوو. پیاوە ئایینییە مەسیحییەکان، دەستیان لەکاروباری حکوومەتی تازە کورت کرایەوە.

**ئەلف ـ ئاراسموس ( ١٤٦٦ـ ١٥٣٦ ):**

هیۆمانیستو زمانناسی بەناوبانگی هولەندی، لەداشۆرینناماەی "لە پەسنی گەمژەیی دا" وانەبێژانو قەشەکان، ئۆسقۆفەکان، کاردینالەکانو نوێنەرانی دیکەی "گەنداو" دەداتە بەر هێرش. ئەم بەرهەمە چەند ساڵ بەر لە پەیدابوونی بزووتنەوەی چاکسازیی ئایین لە ئورووپای ڕۆژئاوا بلاو بۆوەو بواری بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە خۆش کرد. ئاراسموس مرۆڤێکی ئایینی بوو، بەلام ئایینی فەرمیی کەنیسەو ڕێوشوێنە ئالۆزەکانی ئەوی قەبووڵ نەبوو، ئینجیلی بەگەورەترین بەڵگەی ئەخلاقی مەسیحی دەزانی کە لەگەڵ ڕەوتی سروشتیی ژیانی ئینسان، دەگونجێ.

سووکایەتی بەمرۆڤو سەرکوتی حەزو ئارەزووە ئاساییەکانی ئینسانی ڕەت دەکردەوەو بانگەشە بۆ ژیانێکی زاهیدانەی بە زیانبار دەزانی. ئاراسموس، شوێنی دانایە سەر زۆر لە هیۆمانیستەکانی سەدەی شازدەیەمو ئەوانی بۆ دابڕانو دوور کەوتنەوە لە جیهان بینیی کەللەوشکانەو بەرچاو تەنگانەی مەزهەبە دەسەلاتدارەکان هان داو، ڕێگای بۆ سەرکەوتنی بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکان کردەوە. ریفۆرمخوازەکان کە لە ژێر ڕێبەریی مارتین لوتێرو ژان کالۆن کۆ ببوونەوە، لەلایەن کەنیسەی کاتۆلیکەوە کە دژایەتی لەگەڵ هەرچەشنە ئازادیی بیرکردنەوەو نوێخوازیی کرد بوو بە سیاسەتی خۆی، بەدژە ریفۆرم ناودێر کران.

**ب ـ لوتێر ( ١٤٨٣ـ ١٥٤٦ )**

مامۆستای زانکۆی "ویتنبێرگ" کە شوێنو کاریگەریی دانایە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی مەعنەویی ئەلمان لەسەدەکانی شازدەو حەڤدەی زایین دا، بە فەرمی ڕەخنەی لە ڕەسەنایەتیی مەقامی پاپ گرتو بناغەی مەزهەبی





پرۆتستانی دانا. ساڵی ١٥١٧ کورتەی نارەزایەتییەکانی خۆی چاپو بلاو کردەوە. بیروڕاکانی بەخێرایی بلاو بوونەوەو ژمارەیەکی زۆر لایەنگرو نەیاریان بۆ پەیدا بووو، بوون بە هەوێنی قسەوباسو گفتوگۆ. لوتێر ئەم قسەیەی ڕەت کردەوە کە کەنیسەو کۆمەڵەی پیاوە ئایینییەکان، ئاڵقەی پێوەندیی نێوان مرۆڤو خودان. لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە ڕزگاریی مرۆڤ نەبەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکان، بەڵکوو بە پاکیوخاوێنیی ئیمانی ئەوەوە بەندە. هەروەها دەیگوت حەقیقەتی ئایین لەسەر نەریتی پیرۆز (زنجیرە پلەی کەنیسەیی) بنیات نەنراوەو، تەنیا ئینجیل دەربڕی ئەم حەقیقەتەیە. ئەم بۆچوونو باوەڕانە، دژایەتیی نێوان جیهانبینیی بۆرژوازیی تازە پێ هەڵگرتووی ئەوکات لەلایەکو جیهانبینیی دەرەبەگایەتی ـ کەنیسەیی لەلایەکی دیکەوە پیشان دەدا. لوتێر، هەر لەوکاتەدا لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەدا نەبوو کە داخوازی شارنشینانی ئەڵمانی بوون، بیردۆزەی قانوونی سروشتیی قبووڵ نەبووو، بیروڕا هیومانیستییەکانی بۆرژوازیی تازە پێ هەڵگرتووو، بنەماکانی بازرگانیی ئازادی ڕەت دەکردنەوە. لە شەڕی گەورەی وەرزێڕان (١٥٢٥)دا، لوتێر پشتیوانی چینی دەسەلاتدار بووو، پشتی ئەوانی گرت.

ئەگەرچی لوتێر زۆرتر بایەخی دەدا بە پەروەردە کردنی ڕێبەرانی ئایینی، بەلام یارمەتیی بە بەرەو پێشچوونی پەروەردەو فێرکردنی کۆمەلانی خەڵکیش کرد. بۆ وێنە پێشنیازی کرد کە دەوڵەت دەبێ تێچووی پەروەردەوفێرکردن بگرێتە ئەستۆ. دەزگای پەروەردە کە داواکراوو دڵخوازی لوتێر بوو، بەم جۆرە بوو:

١ـ قوتابخانەی سەرەتایی، کە بۆ جەماوەری خەڵک بەگشتییەو، خوێندن لەو قوتابخانەیە دەبێ بەزمانی زگماکی بێ. ماددەکانی خوێندنی بریتین لە:

خوێندنەوەو نووسین، وەرزش، مۆسیقا، فەرمانە ئایینییەکانو فێربوونی پیشەیەکی کردەکی (بەکردەوە)، هەم کچانو هەم کوڕان لەسەریانە لەو قوتابخانە دا ئامادە بن.

**٢ـ قوتابخانەی ناوەندی:** لوتێر بایەخێکی زۆر بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن دادەنێو دەڵێ ئەم قوتابخانانە بۆ پێگەیاندنی ئەو کەسانەی دەیانەوێ ببنە پیاوی ئایینی، پێویستن. پرۆگرامی ئەو قوتابخانانە بریتییە لە فێربوونی زمانەکانی لاتین، یونانیو، عیبری، واتاکانی دەربڕین (معانی بیان)، مونازەرە (پێکەوە گفتوگۆکردن لەسەر شتێك)، مێژوو، زانستەکان، بیرکاریو مۆسیقا.

**٣ـ زانکۆ:** لە روانگەی لوتێرەوە زانکۆ تایبەت بوو بە پەروەردەکردنی قەشەکانو کارمەندانو کاربەدەستانی پایەبەرزی کەنیسەو رێکخراوە دەوڵەتییەکان.

**ج ـ ژان کالۆن (١٥٠٩ـ١٥٤٦)،**

قەشەی فرەزانو رووناکبیری سویسی کە لە ئەدەبیاتو مافو حیکمەتی ئیلاهی دا، زۆری پێ بوو. کالۆنیزم دەیگوت رزگاریی تاقمێكو عەزابی تاقمێکی دیکە، چارەنووسێکە کە خوداوەند بڕیاری لەسەرداوەو، جێبەجێکردنی کاروباری ئایینیو رێوشوێنەکانی کەنیسە، بۆ رزگاریی ئەوان، بەس نیە. بەڵام بەوهۆیەوە کە مرۆڤ چارەنووسی خۆی نازانێ، بە ژیانی تاکەکەسیی خۆی دەتوانێ بیسەلمێنێ کە یەکێك لە بەندە هەڵبژاردەکانی خواوەندە. کالۆنیزم پاکانەی بۆ کاروکردەوەی بازرگانانو داواکانی ئەوان لە سەرەتای سەردەمی کۆبوونەوەی سەرمایەدا دەکرد، خاکەراییو رەزامەندیو ژیانی زاهیدانەی بە گەورەترین فەزیلەت (بەرزێتی) دادەناو، بیروبۆچوونی ئایینەکانی دیکەی





بەتوندی رەت دەکردەوە. هەربۆیە لەسەر فەرمانی کالۆن، ساڵی ١٥٥٣، "میش سروە"یان ئاگردا.

کالۆن ساڵی ١٥٣٨ لەسەر بانگهێشتنی کاربەدەستانی ژنێڤ، گەڵاڵەیەکی بۆ نوێکردنەوەی رێکخراوی کەلتووریو ئایینی پێشکێش کرد. بە بۆچوونی کالۆن، فێرکردنی سەرەتایی دەبێ بەزمانی زگماکی بێو جگە لە خوێندنەوەو نووسین، فێرکردنی بابەتە ئەخلاقییەکانو بنچینەو یاسا ئایینییەکان دەبێ بایەخیان پێ بدرێ. لە گەڵاڵەیەکی دیکە، ئاماژە بە رێکخراوی قوتابخانە ناوەندییەکان دەکاو بە "کالێژ" ناویان دەبا. بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە، لە ژنێڤ قوتابخانەیەکی کردەوە کە ٧ پۆلی هەبووو، لەوانو لە کۆلێژە هاوشێوەکان دا، زمانەکانی لاتینو یونانیو واتاکانی دەربڕین وەك وانە دەگوترانەوە.

بزووتنەوەی چاکسازیی ئایین، جگە لەوەی پەروەردەو فێرکردنی لە ژێر دەسەڵاتی کەنیسە هێنایە دەر، لە نێوەرۆكو شێوازو چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانیش دا هێندێك گۆڕانی پێك هێنا. بۆوێنە ڕایسپارد کە یەکەم، خوێندنی سەرەتایی دەبێ بۆ هەموو خەڵك بێو بواری بۆ فێربوونی زۆرەملی پێك هێنا. دووهەم، لەقوتابخانەی سەرەتایی دا، خوێندن بە زمانی زگماکی دەبێ جێگای خوێندن بە زمانی لاتین بگرێتەوە.

### ٥ـ کۆلیژە یەسوعییەکان

بزووتنەوەی دینیی پرۆتستانەکان، لەگەڵ دژکردەوەی کاتۆلیکەکان بەرەوڕوو بوو. گرووپێك بەناوی "یەسوعی" پەیدا بوون کە بە مەبەستی پتەوکردنی پلەوپایەی پاپ، کە بۆ خۆیان راستەوخۆ سەر بەو بوون، هەروەها بۆ داکۆکی لە ئیمانی کاتۆلیکی، سیستەمی یەسوعییان لەساڵی ١٥٣٤دا پێك

هێناو، له بواری جۆراوجۆردا، یەك لەوان لەبواری پەروەردەو فێرکردن دا، تێکۆشانێکی تازەیان دەست پێ کرد.

ڕێکخراوی یەسوعییەکان شێوەی ئەرتەش (سوپا)ی هەبووو، خاوەنی زنجیرە پلەی ڕێکوپێکی ناوەندی بوو. لەسەرووی ڕێکخراوەکە، ژێنراڵێك بەرپرسایەتیی کاروباری هەر ویلایەتێکی گرتبووە ژێرچاوەدێری. لەژێر دەستی ئەو بەرپرسانەش دا، بەڕێوەبەرانی کۆلیجو یارمەتیدەرانی ئەوان هەبوون کە بە وردی لەژێر چاوەدێری دا بوون. ئەمانە ئوتۆریتەی بەهێزیان بەسەر مامۆستایان دا هەبوو کە خۆیان بۆ جێبەجێکردنی بێ‌ئەملا وئەولای فەرمانەکانو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەبێ پاداش، ئامادە کردبوو. یاسا بنەرەتییەکانی ئەو سیستەمە توانی بۆماوەی دوو سەدە، ڕێکخراوی پەروەردەیی یەسوعی سەقامگیر بکا.

ژمارەی کۆلیژەکان کە بەهۆی یەسوعییەکانەوە دروست کران، بەخێرایی زیادی کردو لە ١٦٥٠ی زایینی دا گەیشتە ٣٧٢ کۆلیژ کە هێندێك لەوان تا دووهەزار قوتابیان هەبوو.

یەسوعییەکان بەپێچەوانەی پرۆتستانەکان بایەخی پتریان بەفێرکردنی ناوەندیو باڵادەدا. هەموو وانەکان بە زمانی لاتین بوون. زمانی زگماکی وەلانرابووو، گرینگیی کەمتریش بە زمانی یونانیو عیبری دەدرا. زۆر لە نووسەران لە "دێکارت"ەوە تا "بوسویە"و لە "مولییێر"تا "ڤۆلتێر"و "کەندرسە"، لەم قوتابخانەدا پەروەردە بوون. ئەگەرچی بزووتنەوەی کاتۆلیکی، هێندێك نوێخوازیو داهێنانی لەگەڵ دابوو. بەڵام زۆرجاران دژی لێکۆڵینەوەو چاوپێداخشاندنەوە بوونو دەیانگوت وتەی پێشینیانمان بەسە.





## ٦- بزووتنەوەی ڕاستیخوازی یا زانستی:

حەقیقەتخوازی لە پەروەردەو فێربوون دا بەو هەوڵانە دەگوترێ کە گرینگی بە فێربوونی زانستی ڕاستەقینەو شارەزایی زانستیو کارزانیو پسپۆرییە سوودمەندەکان دەدا. حەقیقەتخوازی جگە لەوەی دژکردەوەیەك بوو بەرامبەر هەوڵە ئەدەبیو هونەرییەکانی بزووتنەوەی توێژەرانی کەلتوور، وەك گرنگترین ئامرازی دۆزینەوەی حەقیقەت، بایەخێکی زۆریان بۆ ئەزموونو تاقیکردنەوە دادەنا. حەقیقەتخوازان، خوازیاری گرنگیدان بەڕاستییەکانی ژیان بوونو، خۆیان لەوە دەپاراست کە لە جوانییە وێژەییەکانو چۆنیەتیی شکۆوگەورەیی ڕۆمی کۆن دا نوقم بن. بە بۆچوونی حەقیقەتخوازان، پرۆگرامی قوتابخانەکان دەبێ دەوڵەمەندو جۆراوجۆر بێو بابەتەکانی خوێندن دەرەتانی ئەوە بە تاکەکان بدەن تا بە کەلکوەرگرتن لەو وانانە پێویستییە تاکەکەسیو کۆمەڵایەتییەکانیان دابین بکەن.

لە قوتابخانەکانی حەقیقەتخوازان دا، دوویا سێ زمانی (لاتین، فەرانسەو زمانی زگماکی)و دووتا سێ بابەتی بیرکاری، چەند بابەتی زانستیو فەلسەفیو، هەروەها وانەی سەربازیو هێندێك بابەتی پیشەیی، فێری فێرخوازان دەکران.

ئەو مێتۆدە نوێیانەی حەقیقەتخوازان هێنایانە نێو چالاکییە پەروەردەییەکان، بریتی بوون لە بینینی ڕاستەوخۆ، کەڵکوەرگرتن لەنەخشە (خەریتە)و کورەی جوغرافیاییو، چاندنی ڕووەكو نەمامو، کار لە تاقیگە.

## ٧- پوختەی بیرورا پەروەردەییەكانی ژمارەیەك لە حەقیقەتخوازانی زانستی:

**ئەلف ـ رابلە (١٥٥٣ـ ١٤٩٠):**

رابلەی فەرانسەیی، وێڕای قبوولكردنی بایەخدان بە راستییەكانی ژیان، لەم بڕوایە دا بوو كە دەبێ كەڵك لەبەرهەمی زانایانی كۆنیش وەربگیرێ. رابلە كاریگەریی زۆری لەسەر بیروڕای زانایانی وەك مونتنی، جان لاكو رۆسۆ هەبووە. دژی مێتۆدە پەروەردەییە توندو وشكەكانو ڕێوشوێنە تاقەت برەكانی پەروەردەی سەدەكانی نێوەراست بوو. لەئەفسانە خەیاڵكردەكانی خۆی دا، بۆ وێنە "ژیانی گارگانتوا"و "پانتاگرول" لە دوو برا دەدوێ كە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بە گوێرەی پەروەردەی سەدەكانی نێوەراست، هەموو كتێبەكانی خوێندنیان لەبەر كردبووو دەیانتوانی بە شێوەی بەراوەژووش بیانڵێنەوە. رابلە، گاڵتەی بەشێوەی خوێندنیان دەكردو بە گەمژەو شێتو خەیاڵپەرست ناوی دەبردن. چونكە هیچ كات نەیاندەتوانی سوودێك لەو خوێندنەی خۆیان وەربگرن. پاشان چاو بە پەروەردەی ئەوان دا دەخشێنێتەوەو، ئەوان بە "پۆنۆكرات" دەسپێرێ كە بە بۆچوونی "رابلە" بریتییە لە گیانی لەدایكبوونەوە. یەكەم كاری مامۆستای تازە ئەوەیە كە مێشكی ئەوان بشواتەوەو عادەتە پیسەكانی پێشوویان بسڕێتەوە. پۆنۆكرات یارمەتیی قوتابیانی خۆی دەدا تا ئەوەی لە مامۆستایانی پێشووی خۆیان فێری ببوون، لەبیر بەرنەوە.

"رابلە" بایەخی زۆری بە فێربوونی زانستەكان دەداو، فێربوونی زمانی زگماكیی بە پێویست دەزانیو، پێی لەسەر پەروەردەكردنی لایەنە جۆراوجۆرەكانی كەسایەتی دادەگرت. لەو بڕوایە دا بوو كە نابێ تەنیا بایەخ بە لایەنێكی كەسایەتیی منداڵ بۆ وێنە هێزی جیسمی یا باری ئەخلاقی بدەین.





رابلە پێی وابوو پەروەردەی دڵخواز دەبێ ئازادیی بیروكردەوەی لێ بكەوێتەوەو، مرۆڤ لە بەستراوەیی یا پشت ئەستوور بوون بە دەسەڵاتی فێركار، یا نووسەری كۆنو كەنیسە رزگار بكا. بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنرێ كە "رابلە" لەگەڵ هەموو گرنگییەك كە بۆ ناسینی زانستی هەیەتی، هێشتا خۆی لە بەستراوەیی بە كتێبو بەرهەمی نووسەرانی رابردوو رزگار نەكردوە. دەیهەوێ كە فێرخوازان بە هۆی نووسینەكانی پێشینیان بە ناسینی زانستی بگەن، بێ ئەوەی بەكردەوە تێكەڵاوییەكی راستەوخۆیان لەگەڵ كەلوپەلو ژینگەی سروشتی دا هەبێ.

بە وردبوونەوە لە بیروڕاكانی رابلە دەگەینە ئەو ئاكامە كە ناوبراو، زانستی بۆ خودی زانست دەویست، نەك بۆ ئەو ئاكامانەی كە لە ژیان دا پێكی دێنێ. بە دەربڕینێكی دیكە زانست خەملێنەرو رازێنەرەوەی رۆح بوو نەك هەوێنی ئاسوودەییو بەختیاریی مرۆڤ. هەربۆیە هیچ كات بایەخی بە پەروەردەی هێزی كردەكیو توانای بەرهەمهێنان نەداوە.

**ب ـ جان لاك (١٧٠٤ـ ١٦٣٢)،**

جان لاك زانای ئینگلیزی، هەستو ئەزموونی بە سەرچاوەی ناسینی مرۆڤ دەزانی. ئەم رستە بەناوبانگە هی ئەوە: "زەینی ئێمە شتێكی تێدا نیە كە لە رێگای هەستەكانمانەوە نەهاتبێ".

بە بۆچوونی لاك، زەینی مرۆڤ پەڕەیەكی سپییە كە هەستەكانی ئێمە وێناكانی خۆیانی لەسەر دەكێشنەوە. هەربۆیە دەبێ بڕوامان بە كاریگەریی پتری سروشت لەسەر پەروەردەو فێركردن هەبێ. پەروەردەكردنی هاوكاتی هێزە جیسمی، عەقڵیو ئەخلاقییەكان، بناغەی بیردۆزەی پەروەردەیی لاك پێك دێنێ.

### پەروەردەی جیسمی:

لاك لەباری پەروەردەی جیسمییەوە دەڵێ: كەسێك كە لەباری لەشساغیو عەقڵەوە ساغە، لەم جیهانەدا پێویستییەكانی كەمترن. بەڵام ئەوكەسەی لەم دوو نێعمەتە بێبەشە، لەگەڵ كەسانێك كە لە هەموو شتێك بێبەشن، جیاوازییەكی ئەوتۆی نیە. "بەگوتەی ئەو بیرمەندەی بواری پەروەردە، ژیانو جموجۆڵ لە هەوای ئازاد دا، وەرزشو حەسانەوەو خەوتنی تەواو، ڕەچاو كردنی سادەیی لەخواردن دا، دووری كردن لە مەی خواردنەوە، خۆپاراستن لە پۆشینی جلوبەرگی گەرمو تەنگ، فێنك ڕاگرتنی دەستو لاق، بۆساغیو سەلامەتی، ئەوپەری گرنگییان هەیە."

### پەروەردەی ئەخلاقی:

بە بۆچوونی جان لاك، ڕەوشتو هەڵسوكەوتی باش بەهۆی ئەزموونەوە بەدەست دێ. لەجیهانێك دا كە پڕە لەدرۆو دووڕوویيو لادان، دەبێ لەبنەمای ئەزموونی ڕاستەوخۆ لە پەروەردەو فێركردنی ئەخلاقی دا، كەڵك وەربگیرێو، بەسەرپەرستیی وردو كەلكوەرگرتن لە تەمبێو هاندان، فێرخوازان فێری ڕەوشتو هەڵسوكەوتی باش بكرێن.

### پەروەردەی عەقڵی:

لاك لایەنگری جۆرێك سیستەمی فیكریو عەقڵی (لێهاتوویی زەینی) بوو كە بە یارمەتیی ئەو، مرۆڤ بتوانێ بە حەقیقەت بگاو بەسەر گیروگرفتەكان دا سەر بكەوێ. لاك[فێرخوازانی بۆ ئەنجامدانی] ڕاهێنان یا وەرزشی زەینی، ڕادەسپاردو، گرینگیی زۆری بە بیركاری دەدا كە مرۆڤ دەكەن بە ئینسانی ماقووڵو مەنتیقی. بێجگە لەم بیرانە، هێندێك ماددەی خوێندنی دیكە لە لایەن جان لاكەوە بایەخیان پێ دەدرا كە بریتی بوون لە: جوگرافیا،





ئەستێرەناسی، مێژوو، واتاكانی دەربڕین، لۆژیك، ئەخلاق، زانستە كۆمەڵایەتییەكان .

لاك خوێندنی زمانی زگماكیو زمانی بیانی بە پێویست دەزانی. مكالمە (پێكەوە قسەكردن)ی بەباشترین شێوازی فێربوونی زمان دەزانی نەك فێر بوونی یاسا ڕێزمانییەكان. فێرخوازانی هان دەدا فێری سەماو شمشێربازیو فێر بوونی پیشەی جۆراوجۆری وەك باغەوانیو دارتاشی بن.

**ج ـ كۆمنیوس** (١٦٧١ـ ١٥٩٢)

كۆمنیوس خەڵكی "مراوی" هەڵكەوتووترین نوێنەری بزووتنەوەی حەقیقەتخوازییەو، یەكێكە لە كەسایەتییە پڕشنگدارەكانی مێژووی پەروەردەو فێركردن. زۆر بەرهەمی لێ بەجێ ماون كە گشتگیرترین كتێبی ئەو "هونەری گەورەی مامۆستایەتی" كە ساڵی ١٦٥٧ بە زمانی لاتین بڵاوبۆوە، یەك لەوانە.

كۆمنیوس بەرهەمی نووسەرانو زانایانی پەروەردەو فێركردنی سەردەمی خۆی خوێندبۆوەو لەگەڵ زۆر لە زانایان بەهۆی نامەوە پێوەندیی هەبوو، سەردانی وڵاتانی جۆراوجۆریشی كردبوو. لەكۆتایی تەمەنی دا چووە ئامێستردامو لەوێ گیرسایەوە.

### ئامانجی پەروەردەو فێركردن:

كۆمنیوس هەوڵی داوە لە سیستەمی پەروەردەیی خۆی دا لە نێوان سێهۆكاری ئایین، زانستو ئەخلاق كە بنیاتە فیكرییەكانی ئەو پێك دێنن، جۆرێك یەكیەتی پێك بێنێ. هەر بۆیە ڕادەسپێرێ كە لە پڕۆگرامەكانی فێركردن دا، ڕێوشوێنە ئایینییەكان بەجۆرێك بگونجێندرێن كە هەم یارمەتیی گۆڕانی كۆمەڵو باشتر كردنی شوێنی ژیانو وەسەریەكنانی زانست بكەن، هەم ڕزگاریی لەجیهانی دیكەیان لێ بكەوێتەوە. پەروەردەوفێركردن كاتێك لەم

رێگایەدا سەرکەوتوو دەبێ کە بتوانێ مەیلە سروشتییەکانو حەزەکانی مرۆڤ لەگەڵ رێوشوێنە ئەخلاقییەکان بگونجێنێ.

**بابەتەکانی خوێندن:**

کۆمنیوس لەو کتێبانەی خۆی دا کە تایبەتن بە خوێندن، باسی "جیهانی ئەشیا"و "زانستی جیهانی"و سروشت دەکاو، زمان بەئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەت دەزانێ.

کۆمنیوس جیهانی ئەشیای بەسەرچاوەی زانست لەجیهان دا دەزانیو، لەجیاتی ماددەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی سەدەکانی نێوەراست، هەوڵی دەدا زانستەکان جێگای زمانو ئەدەبیات بگرنەوە. بۆ ژیان لەم جیهانەدا تێگەیشتنی جیهانی بە پێویست دەزانیو، یەکیەتیی زانستیشی بە مەرجی پێویستی یەکیەتیی جیهانی دادەنا. هەربۆیە داواکاری گشتگیربوونی کولتووری یا ئاوەز (عەقڵ)ی جیهانی بوو. بە بۆچوونی کۆمنیوس، دەبێ بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەر قۆناغێك لە گەشە، هێندێك زانیاری لەباری سروشت، خوداو مرۆڤ بدرێ بە منداڵان تا بەرەبەرە لەگەڵ بەرەوژوورچوونی گەشەی عەقڵی، بین بە خاوەنی جیهان بینیی پێویست.

**شێوازی وانە وتنەوە:**

کۆمنیوس لە کتێبی "هونەری فێرکردنی هەموو شتێك بە هەموو کەس"دا، دوو بڕوای بنەڕەتیی خۆی لەبارەی شێوازی وانە وتنەوە دەردەبڕێ: یەکەم ئەوە کە: فێرکردن دەبێ لەسەر بناغەی نەزم (رێکوپێکی)ێك کە لە سروشت دا هەیە، بەڕێوە بچێ. دووهەم ئەوە کە لە فێر بوون دا کەڵك لە تێگەیشتنە هەستییەکان وەربگیرێ. ئەم بیرمەندە گەورەیە، بەوردبوونەوە لە سروشتی مرۆڤ گەیشتە ئەو ئاکامە کە لە خوێندنگەدا هەمیشە دەبێ





لەهاسانەوە بۆ دژوار، لە نزیکەوە بۆ دوور، لەکۆ (گشت)ەوە بۆ بەشو لە دیارەوە بۆ نادیار، هەنگاو بنرێ. کۆمنیوس رای وابوو کە زانست لە سێ رێگاوە وەدەست دێ: لەرێگای هەستەکانەوە، لەرێگای زەینو توانا عەقڵییەکانەوە، لە رێگای ئیلهامو بینینەوە. هەرکات لەنێوان ئەو سێ رێگایەی وەدەستهێنانی زانست هاوسەنگی هەبێ، هەڵەو لادانی مرۆڤ دەگاتە لانیکەمی خۆی.

**رێکخراوی قوتابخانەکان:**

بەبڕوای کۆمنیوس دەتوانین فێرکردن بکەین بە چوار قۆناغ: قۆناغی یەکەم پێش شەش ساڵی کە ناوی "فێرگەی دایك"ی لەسەر داناوە. لەم قۆناغەدا کە فێرکردن بە هۆی سروود لە باغچەی منداڵان دەگرێتەوە، منداڵ لەگەڵ ماددە سەرەتاییەکانی مێژووو جوگرافیا ناسیاوی پەیدا دەکاو، بە بەشداری لە یاریو وەرزشی منداڵان دا، رێوشوێنو هەڵسوکەوتی باش فێر دەبێ.

قۆناغی دووهەم لە ٦ساڵی تا دوازدەساڵی دەگرێتەوەو، قوتابی دەبێ لە قوتابخانەی گشتی تا پۆلی شەش بخوێنێ. فێربوون لەم قۆناغەدا بەزمانی زگماکی بەڕێوە دەچێو، کچو کوڕ هەردوو سوود لەم فێرکردنە دەبینن. ماددەکانی خوێندن لەم قۆناغەدا بریتی بوون لە: زمانی زگماکی، بیرکاری، زانیاریی گشتی لەبارەی مێژووجوگرافیا، شارەزایی پیشەییو بابەتی دیکەی بەکەڵك بۆ ژیان.

قۆناغی سێهەم لە دوازدە تا١٨ ساڵییە کە قوتابخانەی لاتین یا دەبیرستانی پێ دەگوترێ. لەم قۆناغەدا زمانەکانی ئەڵمانی، لاتین، یونانی، عیبریو فیزیكو کیمیا دەخوێندرێن.

قۆناغی چوارەم لە ١٨ساڵییەوە تا ٢٤ساڵی دەگرێتەوە، تایبەتە بە خوێندنی بەرز کە جگەلەوەی ماددەکانی قۆناغی پێشتر (دەبیرستان)ی لەئاستێکی بەرینتر، تێدا دەخوێندرێ، دەبێ لێکۆڵینەوەی زانستییانەش لە بەرنامەدا هەبێ.

**فێربوونی زمان:** لەسەردەمی کۆمنیوس، فێربوونی زمان، یەکێك لە ماددە بنەڕەتییەکانی پەروەردەو فێرکردن بوو. ڕێزمانی لاتین وەك بناغەی فێر بوون سەیر دەکرا. لە فێربوونی زمان دا نەك هەر لە میتۆدە کۆنو کەم کاریگەرەکان کەلك وەرگیرا، بەڵکوو کتێبی نووسەرانی کۆنیش بەکار دەهێنران. کۆمنیوس هاتە سەر ئەم بڕوایە کە لەشێوەی فێرکردنی زمانی لاتین دا چاکسازی بکا، کە بەرهەمی کارەکە بوو بە پێنج کتێب. کتێبی یەکەم کە ناوی "جیهانی بوونەوەران بەشێوەیەکی وێنەدار" بوو، گرنگییەکی زۆری هەبوو. چونکە یەکەم کتێبی وێنەدارە کە بۆ منداڵان ئامادە کراوەو بناغەو نیشانەی کەڵکوەرگرتن لە کەلوپەلی بینین (وسایل بصری) لەفێرکردن دایە.

**جێگاو کاریگەریی کۆمنیوس:** لەمێژووی پەروەردەو فێرکردن دا، کۆمنیوس جێگایەکی بەرزی هەیە، جێگایەك لەچەشنی ئەو جێگایەی پیترارگ لەژیاندنەوەی ئەدەبوهونەر، یا ڤۆیکلیف لە چاکسازیی ئایین، یا کۆپێرنیك لە زانستە نوێیەکانو بیکنو دێکارت لەفەلسەفەی نوێدا وەدەستیان هێنا، کۆمنیوس لە بیرکردنەوەو شێوازەکانی پەروەردەو فێرکردن دا وەدەستی هێناو، کاری زۆری کردە سەر بیرو بۆچوونەکانی ئەو زانایانەی بەدوای ئەودا هاتن بۆ وێنە پستالۆزی، هێربارتو فروبل.

کۆمنیوس برەوپێدەری خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی لەقوتابخانەکان دابوو. پێی وابوو پەروەردەو فێرکردن دەبێ وەڵامدەری ڕاهێنان لەباری





ئەخلاقیو دینی بێو بتوانێ پێویستییەکانی جیهانی ئەمڕۆ چارەسەر بکا. لەدەمارگرژیی وشکی ئایینیو نەزانیو بەرچاوتەنگیی سەردەم بەدوور بوو. سەرەڕای ئەمەش کە لە ژیانی دا بەڵای زۆری بەسەر هاتبوون، بەگەشبینییەوە دەیڕوانییە جیهان.

**بەشی دووەم**

# رابردووی مێژووی قوتابخانەکان

قوتابخانەکان بۆچی درووست بوون؟ تەمەنی ئەم پرسیارە بە قەدەر مێژووی فێر بوون درێژەو، سەدان ساڵە کە مێشکی ئۆگرانی قوتابخانەو فێر بوونی بە خۆوە خەریك کردوە. ئەم پرسیارە کە لەراستی دا ئامانجو ڕێبازی هەموو تێکۆشانە فێرکارییەکانی قوتابخانە دەگرێتەوە، وەڵامی جۆراوجۆری پێ دراوەتەوە کە هەر کامێکیان لایەنێکی تایبەتی لە ڕۆڵو ئامانجی قوتابخانەی پێکاوە.

پێویستە ئەم خاڵە وەبیر بێنینەوە کە قوتابخانە، دامەزراوێکی کۆمەڵایەتییەو، هەوڵو چالاکییەکانیشی دەبێ لە خزمەت بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەکەی خۆی دا بێ. بەم هۆیەوە کە هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك هۆکاری مێژوویی، کەلتووریو ئابووریی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەو وەڵامانەش کە بەم پرسیارە دەدرێنەوە، لە ژێر کاریگەریی ڕوانینی گشتیی سەرچاوەگرتوو لەو هەلومەرجە زەمەنیو شوێنییە دان. هەر بۆیە ئەگەر سووکە ئاوڕێك لە ئاڵوگۆڕەکانی تایبەت بە ڕۆڵی قوتابخانە، ئامانجو چۆنیەتیی تێکۆشانی قوتابخانە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا بدەینەوە، بە بەرچاوێکی ڕوونترەوە دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە بدەینەوە. دیارە لەم وردبوونەوەو ڕۆچوونەدا، نەك هەر ڕۆڵو پێکهاتەی قوتابخانە، بەڵکوو کەشوهەوای فێر بوون بە گشتی، سەرنج ڕادەکێشێ.





## قوتابخانە لە سپارتەی کۆن دا

لە سپارتەی کۆن، قوتابخانەکان شوێنی فێر بوونی هونەرەکانی شەڕکردنو پەروەردە کردنی سەربازان بوون. قوتابخانەکان تەرخان کرابوون بۆ ئەو مێرمنداڵانەی لەشێکی بەهێزیان هەبوو، حەزیان لە شەڕکردنو وەدەستهێنانی سەرکەوتن لە شەڕداو خەڵاتی تایبەت بەو سەرکەوتنانە بوو. وانەکانی ئەم قوتابخانانە بریتی بوون لە:

مەیدانداری، شەڕی تەن بەتەنو جۆرەکانی کەلکوەرگرتن لە چەکە جیاوازەکان. قوتابییانی ئەم جۆرە قوتابخانانە بە گوێرەی پسپۆڕییان لە شەڕو پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر پۆلێن دەکران. ئەوان، دوای ئەوەی مەرجی پێویستیان تێدا پێك دەهات، دەسبەجێ دەچوونە نێو هێزەکانی سوپاو بۆ هێرشو بەرگریکردن ئامادە دەبوون. لە سپارتەی کۆن، فێر بوونی هەر چەشنە کارێکیان بە نیشانەی تەوەزەلیو ترسنۆکیو خوێڕیەتی دادەنا، کار بەدەستانی حکوومەتی لە زاڵکردنی ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە دا، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو، بەجۆرێك کە بێجگە لە فێر بوونی شەڕ، فێر بوونی دیکە یا هەر نەبوو، یا ئەگەر هەشبوو، لەلایەن کۆمەڵگەوە پێشوازیی لێ نەکرا.

## قوتابخانە لە یونانی کۆن دا

ئەوەی لە باری پەروەردەو فێرکردنو پێکهاتەی قوتابخانەکانی یونانی کۆن (نزیکەی ٦٠٠ساڵ بەر لە زایین) بۆ ئێمە ماوەتەوە، لە هۆنراوەکانی ئیلیادەو ئۆدیسەی هومێرەوە وەرگیراون. بە پێی ئەو زانیارییانە، بیرو سیستەمی کۆیلەداری لە سیستەمی فێربوونی ئەو سەردەمیش دا بە تەواوی کاریگەر بوو. فەیلەسووفە گەورەکانی یونان وەك ئەرەستۆو ئەفلاتوون بۆ خۆیان بڕوایان بە کۆیلەداری هەبوو، تەنیا بنچینە تیۆریو فیکرییەکانی چینی ئەشرافیان وەك

بناغەی پەروەردەو فێر بوون، قەبووڵ بوو. لە روانینی ئەوان دا پەروەردەو فێركردن تەنیا تایبەت بوو بە ئەشرافەكان‌و بەشی كۆیلەكان ئەنجامدانی كاری دەستی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا هەم ئەو فەیلەسووفانەو هەم زۆر فەیلەسووفی هاوسەردەمی ئەوان، ئامادە كردنی تاك بۆ ژیان لە كۆمەڵگەی ئازادیان بە ئامانجی پەروەردەو فێركردن دەزانی. لە یونانی كۆن بەم هۆیەوە كە دەوڵەتەكان هیچ رۆڵێكیان لە ڕێكخراوە فێركارییەكان دا نەبووو، خەڵك بۆ خۆیان دامەزراوە فێركارییەكانیان دروست دەكرد، لە ناوەندە فێركارییەكان دا، بەكردەوە جۆرێك دیمۆكراسیی رێژەیی بۆ كەسانێك كە رێگەی خوێندنیان پێ درابوو، بەدی دەكرا. هەر بە پێی ئەم دیمۆكراسییە رێژەییە بوو كە تاكە لێهاتووو بە تواناكان دەرفەتیان پێ دەدرا كە بناغەی زانست‌و هونەرە جۆراوجۆرەكان دابڕێژن. لە ئاكام دا "سەردەمی زێرین" لە یونانی كۆن دا سەری هەڵدا. لە یونانی كۆن ئەركی سەرشانی هەر بنە ماڵەیەك بوو كە مانگانەیەك بابەتی خوێندنی منداڵەكانی بدا بە قوتابخانە. لەگەڵ گەشە كردنی قوتابخانەكان، كەلتووری كۆمەڵگەش بەرەبەرە گۆڕاو وردەوردە نەوەیەكی كەلتووردۆست لە یونان دا پێك هات كە توانی شوێنەواری فێر كردنی سۆفستاییەكان واتە كایە بە زمان‌و مشتومڕو گەندەڵیی رەوشت‌و قازانجپەرستی لە نێو كۆمەڵ بسڕێتەوە.

سوقرات كە بە شێوازی تایبەت بە خۆی واتە وتووێژ، تاكەكانی فێر دەكرد، قوتابییەكانی لە كۆڵان‌و بازار كۆ دەكردەوەو هەر لەوێ وانەی پێ دەگوتن. بەمجۆرە دەرەتانی بۆ هەموو چینە جۆراوجۆرەكان پێك دێنا كە لە پۆلەكانی ئەو دا دانیشن‌و گوێ لە باسەكانی بگرن. لە ئاكادیمیای ئەفلاتوون كە ماوەی چل ساڵ ناوەندی لێكۆڵینەوەو فێر بوون بوو، مامۆستاو خوێندكار





بە هاوبەشی كەلكیان لە پۆلەكانی خوێندن وەردەگرت كە لە پەرستگەكان، پەرتوكخانەكان‌و دامەزراوەكانی دیكە پێك دەهاتن. كەشو هەوای ئازادیی بەسەر شوێنی فێر بوون دا زاڵ بوو. ئەفلاتوون وەك ئەرەستۆ، سیاسەتی لە فێر كردن جیا نەدەكردەوەو بۆ خۆی، كاریگەریی ئەم دوانەی لەسەر یەكتری شی دەكردەوە. ئەفلاتوون بایەخی بە جیاوازیی تاكەكانیش دەداو لەم بڕوایە دابوو كە هەر مرۆڤێك كاتێ لەدایك دەبێ، تواناو لێهاتوویی تایبەت بە خۆی هەیەو ئەركی پەروەردەو فێركردن‌و قوتابخانە ئەوەیە ئەم تواناییە بپشكوێنێ. لە یونانی كۆن، لەو قوتابخانانەش دا كە رەواقییەكان‌و ئیپیكۆرییەكان پێكیان دێنان، دیمۆكراسی تا رادەیەك بەرێوە دەچووو، قوتابی‌و مامۆستا رێزی یەكتری دەگرت.

## قوتابخانە لە رۆمی كۆن دا

ئەگەرچی، شێواز، فەلسەفەی فێركردن‌و پێكهاتەی قوتابخانەكانی تایبەت بە یونانی كۆن، بەرە بەرە گوێزرانەوە بۆ رۆمی كۆنیش، بەڵام بە هۆی هەلومەرجی كۆمەڵایەتیی تایبەتی رۆمی كۆن، ئەم سیستەمەی فێر كردن لە رۆمی كۆن دا، نە جێگیر بووو نە گەشەشی كرد.

پێداگرتن لە سەر لایەنە كردەكی‌و باشەكانی فێر كردن لە رۆمی كۆن ئەویش لە سیستەمێكی نا دیموكراتیك دا بوو بە هۆی ئەوە لە قوتابخانەكانی ئەو كات كە لە راستی دا بە دوای داگیر كردنی یونان دامەزران، هیچ چەشنە داهێنانێكی فكری‌و هونەری خۆی نەنوێنێ. لاسایی كردنەوەی قوتابخانەكانی یونانی كۆن‌و خۆ تێهەڵقورتاندنی بێ جێی شارەوانییەكان لە قوتابخانەكان دا بوو بە هۆی ئەوە كە قوتابخانەكان هیچ راپەڕو جموجۆڵێكی داهێنەرانەیان نەبێ. رۆمییەكان، هەر وڵاتێكی داگیریان دەكرد، لە قوتابخانەكانیان وەك ئامرازێك

بۆ سەپاندنی بیرو بۆچوونە سیاسیو کەلتووریو فیکرییەکانی خۆیان کەلکیان وەر دەگرت. هەوڵی زۆریشیان دەدا لە جیاتی زمانە خۆ وڵاتییەکان زمانی لاتینیان فێر بکەن. هەر بۆیە لەم چەشنە قوتابخانانەدا، نەدەکرا دێمۆکراسی هەبێ. لە قوتابخانە بەرزەکانی رۆمی کۆن، ئەگەرچی زانستە قەزاییو سیاسییەکانیش دەخوێندران، بەڵام قوتابییانی ئەمجۆرە قوتابخانانە، دواتر نەیان دەتوانی هیچ چەشنە رۆڵێکیان لە بە دێمۆکراتی کردنی کۆمەڵگەدا هەبێ.

دوای ئەوەی مەسیحییەت، لە رۆمی کۆن وەك ئایینی رەسمی ناسرا، برەو پەیدا کردنی بیرۆکە ئایینییەکانو چەمکەکانی برایەتیو یەکسانیو ئەخلاقی مەسیحییەت، تا رادەیەك بووە هۆی پێکهاتنی دێمۆکراسی لە قوتابخانەکانی رۆمی کۆن دا. فێر بوونو فێرکردن لە جەماوەر نزیکتر بۆوەو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، دەرەتانی ئەوەیان بۆ پێك هات منداڵانی خۆیان بنێرنە قوتابخانە. بەو هۆیەوە کە لەسەرەتا دا تەنیا کەسانی هەژارو دەسکورت، ئایینی مەسیحییەتیان قبووڵ کرد، نەمانی بڕوا بە خودا جۆراوجۆرەکانو فاڵگرتنەوەو جادووگەری، ئەو دەرفەتەی بۆ خەڵکی ئاسایی پێك هێنا بۆ ماوەیەك یەککگرتوو بن. ئەم یەککگرتووییە لە سیستەمی فێر بوونیشیان دا رەنگی دایەوە. بەڵام پاش ئەوەی کۆنستانتین (ساڵی ۳۱۲ی پاش زایین) مەسیحییەتی وەك دینی رەسمی قەبووڵ کرد (ئایین ئاوێتەی دەسەڵات بوو)، ئەم برایەتیو یەکسانییەش بەرەبەرە لە نێو چوو. لە لایەکی دیکەوە مەودایەکی زۆر کە لە باری پێگەو هەڵکەوتی کۆمەڵایەتی لە نێوان قەیسەرو مەسیح دا پێك هاتبوو (کە سێن ئاگۆستین ساڵی ٤٢٠ی زایینی لە کتێبی شاری خودا دا باسی دەکا) بوو بە هۆی ئەوە کە سیستەمی چینایەتییش لە هەناوی ئایین دا وەربگرێ. بە گشتی قوتابخانە وەك دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی نەیتوانی لە





رۆمی کۆن دا سەقامگیر بێ. ئەگەر هێندێك قوتابخانەش دامەزران، تایبەت بوون بە چینی ئەشراف. ئیدی لەمە بەولاوە، هیچ کارێکی زانستیی شیاوی سەرنج لە رۆمی کۆن دا نەکراو، تەنیا شتێکی کە بایەخی پێ دەدرا، ئایینو شێوەی قسە کردن بوو.

ساڵی ۳۳۰ی زایینی، کۆنستانتین، شاری قوستەنتەنیەی لە جێی یەکێك لە شارەکانی یونان کە ناوی بیزانتیوم بوو، دروست کرد. لەم ساڵە بەدواوە ئیمپراتۆریی رۆم بوو بە خاوەنی دوو پێتەخت، یەکیان "رۆم" لە رۆژئاواو، ئەوی دیکە قوستەنتەنیە لە رۆژهەڵات. ئەم گۆڕانە بوو بە هۆی ئەوە کە تەوەری شارستانەتی لە رۆژئاواوە، بەرەو رۆژهەڵات بسووڕێ. لەم کاتەڕا بوو کە ئیمپراتۆریی رۆم بەرەو هەڵدێری دابەشبوونو نەمان هەنگاوی نا. بە جۆرێك کە ساڵی ۳۵۹ی زایینی، بە دوای مردنی "تئودوزیوس" ئیمپراتۆریی رۆم بوو بە دوو بەشی رۆژهەڵاتو رۆژ ئاوا، کە دیارە ئیمپراتۆریی رۆمی رۆژهەڵات پاشان بە ئیمپراتۆریی بیزانس ناوبانگی دەرکرد.

بیرمەندانی ئەو سەردەمی رۆمی رۆژهەڵات دەرەتانی ئەوەیان بۆ پێك هات فەرمانەکانی مەسیح لەگەڵ پاشماوەی شارستانەتیی دەوڵەمەندی یونان تێکەڵ بکەن. لە رۆمی رۆژهەڵات قوتابخانەکان بە زۆری تایبەت بوون بە ئەشرافو، دەتوانین بڵێین خەڵکی ئاسایی دەرەتانی چوون بۆ قوتابخانەیان نەبوو. قوتابخانەکان چونکە خەریکی پاساو دانی ئەخلاقی تایبەت بە ئایینی مەسیح بوون، دێمۆکراسی بە شێوەیەکی رواڵەتی لەوان دا هەبووو، بیرو ڕای ئەشرافو چینە بەرزەکان لە دیاریکردنی ڕێبازی قوتابخانەکان دا، کەم تا کورت، رۆڵی هەبوو. شارستانەتیی بیزانس لە سەدەی چوارەم بۆ دوایە تێکەڵی سەدەکانی نێوەراست بوو.

## قوتابخانە لە سەدەکانی نێوەراست دا

دەتوانین سەدەکانی نێوەراست بکەین بە دوو سەردەمی جیاواز. سەردەمی یەکەم لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی ١١ی زایینی دەگرێتەوە کە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: پتەو بوونی سیستەمی دەرەبەگایەتیو بەدەسەلات گەیشتنی بە تەواویی کەنیسە.

ئەو سەردەم، لەگەڵ برەو پێدانی ناراستەوخۆی سیستەمێکی چینایەتی تایبەتی کە ئایین پاساوی بۆ دەهێنایەوە، هەموو دەسەلاتەکانو یەك لەوان بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان کەوتە دەست خاوەنی کەنیسەو، ناوەندەکانی فێر بوون، بەرەبەرە بوون بە ناوەندی بانگەشە بۆ ئایینی مەسیحییەت.

بۆ فێرکردنی بابەتە نائایینییەکانیش، منداڵانو مێر منداڵان لە قوتابخانە تایبەتییەکانی رۆمیو یۆنانی دا ئامادە دەبوون. بەڵام ساڵی ٥٢٩ی زایینی، "ژوستینین" فەرمانی دا ئەم قوتابخانە تایبەتییانە داخرێن. بەم جۆرە هەموو قوتابخانەکان کەوتنە دەستی کەنیسە، بە جۆرێك کە ئیدی خەڵکی ئاسایی بە کردەوە هیچ رۆڵێکیان لە دیاریکردنی رێبازو بەڕێوەبردنی ئەوان دا نەما. هەر لەم دەورەیە دا، دەیر (پەرستگە)ە مەسیحییەکان بە هیممەتی "سێنت بەندیکت"و بە گوێرەی فەرمانی ٧٣ ماددەیی، کە یەکێك لەوان ئەرکی دەیرەکان لە فێرکردنی تاکەکانی دا دەست نیشان کردبوو، پەرەیان گرت. بەجۆرە لە نێو دەیرەکان دا، قوتابخانەی تایبەتی پێك هاتن کە خوێندنو فێر بوون لەوان دا وشكو زۆرە ملی بوو. بەم هۆیەوە کە فێر بوونی هێندێك ماددەی خوێندن بۆ نموونە زمانی لاتین، بۆ منداڵان زۆر سەخت بوو، شێوەی وانە وتنەوە لەم قوتابخانە دا، رۆژ بە رۆژ وشکترو کلێشەیی تر دەبوو. زۆربەی





وێنەکانی تایبەت بەو سەردەمە، مامۆستایەك بە دارێکەوە نیشان دەدەن کە ئەمە بۆخۆی جۆری پێوەندیی نێوان مامۆستاو قوتابی لەو قوتابخانانە دا دەردەخەن.

دواتر بە گۆڕانی بەرنامەی خوێندنی ئەم قوتابخانانەو، زیاد بوونی وانەکانی مەنتیقو هونەر بە ماددەکانی دیکەوە، تارادەیەك کەشوهەوای قوتابخانەکان کراوەترو ئازادتر بوو. ئەو سەردەم فێربوون تایبەت بوو بە روحانییەکان (پیاوە ئایینییەکان)، هێندێك ئەشرافو، زۆر بە کەمی شوێنەوارێك لە دێموکراسی دەبینرا.

دەورە یا سەردەمی دووهەم کۆتایی سەدەی یازدەهەم تا سەدەی پازدەهەم دەگرێتەوە. لەم سەردەمەدا بە دەست پێکردنی شەڕی خاچپەرستان لە قودس لە نێوان مەسیحییەکانو موسوڵمانان دا، عیساییەکان هەلیان بۆ رەخسا تا لەگەڵ شێوازەکانی فێر کردن لە نێو موسوڵمانانو لەگەڵ سیستەمی قوتابخانەکانی ئەوان ئاشنا بن.

لەم دەورەیەی سەدەکانی نێوەراست دا زۆر دۆزینەوەی جوگرافیایی روویان دا کە گرنگ بوون. هەروەها شانبەشانی بەرینتر بوونەوەی شارەکان، ژیانی شارنشینییش پەرەی گرت. دەسەڵاتی سیستەمی فیۆداڵی هەر لەو ماوەیەدا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. لەگەڵ ئەمەش داو سەرەڕای پێکهاتنی حکوومەتە بە هێزەکان، هێندێك جار تاکۆتەرا، راپەڕین لە دێیەکان سەری هەڵ دەدا. پەرەگرتنی پێوەندیی بازرگانیی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاواش بە یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی دووهەمی سەدەکانی نێوەراست دەژمێردرێ.

## قوتابخانە لە ئیسلام دا

ئیسلام هەر لە سەرەتاوە تێکەڵ بە پەروەردەو فێرکردن بووەو، فێر بوونی بە مافێکی گشتی بۆ هەموو گرووپەکان بێ وەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی کەلتووری، کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی ئەوان، زانیوە. مزگەوتەکان لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە، هەمیشە شوێنی فێربوون‌و فێرکردن بوون‌و هەرچی موسوڵمانە دەیتوانی لە کۆڕی باس‌و لێدوان دا بەشدار بێ‌و، هەموو باس‌و پرسەکان لە کەشو هەوایەکی دێموکراتی دا، دەهاتنە گۆڕێ. شێخ موفید دەگێڕێتەوەو دەڵێ تەنانەت کەسانێکی وەك "ابن ابی العوجا "و "ابن گالوت" کە سەر بە "مادیون" بوون، لە ڕێورەسمی حەج دا، دەهاتنە کۆڕی باس‌و لێدوانەکانی ئیمام سادق لە شوێنێك هەر لەنێو مزگەوتی الحرام داو، بیروڕای خۆیان بەبێ ترس دەردەبڕی.

بۆ ڕەچاو کردنی دێموکراسی تەواوو دووری لە هەر چەشنە هەڵاواردنێك، تەنانەت کۆڕەکانی وانەوتنەوە بە شێوەی بازنەیی پێك دەهاتن تا جۆری دانیشتنی بەشداران پیشاندەری پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی ئەوان نەبێ. "حەسانی مامۆستا" (حسان معلم) لە زمانی ئیمام سادقەوە دەگێڕێتەوە کە پێی فەرموو: دەبێ بە چاوێك بڕوانییە منداڵان‌و، نابێ لە بەر هێندێك هۆ، بەشێکیان لەوانی دیکی هەڵاوێری‌و باشتریان پێ ڕابگەی. بە گوێرەی ریوایەتی شەهیدی دووهەم (شهید ثانی)، یەکێك لە ڕێوشوێنەکانی کاتی هاتنی وانە بێژ (مدرس) ئەوە بوو کە سڵاوی لە ئامادەبووان دەکردو هەڵسوکەوتی تێکەڵ بە ڕێزو حورمەت بوو.

لە لایەکی دیکەوە هەڵبژاردنی مامۆستا (ئوستاد) بە تەواوی ئازاد بوو. هەر فێرخوازێك مافی ئەوەی هەبوو، هەر ئوستادێکی بۆ خۆی پێی خۆشە،





لەلای وی فێر بێ. ئەم ڕاستییە نەك هەر دەبووە هۆی پێوەندیی دێمۆکراتیك لە نێوان مامۆستاو فێرخواز، بەڵکوو دەبووە پێوانەیەکیش بۆ نرخاندنی زانیاری‌و خوێندەواریی مامۆستایان. لە ڕاستی دا بەجۆرە ئاستی زانستیی هەر مامۆستایەك بە باشترین شێوە واتە بە هەڵسەنگاندن لەلایەن قوتابییەوە، دیاری دەکرا.

مامۆستایانی شارەزاو لێوەشاوە، جاری وا هەبوو تا ٣٠٠٠٠قوتابیی ئۆگریان لە کۆڕی وانە وتنەوەی خۆیان دا، کۆ دەکردەوە. بەو هۆیەوە کە لە مەزهەبی شیعەدا، تێچووی فێرکردن لەلایەن خەڵکەوە دابین دەکرا، زانا ئایینییەکان (عولەما) هیچ پێویستییەکیان بە دەوڵەت نەبوو لەئاکام دا قوتابخانەکان لە بەرامبەر هەر چەشنە داسەپاندنی بیرو ڕاو گوشاری سیاسی دا، پارێزراو بوون. دیارە هێندێك جار لە نێوان زاناکانی شیعەو دەسەڵاتدارانی سەردەم دژایەتی پێك دەهات، بەڵام حکوومەتەکان توانای ئەوەیان نەبوو بە چەکی تەماع وەبەرنان‌و هەڕەشە، ژینگەی سیاسیی قوتابخانەکان بە دڵی خۆیان بگۆڕن. هەر بۆیە قوتابخانەکان هەموو کات بە پێگەی سەرەکیی بەربەرەکانی لەگەڵ زۆرداری‌و ملهوڕان دەژمێردران.

نەك هەر قوتابخانەکان پێویستیان بە یارمەتیی ماڵیی حکوومەت نەبوو، بەڵکوو زۆر لە مامۆستاکانیش پیشەیەکی تایبەتیان هەبووو، ئەو پاشگرەی بە ناوەکانیانەوە بوو، زۆر جار نیشاندەری کاسبییەك بوو کە ئەنجامیان دەدا. پاشگری ناوی کەسانێکی وەك فەقیهی جلوبەرگ فرۆش، نصر بن فراحم عطار، خالد بن سریر صراف، زیاد بن عیسی کفاش، میتم تمار (خورما فرۆش)، شیخ ئادەم جەواهیر فرۆش‌و ڕەفاقەی کوڕی مووسا مز فرۆش، ئەم ڕاستییەی دەردەخست. هەبوونی کاسپی‌و بێ منت بوون لە مووچەی مامۆستایەتی

**دەبووە هۆی ئەوە كە مووچەو دەسكەوتی ماڵی نەك هە نەبێتە پاڵنەری سەرەكیی مامۆستایان، بەڵكو هەموو كات ئامادە بن سەبارەت بە بڕواو ئیمانی خۆیانو بەرژەوەندی خەڵك، هەر راستییەكی بە پێویستی بزانن باسی بكەن.**

**ساكار ترین فۆرمی بنكەو ناوەندەكانی فێربوون "مەكتەبخانە" بوو كە ژمارەیان یەكجار زۆر بوو، بۆ وێنە ژمارەی مەكتەبخانەكانی ئەستانبول لە سەردەمی سەدەی حەڤدەهەم دا دەڵێن لە نێوان دووسەد تا ٣٠٠ بوو.**

**فێرخوازانی زانستو خوێندكاران نەك هەر شتێكیان وەك مانگانە (شهریە) نەدەدا، بەڵكوو لە تەواوی ماوەی خوێندن دا، بۆ دابینكردنی پێویستییە سەرەكییەكانیان یارمەتییەكی گونجاویشیان وەردەگرت. شوێنی حەوانەوەشیان هەر لە نێو قوتابخانەكە دا بووو، بەمجۆرە خوێندكار یا فێرخواز نەك هەر كاتی بە فیڕۆ نەدەچوو، بەڵكوو بەردەوام هەستی بە ژیان لە ژینگەیەكی زانستی دا دەكرد. جگە لەوەش بەو هۆیەوە كە مامۆستایان لە هەناوی كۆمەڵگەوە هەڵ دەقوڵێن، هەموو دەردو ئازارو گیرو گرفتو كەندو كۆسپەكانی كۆمەڵگەیان دەناسیو، لە بورجی عاج دا نەدەژیانو لە خەڵك دانەبڕابوون. هەر ئەمەش، دەرەتانی ئەوەی بۆ پێك هێنابوون وانەكانی خۆیان هەتا رادەیەكی زۆر لەسەر بناغەی پێویستییەكانو ئۆگریو جۆری روانینو بیركردنەوەی قوتابییەكانیان، دابنێن. لەئاكام دا لایەنێكی تایبەتی لە دێمۆكراسی لە قوتابخانەكان دا بەڕێوە دەچوو. یەكێكی دیكە لە هۆكارەكانی، ئەو سەردەم كە دەبووە هۆی پەرەگرتوویی فێركردنو هەمەلایەنە بوونی، پێكهاتنی پۆلەكانی وانەوتنەوە لە مزگەوتەكان دا بوو. بەو هۆیەوە كە ژمارەیەكی بەرچاو، مزگەوت لە شارە ئیسلامییەكان دا هەبوون ( بەغدا لە**





**سەدەی ٩ی زایینی ٣٠٠٠ مزگەوتو ئەسكەندەریە لە سەدەی چواری زایینی دا ١٤٠٠٠ مزگەوتی هەبوو)، دەرەتانی كەلكوەرگرتن لە فێر بوون بۆ هەموو كەس پێك هاتبوو. ئەم نەریتە لەلایەن پێشەوایانو رێبەرانی ئایینیی كۆمەڵگەی ئیسلامییەوە بنیات نرابوو. "صفوان غسال" گێڕاویەتەوە كە پێغەمبەر خەڵكی بۆ فێر بوونی زانست لە مزگەوتەكان دا هان دەداو، بۆ خۆشی وەك شوێنێكی فێر كردن كەلكی لە مزگەوت وەردەگرت. وەك "كلینی" لە كتێبی "روضة"و عەللامە مەجلیسی لە كتێبی "بحار الانوار" دا دەگێڕنەوە. ئیمامانی شیعەش كۆڕەكانی وانەوتنەوەی خۆیان لە مزگەوتەكان پێك دێنا. لە هێندێك لەو كۆڕو دانیشتنانە كە لە مزگەوتەكان دا پێك دەهاتن، نزیكەی ٣٠٠٠٠كەس بەشدار دەبوونو كەلكیان لەوانەی مامۆستایان وەردەگرت.**

**زۆر بوونی ژمارەی كتێبفرۆشییەكان لە شارە ئیسلامییە گەورەكان، ئەو ئیمكانەی بۆ هەموو گرووپو دەستەكان پێك هێنا بوو تا بە كەلكوەرگرتن لەو كتێبە جۆراوجۆرانەی لە زمانەكانی یونانی، هیندی، سریانیو فارسی بۆ سەر عەرەبی وەرگێڕدرابوون ، زانستی خۆیان بەرەو ژوور بەرن.**

**مەوقووفەكان یەكێك لە سەرچاوەكانی داهات بوون كە بۆ تەعمیر (چاككردنەوە)و پاراستنی قوتابخانەكان كەلكیان لێ وەردەگیرا.مەوقووفەكان ئامرازێك بوون بۆ دابینكردنی پێویستییەكانی قوتابخانەو، بەمجۆرە قوتابخانەكان دەیانتوانی سەربەخۆیی گشتیی خۆیان بپارێزن. ئێستاش با بزانین فێر كردنی ئیسلامی چلۆن رێی كەوتە رۆژئاوا.**

## ڕاگوێزرانی شێوازەکانی فێر کردنی ئیسلامی بۆ رۆژئاوا

با له پێش دا ئەوەمان له بیر بێ، کاتێك شارستانەتیی ئیسلام لەوپەڕی پشکووتن دابوو، ئورووپا هیچ چەشنه شوێنەوارێکی شارستانەتیی تێدا بەدی نەدەکرا. بۆ نموونه یەکێك له موسولّمانان به ناوی سەعید ئەندەلۆسی، دوای ئەوەی له سەدەی یازدەی زایینی دا چاوی به ئورووپا کەوت بەجۆره له نووسینەکانی دا باسی ئورووپای کردوه: "خەڵکی ئەو سەر زەوییانه که هیچ چەشنه زانستێکیان پەروەرده نەکردوه، دەبێ وەك ئاژەڵ سەیریان بکرێ نەك مرۆڤ.. ئەو خەڵکه له ژیری‌و زیرەکی بێبەشن‌و تووشی جۆرێك گەمژەیی‌و نەزانی بوون. بێ عەقڵی‌و کوێر زەینی له نێو ئەوانیش دا وەك نەتەوەکانی ئوسلاڤوو خەڵکی بولغارو دراوسێکانیان، بەڕادەیەکی زۆر بەدی دەکرێ". دیاره ئەم بابەته کاتێك نووسراوه که شارلمانی له ئورووپا به پشتیوانیی پاپ توانیبووی دراوی "فرانك" وەرمێن بخاو ئابووریی ئورووپا تا رادەیەك ببوژێنێتەوه. نەهرۆ بارودۆخی ئورووپای ئەو سەردەم بەجۆره شی دەکاتەوه: "لەم سەردەمەدا، ئورووپا له چاو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا له دواکەوتوویی‌و هەلومەرجێکی نیمچه وەحشی دا دەژیا. شارستانەتیی کۆنی یونان‌و رۆم بێجگه له بیرەوەرییەکی دووری رابردوو، هیچ شوێنەوارێکیان لێ نەمابۆوه. فێرکردنی زانست به شێوەیەکی زۆر خراپ بەرێوه دەچووو هونەرەکان ئەم جوانی‌و گەورەییيەیان نەبوو".

بەڵگه مێژووییيەکان نیشان دەدەن که له ئورووپای سەدەی دەیەم دا، سیستەمی فێرکردن ئەوەنده وێران بوو که زۆربەی کاتی توێژەرانی زانست به باسی لەم چەشنه تێپەر دەبوو که چەند فریشته دەتوانن به تاڵه موویەکی مرۆڤێکی ئیمانداره‌وه بنووسێن‌و هەر چەشنه  گومان‌و دوودڵییەك له بارەی





بنەمای وشك‌و داهێزێنەرانەی بابەتەکانی خوێندن به گوناحێکی گەوره دادەنراو، لایەنی رووکەشیی زانست پتر بوو. زانستەکان به گشتی له پاوانی خاوەن کەنیسه دابوون‌و هیچ کەس له خەڵکی ئاسایی مافی ئەوەی نەبوو دەست له کاروباری قوتابخانەکان وەربدەن. زۆربەی خەڵك نەخوێندەوار بوون‌و حکوومەتەکان بۆ ئەوەی بتوانن پتر خەڵك بچەوسێننەوه، رێگایان نەدەدا ئەوان کاتی خۆیان بۆ فێر بوونی زانست تەرخان بکەن.

سیستەمی چینایەتی که ڕاگرتن‌و پاراستنەکەی به یەکێك له ئەرکەکانی کەنیسه دادەنرا، له خوێندنگەکان دا بەتەواوی دەبینرا. مامۆستایانی قوتابخانه ئایینییەکان هەوڵیان دەدا خۆیان له قوتابییەکانیان نزیك نەکەنەوه. ئەم وەزعە، بەهۆی جۆراوجۆر که پێویست ناکا لێرەدا باسی بکەین، بەرەبەره گۆڕانی بەسەر دا هات.

هۆکارێکی گرنگی دیکه که بووه هۆی گۆڕانی سیستەمی فێرکردنی ئورووپا، پێکهاتنی شارستانەتیی ئەندەلۆس بوو. ساڵی ٧١١ی هیجری، تاریق, سەردار (فەرماندەر)ی ئازای موسولّمانان له تەنگەیەك که بەیادی ناوبراو ناوی "جەبەل تاریق"ی له سەر دانرا، تێپەڕی‌و ئیسپانیاو پۆرتەگال‌و تەنانەت بەشێك له فەرانسەشی خسته سەر دنیای ئیسلام.

کاریگەریی ئیسلام لەو ناوچەیه بوو به هۆی پێکهاتنی شارستانەتییەکی زۆر پرشنگدار که به شارستانەتیی "موورەکان" ناوی دەبرێ. یەکێك له مێژوونووسان له پەسنی ئەم شارستانەتییه دا گوتویه: موورەکان حکوومەتی سەرسووڕهێنەری "کۆدۆوا" (قورتەبه)یان پێك هێنا. ئەم حکوومەته یەکێك له شته سەرسووڕهێنەرەکانی سەدەکانی نێوەراست بوو. له سەردەمێك دا که ئورووپا نوقمی نەزانی‌و وەحشیگەری‌و شەڕو تێکهەڵچوون بوو، ئەم حکوومەته

بەتەنیا مەشخەڵی زانستو شارستانەتییەکی هەڵ گرتبوو کە پرشنگەکانی سەرانسەری دنیای رۆژئاوای رووناك کردبۆوە. لە شاری "قورتەبە" کە ناوەندی ئەم شارستانەتییە بوو، کتێبخانەی جۆراوجۆر هەبوون، یەك لەوان کتێبخانەی ئەمیر بوو کە ٤٠٠٠٠٠ بەرگ کتێبی تێدا بوو. بە گوێرەی ریوایەتی یەکێك لە مێژوونووسان کە جەواهیر لەعلی نەهرۆ دەدانی بە رەسەنایەتیی نووسینەکانی دا ناوە، ئەو کات لە ئیسپانیا زۆربەی نزیك بە تەواوی خەڵك خوێندنەوەو نووسینیان دەزانی. ئەمە لە کاتێك دابوو کە لە ئەورووپای مەسیحی جگە لە چینی روحانییەکان (پیاوە ئایینییەکان)، تەنانەت کەسانی سەر بە چینە ئەشرافییەکانیش لەو پەڕی نەزانی دا دەژیان. زانکۆی گەورەی قورتەبەو شێوازە فێر کردنەکانی ئەو زانکۆیە، بەرەبەرە بە هۆی خوێندەوارانی ئەورووپایی ئەم زانکۆیە، بۆ سەرانسەری ئەورووپا راگوێزرا.

قوتابخانەکانی قورتەبە هەوڵیان دەدا کەسانی سەر بە چینە هەژارو کەم داهاتەکان خوێندەوار بکەن. هەر بۆیە زۆر لە قوتابخانەکان، قوتابیانی ئۆگری خوێندنیان بە خۆڕایی وەردەگرت. دێموکراسیو پتەویی سیستەمی فێرکردن لەو شارستانەتییەدا بە ڕادەیەك بوو کە ناویان نابوو "زینەتی جیهان". مامۆستایانی ئەو قوتابخانانە بە بەراورد لەگەڵ مامۆستایانی ئەورووپایی، بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەك بیروڕای سیاسیی خۆیان دەردەبڕی. بۆ وێنە "ئیبنو روشد" فەیلەسوفی بە ناوبانگی قورتەبە نەترسانە دژایەتیی ئەمیری وڵاتی کرد،کە ئەمە بوو بە هۆی دوور خرانەوەی. دێموکراسیی سیستەمی ئەو قوتابخانانە بووە هۆی ئەوە کە لە سەرانسەری ئەورووپاوە، بۆ خوێندن رووی تێبکەن.

شەڕەکانی خاچپەرستانو ئاڵوگۆڕە کەلتوورییەکانی سەرچاوە گرتوو لەوان، هەلێکی زۆر گونجاوی بۆ ئەورووپاییەکان پێك هێنا تا سیستەمی فێرکردنی





ئیسلامی بناسن. پاش زاڵبوونی موسوڵمانە تورکەکان بەسەر قوستەنتەنیە، پاپو کەنیسەی مەسیحییەت، ئەورووپاییەکانیان بۆ شەڕی ئایینی وەخۆ خست. کەنیسەی رۆم بۆ خۆرزگار کردن لەو پرسیارانەی رۆژ بە رۆژ راشکاوانەترو نەترسانەتر لێی دەکران، هەروەها بۆ پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کەنیسەی قوستەنتەنیە دا کە دژی کەنیسەی رۆم بوو، ویستو داواکانی خۆی بە ناوی رزگار کردنی قودس لەدەست کافران هێنایە گۆڕێ. ساڵی ١٠٩٥ لە سەر داوای پاپ، شەڕکەرە ساویلکەکان لە سەرانسەری ئەورووپاوە بەرەو فەلەستین وەڕێ کەوتنو بناغەی کێشەو ململانێیەکی ١٥٠ ساڵەیان دانا، کە بێجگە لە کوژرانی بە میلیۆن مرۆڤ ، ئاکامێکی دیکەی نەبوو. لەو شەڕانە دا، مەسیحییەکان لە نزیکەوە لە ژیانو رێوشوێنەکانی شارستانەتیی موسوڵمانان ئاگادار بوونو، لەو ماوە کورتخایەنە دا کە لە نێوان شەڕەکان دەستیان دەکەوت، توانیان لەگەڵ سیستەمی فێرکردنی موسوڵمانان ئاشنا بن.

هەر لەوسەردەمەدا کەسانێك کە لەگەڵ بازرگانەکانی "جنێوا"و ڤێنیز (بندوقیە) هاتبوونە سەرزەوییە ئیسلامییەکان، کاتێك گەڕانەوە وڵاتی خۆیان، بوون بە هۆی گۆڕانێکی قووڵ لە سیستەمە فێرکارییەکانی ئەورووپادا. دەتوانین باسی ئاڵو گۆڕەکانی ئەو سەردەمە لە کتێبی "تەلیسم" لە نووسینی والتر سکات دا بخوێنینەوە. لێکۆڵینەوەکانی "جی. ئێم. تروسپان" مێژوو نووسی بەناوبانگی ئینگلیزی دەری دەخەن کە دەسکەوتێکی گەورە کە مەسیحییەکان لە شەڕە درێژخایەنەکانی خاچپەرستان دا، وەدەستیان هێنا، ئاشنایەتی لەگەڵ شارستانەتیی رۆژهەڵات بوو.

بیرە نوێیەکان لە ئەورووپا نەك هەر بە هاسانی جێی خۆیان نەکردەوە بەڵکوو لەگەڵ توندترین دژایەتی لە لایەن کەنیسەوە بەرەو روو بوون. بیروڕاو

هەست دەربڕینی ڕۆژهەڵاتدۆستانو ئازادیخوازان بە لایەنگری لەو بیرە نوێیانە لەگەڵ ئێعدامو تاوانبار کران بە ئیرتیداد (لەدین وەرگەڕان) لەلایەن کەنیسەوە، بەرەو روو دەبوو. ئەو زنجیرە ئێعدامو کوشتنانەی کەنیسە بە ئیعدامی "ئارنۆڵد. بێرس سیایی" وتار بێژ (واعز)ی بە توانای ئیتالیایی دەستی پێ کردو پاشان بەرۆکی لایەنگرانی "والدۆ"و "ئالبیژوایی"یشی گرتەوە. ٤کەس لە ڕێڕەوانی "سێنت فرانسیس"، قەشەی ڕووناکبیری ئەم سەردەمە لە ساڵی ١٣١٨ لە بەندەری "مارسێی" بە تاوانی لەدین وەرگەڕان (ارتداد) سوتێندران.

کەلکوەرگرتن لە زۆرداریو توندوتیژی، هەر لە بنەڕەت دا لە ساڵی ١٢٣٣وە بە پێکهێنانی سیستەمێکی پشکنینی بیرو باوەڕ کە پێی دەگوترا "ئەنگیزاسیۆن" بەشێوەیەکی ڕەسمی دەستی پێ کرد. هەزاران کەس بە تاوانی هەبوونی بیرو باوەڕی لادەرانە ئاگر تێبەردران. توندوتیژیی خاوەن کەنیسەکان گەیشتە جێگایەك کە ساڵی ١٤١٥ ئێسکەکانی "وایکیف" مامۆستای زانکۆی ئاکسفۆردیان لە گۆڕەکەی هێنایەدەرو، بە تاوانی وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، سووتاندیان. هەر بە هۆی ئەم زێدەڕۆییە بێ عەقڵانەیە، هەر بەرنامەیەکی نوێی فێرکردن کە لەسەر بناغەی بیروباوەڕی نوێی مرۆڤە ئازادبیرەکان بوایە، بەر لەوەی جێی خۆی بکاتەوە، سەرکوت دەکرا. سەرەڕای ئەمەش، بە پێی یاسای هەمیشەییو ئەزەلیی سەرکەوتنی حەقیقەت، ئەم کێشەو ململانێیانە، سەرەنجام بوون بە هۆی سەرکەوتنی بیرو باوەڕی نوێیەکان لە سیستەمە فێرکارییەکانی ئورووپادا.

پێکهاتنی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەیەمی زایینی داو، هەروەها بەخاوەن کردنی میراتی سیستەمی فێرکردنی ئیسلامی لەلایەن ئەم ئیمپراتۆرییەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم سیستەمەی فێر کردن لە





ڕێگای بولگاریاو سێربستانەوە کە کەوتبوونە سنووری فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بگاتە ڕۆژ هەڵاتی ئورووپا. ڕووخانی قوستەنتەنیەو زاڵبوونی تورکانی عوسمانی بەسەر ئەم شارەش دا، بوو بە هۆی ئەوە کە زانایانی شاری ناوبراو بەرەو ئورووپا بچنو ڕەوتی "ڕێنێسانس" خێراتر بکەن.

## قوتابخانەکان لە سەردەمی ڕێنێسانس دا

ڕەوتە جۆراوجۆرو نادیارە کۆمەڵایەتییەکان سەرەنجام لە ئیتالیا بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆیان دەرخست. لە فێلۆرانس زێدی "لیونارد"و "میکل ئانجیلۆ" یا "میکل ئانژ"، ناوکەی سەرەتایی ڕێنێسانس پێك هات. ڕاپەڕینی پرۆتستانەکانو شەڕە وەرزێڕییەکانی ئورووپاش کە لە سەدەی پانزدەهەم دا دەستی پێ کرد، بوو بەهۆی گەشە کردنی ڕێنێسانس. گۆڕانی ڕوخساری فێرکردنو، برەو پەیدا کردنی ئەزموونو تاقیکردنەوە لە جیاتی وەرگرتنو بردنە نێو مێشك، لە گرنگترین ئەو گۆڕانانە بوون کە بەدوای ڕێنێسانس دا لە سیستەمی فێرکردنی ئورووپا دا سەریان هەڵ دا.

هاوکات لەگەڵ گەشە کردنی ڕەوتەکانو ئاڵوگۆڕە جەماوەرییەکان، دێموکراسییش لە قوتابخانەدا کە بۆ خۆی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە، ڕێی خۆی کردەوە. لە سەردەمی ڕێنێسانس دا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئازادیی بیروڕا دەربڕین ڕیشەی داکوتا. مامۆستایانی لایەنگری ئازادی لەم قۆناغەدا وردەوردە تێگەیشتن کە پەروەردە کردنی مرۆڤەکان تەنیا لە سێبەری بەرەوڕووی یەك بوونەوەی هزرو بیروڕاکان دا، سەرکەوتوو دەبێ. لە سەردەمی دوای ڕێنێسانس دا قوتابخانەکان بە خێرایی خۆیان لەگەڵ ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان هاوهەنگاو کرد. لەگەڵ دۆزرانەوەی ئەمریکاو دروستکرانی "قوتب نوما" ( قیبلە نما)و مەکینەی هەڵم، سەرەتاکانی بوونی قۆناغی فیۆدالیزم بە

بۆرژوازی، پەیدا بوون. لە ئاکام دا سیستەمی قوتابخانەکانیش دێمۆکراسییەکی بۆرژوازیی پێ برا. هۆڵەکانی باس‌و وتار پێشکەش کردن، کە دەکرێ بە فۆرمی سەرەتایی قوتابخانە نوێیەکانیان بزانین، بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان، شوێنێکی لەبار بوون.

بەم هۆیەوە کە ئازادی، چەمکێکی کۆمەڵایەتییە، لەگەل گەشەی کۆمەڵایەتیی ئوروپاییەکان، ئازادی‌و دێمۆکراسییش گەشەیان کرد. گەشەی دێمۆکراسیی پارلمانی لە ئینگلیستان بەدوای شۆڕشی "پیۆرتین" لە ساڵی ١٦٨٨داو، رووخانی "جیمزی دووهەم"و زاڵبوونی پارلمان بەسەر شادا، مسۆگەر بوو. هەروەها شۆڕشی مەزنی فەرانسەش کە هەڵگری درووشمی "ئازادی، برایەتی‌و یەکسانی" بوو، لە سەر پێکهاتنی ئەو قوتابخانانەی میتۆدە پتر دێموکراتیترەکان لەوان دا رەچاو دەکران، کاریگەریی هەبوو.

بەرێوەبردنی قوتابخانەکان وردە وردە بە کۆمەڵگەکان سپێردراو, قوتابخانەکانیش لە بەرامبەر دا، لە رێکخستنی بزووتنەوەکانی کۆمەڵگە، رۆڵێکی کاریگەرتریان گرتە ئەستۆ. بوونی بوارێکی کۆمەڵایەتیی لەبار بۆ گەشە کردنی بیروڕاکان بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتان بەرەبەرە، "فێرکردن" بە یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆیان بزانن‌و، هەوڵ بدەن کە سیستەمی قوتابخانەکان لەسەر بناغەی بیردۆزەی فێرکارانی پێشڕەو بنیات بنێن. لەم سەردەمەدا بەرەبەرە فێرکارانی مەزن وەدیار کەوتن‌و لایەنگرانی مافە سروشتییەکان (حقوق طبیعی) لە پەرە پێدانی دێموکراسی لە شوێنەکانی فێر کردن دا کاریگەریی زۆریان هەبوو. بە ناوبانگترینی ئەو کەسانە بریتی بوون لە کمنیوس، ژان ژاك رۆسۆ، پستالۆزی، فرۆبل‌و جان دیوی. لەخوارەوە دا پوختەی





بۆچوونەکانی هەر کام لەمانە لە پێوەندی لە گەڵ پەروەردەو فێرکردنی دێمۆکراتیك دا دەخەینە روو:

## کمنیوس

کمنیوس (١٦٧١ـ ١٥٢٩) لە گەورەترینی ئەو کەسانەیە کە هەوڵیان دا لە نێوان سێ هۆکاری ئایین، ئەخلاق (رەوشت)و زانست دا، یەکیەتی پێك بێنن. ناوبراو چونکە شتومەك (اشیا )ی بە سەرچاوەی سەرەکیی زانستەکان دەزانی، هەوڵی دەدا زانستەکان بکاتە جێنشینی مادده دەرسییەکان (وانەکانی خوێندن)ی سەدەکانی نێوەراست واتە زمان‌و ئەدەبیات.

کمنیوس بڕوای وابوو کە گوتنی بابەت بە منداڵ دەبێ لەگەڵ گەشەو هەڵدانی ئەودا بگونجێ. هەر بۆیە لە بواری بایەخدانی قوتابخانە بەحەزو ئۆگری‌و تایبەتمەندییەکانی منداڵان کە روویەکی تایبەتی دێموکراسییە، هەنگاوێکی گەورەی هاویشت. ئەو، یەکەم فێرکارە کە لە سەدەی حەڤدەهەم دا، وشکە دەمارگرژیی تایبەت بە کەنیسەی وەلا ناو، رێگای بۆ بنیاتنانی قوتابخانە لە سەر بناغەی بیروڕا دێموکراتیکەکان تەخت کرد.

## ژان ژاك رۆسۆ

رۆسۆ گرنگترین فێرکاری نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمە کە بیرو بۆچوونەکانی خۆی لەباری دێموکراسی‌و فێرکردن لە کتێبەکانی "ئێمیل"و "رێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان"دا هێناوەتە گۆڕێ. بە بڕوای ئەو، بەم هۆیەوە کە حکوومەتی نەتەوەیی لەسەر بناغەی پێداویستییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بنیات دەنرێ، فێرکردنی راستەقینە تەنیا لە سێبەری ئەو حکوومەتە دا دەتوانێ بەدی بێت. بەوتەیەکی دیکە حکوومەتی نەتەوەیی، بەبێ فێر کردنی دروست، پێك نایەت.

بەمجۆرە بە بڕوای رۆسۆ، قوتابخانەو دێموکراسی پێوەندییەکی دوولایەنەیان لەگەڵ یەکتر دا هەیە. رۆسۆ فێر کردنی گشتیو خۆڕایی بە یەکێك لە مافەکانی هەر هاوولاتیێك دەزانێ. دژایەتیی رۆسۆ لەگەڵ پەروەردە کردنی منداڵ بۆ داهاتووو لەبیر بردنەوەی ئێستای, لەم روویەوەیە کە دەڵێ قوربانیکردنی داهاتوو لە پێناوی ئێستادا مافی ژیان لە ئێستا دا، لە منداڵ دەستێنێتەوەو، ئەمە بۆخۆی جۆرێك ناهەقییە. قارەمان (پاڵەوان)ی سەرەکیی کتێبی "ئێمیل" بەپێی بیروڕاکانی رۆسۆ، دەبێ بەر لە هەر شتێکی دیکە، فێری مرۆڤبوونو دروست ژیان ببێ. رۆسۆ بە پێچەوانەی رای کەنیسە، لە وتاری "سەرچاوەی نایەکسانی"، مرۆڤ لە زاتی دا خۆی بە بوونەوەرێکی شەریف دەزانێو، پەروەردە کردنی هەڵە بە هۆکاری شیمانەیی (احتمالی)ی گەندەڵیی ئەو، دادەنێ.

پێداگرتنی رۆسۆ لەسەر پێوەندیی دێموکراسیو فێرکردن بە رادەیەك بوو کە ئەندیشەکانی ئەو توانی لە پێکهێنانی شۆڕشی مەزنی فەرانسە دا رۆڵیان هەبێ.

## پستالۆزی

پستالۆزی یەکەم فێرکارە کە بەجیددی کەوتە دژایەتیکردنی لێدانو تەمبێکردنی منداڵانو لەسەردەمی خۆی دا (١٨٢٧ـ ١٧٤٦) رێوشوێن (ئینزیبات)ی وشکی قوتابخانەکانی بە کۆسپی سەرەکیی سەرهەڵدانی داهێنانەکانو تواناکانی منداڵان زانی. بیرو بۆچوونەکانی پستالۆزی بە خێرایی، کەشو هەوای قوتابخانەکانی پروسو فەرانسەی گۆڕیو، بووە هۆی نەرمتر بوونی رێوشوێنە ئینزیباتییەکانی ئەو قوتابخانانە. پستالۆزی لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە دەکرێ بە فێر کردنی گونجاو، هۆکارەکانی نایەکسانیی





کۆمەڵایەتی بۆ وێنە هەژاری لە نێو ببرێن. ناوبراو بایەخدان بە کەسایەتی، حەزو ئۆگریی منداڵانی بە ئەرکی سەرەکیی مامۆستا دادەنا. مێتۆدەکانی فێر کردنی ئەو، ئەوەندە تێکەڵاوی دێمۆکراسی بوون کە پێی وابوو: "مەبەستی سەرەکیی فێر کردن، ئامادە کردنی تاك بۆ بەکار هێنانی سەربەستانەو سەر بەخۆیانەی ئەو توانایانەیە کە خواوەند پێی داوە. رێنوێنی کردنی ئەم توانایی یانە دەبێ رووەو کاملتر کردنی ژیانی ئینسانی بن".

هەوڵی سەرەکیی پستالۆزی لە سەر بناغەی ئەم دروشمە بوو: "هەوڵ بدەن بەر لە هەموو شتێك دڵی منداڵان بەدەست بێننو پاشان زانستیان فێر بکەن". هەر لەسەر ئەم بناغەیەش قوتابخانەی منداڵانی بێ سەرپەرستی "ئیستینێر"ی فەرانسەی بەڕێوە دەبرد. ئەزموونەکانی پستالۆزی لە بەڕێوە بردنی ئەم قوتابخانەیەدا، سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە فێرکارانی سەردەمی خۆی ڕاکێشا.

## فروبل

بە بۆچوونی فروبل (١٨٥٢ـ ١٧٨٢) گەشەو بەرەو ژوور چوونی [کەسێتیی] منداڵ تەنیا لە سێبەری ئازادی دا دەگونجێ. لاسایی کردنەوەی کوێرانەو ڕواڵەتی، بە توندی لەلایەن ناوبراوەوە هێرشی دەکرایە سەر. بە بڕوای فروبل، مرۆڤ تیشکێکە لە تیشکەکانی خواوەند. چونکە خواوەند داهێنەرە. کە وابوو یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، داهێنانە. داهێنان تەنیا لە کەشو هەوایەکی ئازادو ئاسوودە دا دەتوانێ گەشە بکا.

ئەو ساتانەی منداڵ بە کاری بەرهەمهێنانو داهێنانەوە خەریکە، خۆشترین ساتەکانی ژیانی ئەو پێك دێنێ.

فروبل، بۆ ئەوەی بیرو ڕاکانی خۆی تاقی بکاتەوە، بۆ یەکەمجار باخچەی منداڵان (روضة)ی بنیات ناو، بەکەڵك وەرگرتن لە مێتۆدە دێموکراتیکەکان

له باخچەی منداڵان دا، منداڵانی شاد، ئازادو بەختیاری پەروەردە کرد. بەرهەمی ئەو ئەزموونانە دەتوانین لە کتێبی "دیاریی دایكو سروودەکانی پرستار"دا بخوێنینەوە.

## جان دیوی

"دیوی" بە سەمبولی لیبرالیزم لە فێرکردن لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم (١٩٥٢- ١٨٥٩)دا دەژمێردرێ. "دیوی" لە پێش دا رووی کردە سیاسەتو پیاوە ئایینییە کەللە وشکەکان، سیاسەتمەدارانی بێ مێشكو نیشتمانپەروەرانی رواڵەتیی دایە بەر رەخنە. بەڵام ساڵی ١٨٩٤ کاری سەرەکیی خۆی لە بواری فێرکردن دا لە زانکۆی شیکاگۆ دەست پێ کردو بە لایەنگری لە قوتابخانەی "پراگماتیزم" یا "رەسەنایەتیی کردەوە"، هەوڵی دا بە یارمەتیی بڕوا هەبوون بە دێمۆکراسیو بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی بیرو دەسەڵاتی تاکە کەسیو کاریگەریی زانستەکانو تەکنۆلۆژیای لەسەر باشتر کردنی هەلومەرجی ژیان، هێندێك بیری نوێ لە بارەی فێر کردنەوە، بێنێتە گۆڕێ. بە بڕوای "دیوی"، ئەگەر بڕیار ئەوە بێ کە منداڵ لە کۆمەڵگەیەکی خاوەن سیستەمی دێموکراسی دا بژی، دەبێ لە قوتابخانە دا واتای ئازادیو هەڵبژاردن تێ بگا. بۆیە هەتا ئەو کاتەی منداڵ لە قوتابخانەیە، دەبێ بە ئازادی بژیو، قوتابخانە لە هەر چەشنە جیاوازیدانانێك بەدوور بێ. گرنگترین کتێبی جان دیوی "دێمۆکراسیو پەروەردە"یە کە لەوێ دا بیروڕاکانی خۆی لەبارەی دێموکراسیو فێر کردنەوە بە تێرو تەسەلی باس کردوە. بیروڕا پراگماتیکەکانی جان دیوی هەتا ئێستاش رۆڵێکی بنەڕەتییان لە پەروەردەو فێرکردنی وڵاتی ئەمریکا دا هەیە.





## "قوتابخانە" لە روانگەی فێرکارانی هاوچەرخەوە

له سەردەمی ئێستا دا زۆر لە فێرکارانی رۆژئاواش هزری نوێیان لە بواری نوێکردنەوەی فێرکردن دا هێناوەتە گۆڕێ کە ئەگەرچی هێندێکیان شێوازو روانینی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام توخمێکی هاوبەش لە روانگەکانی ئەوان دا بەدی دەکرێ. ئەمیش بریتییە لە گرنگیدان بە هەبوونو بایەخی مرۆڤ و کەشو هەوای دێموکراتیی دامەزراوە فێرکارییەکان بە تایبەتی قوتابخانە. لێرە دا پوختەی بیروڕای ژمارەیەك لەو فێرکارانە باس دەکەین.

## جان هالت (John Holt)

جان هالت، هەر لە بنەرەت دا فێر بوون بە ژینگەی قوتابخانەوە نابەستێتەوەو، لەم بڕوایە دایە هەر وا کە (عیادە) تاقە شوێنی کار کردنی دوکتور نیە، قوتابخانەش ناکرێ تەنیا شوێنێك بێ کە مامۆستا کاری تێدا دەکا. بە بڕوای ناوبراو، قوتابخانە شوێنێکە کە دەرەتانی رووبەڕووبوونەوەی ویستو هزرەکانی مامۆستاو قوتابی پێك دێنێ. هەر لە رەوتی ئەم رووبەڕوو بوونەوەیەش دایە کە پێوەندیی مرۆڤانەی دوولایەنە لە نێوان مامۆستاو قوتابی دا، پێك دێ. هاڵت بەبیرمان دێنێتەوە کە مامۆستا دەبی لە قوتابخانەدا ئەوەندە سەربەستیی هەبێ کە بتوانێ بە واقیع بینیو بیر کردنەوەی دروست، لە بارەی دابینکردنی پێویستیی سۆزداری، ناسینی دەروونیی منداڵ لە نێو قوتابخانەو دەرەوەی قوتابخانەدا بڕیاری گونجاو بدا. جان هاڵت هەروەها پێی وایە کە قوتابییانیش دەبێ لە بوارەکانی هەڵبژاردنی نێوەرۆکی مادەی خوێندن، شێوازەکانی فێر بوون، زەمانی فێر بوونو شوێنی فێر بوون دا، سەربەستیی تەواویان هەبێ. چونکە ئەگەر فێر بوونو وانەوتنەوە لە کەشوهەوایەکی نادێموکراتیو لە هەلومەرجێکی سەپێنراو دا بەڕێوە بچێ، نابێ چاوەڕوان بین

کە قوتابیو مامۆستا لە ئامادە بوونیان لە قوتابخانەدا هەست بە رەزامەندی بکەن.

پەیامی سەرەکیی جان هالت لە بواری باشتر کردنی سیستەمی فێرکردنو پێکهێنانی کەشوهەوایەکی دیمۆکراتی لە قوتابخانە دا ئەوەیە "دەبێ کەشوهەوایەکی مرۆڤانە، لە قوتابخانەکان دا زاڵ بکرێ، بە جۆرێك کە رەوتی فێربوون هەر بە هۆی قوتابی خۆی، بنیات بنرێو چاکسازییو باشتر کردنی ئەو رەوتەش بەرەو کەماڵ، هەر دەبێ بە هۆی ئەوەوە بەڕێوە بچێ".

هالت، هەر لەو کاتەدا ئاماژە بەم خاڵە دەدا کە هیچ مامۆستایەك ناتوانێ، رەوشت یا کردەوەیەکی سەربەخۆ لە سیستەمی کۆمەلایەتیی هەبێ. هەر بۆیە دەیگوت هەرچەشنە گۆڕانو بنیاتنانەوەی فێرکردن دەبێ لەگەڵ ئاڵوگۆڕە کۆمەلایەتییەکانیش دا گونجاو هاوهەنگاو بێ.

هالت، وێڕای توێژینەوەو راڤەکردنی شکستەکانی بواری فێرکردن لەم ساڵانەی دوایی دا، ئاماژە بەوە دەکا کە چی دیکە ناتوانین "فێر کردن= قوتابخانە" (فێرکردن یەکسانە لەگەڵ قوتابخانە) قبووڵ بکەین. دەبێ ئەم روانگەیە بگۆڕینو بەرەو هەموو لایەنەکردنی فێرکردنو پێکهێنانی پێوەندییەکی بنیاتنەر لەنێوان قوتابخانەو دامەزراوە کۆمەلایەتییەکانی دیکە بڕۆین.

قوتابخانە وەك ناوەندێکی کراوەی فێرکردن دەبێ دەرەتانی گەشەو پەرەگرتنی کۆمەڵ بە جۆرێك دابین بکا کە هەر تاکێك بێئەوەی پێویستی بە بڕوانامەی دوکتوری هەبێ، بتوانێ رۆڵێکی بنیاتنەری لە جموجۆڵە کۆمەلایەتییەکانو جێگیر کردنی دیمۆکراسی دا بگرێتە ئەستۆ.





پێشوو، منداڵان لە هەناوی کۆمەڵگەو هەر بەهۆی کۆمەڵگەوە فێر دەکران. هالتیش پێی وایە ئەمە تەواو لەجێی خۆی دایەو، فێرکردن ئەگەر وانەبوو، واتای نیە. ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ دنیای دەرەوە بێنینە نێو قوتابخانە. قوتابخانەکانو قوتابیانیش لە بەرامبەردا دەبێ لە رووداوەکانی دنیای دەرەوەی خۆیان ئاگادار بکرێن. ئەمەش شتێکە کە هەموو کاتێك دەتوانین جێبەجێی بکەین.

ئەم جموجۆلانەی لە قوتابخانەکان دا هەن، دەبێ لەگەڵ ئەو شتانەی خەڵك لە دەرەوەی قوتابخانە ئەنجامی دەدەن هاوهەنگاو بن. لەم روانگەیەوە ناکرێ شارەزایی پێوەندیدار بە چالاکییەکی تایبەتی نێو پۆل لەخودی ئەم چالاکییە لە دنیای دەرەوەی پۆل دا بە جیا بزانین. هالت وەبیر دێنێتەوە کە: ئەگەر قوتابخانەکان دەیانەوێ ببن بە شوێنێکی وەك بەندیخانە بۆ قوتابیانو هەستی کون پشکنی، دڵنیاییو تەنانەت توانا زەینییەکانی ئەوان لە نێو ببەن، باشتر وایە بۆ خۆیان بە دوای بەندییەوانەکانی خۆیان دا بگەڕێنو خەریکی چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانە بن کە بەرهەمو دەستکردی خۆیانن. بەلام ئاشکرایە کە بارو دۆخێکی ئەوتۆ لەگەڵ پیشەو ئەرکی مامۆستایەتی زۆر نەگونجاوە. هالت رەوتی وانە وتنەوە وەك پێوەندییەکی مرۆڤانە سەیر دەکاو، پێی وایە سەرکەوتن لەو پیشەیەدا وەك هەموو پێوەندییەکانی دیکە، زۆربەی جاران بە دژواری دێتە دی. هالت هیچ بانگەشەیەکی لەبارەی ئەو هزرانەوە نیە کە لە مێشکی دان. پێی وانیە فۆرمۆلێکی سەیرو سەمەرەی داهێناوە. ئەو، پێی وایە پێشنیازەکانی بەتەواوی پراتیکین، چونکە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە خەڵك هەر ئەو شتە فێر دەبن کە حەز دەکەن فێری بن. ئەگەر قوتابیان لە دەربڕینی بیروڕاو حەزە دەروونییەکانی خۆیان دا سەربەست بنو، مامۆستاو قوتابی لە

هەڵبژاردنو بڕیاردان دا، ئازاد بن، ئەو کات تاك دەتوانێ بە ڕادەیەکی جێگای ڕەزامەندی گەشە بکاو، بەرپرسایەتیی هەڵبژاردنو دەست ڕاگەیشتن بە دەسەڵات قەبووڵ بکا.

هالت بیرەکانی خۆی لە بواری فێر کردن دا، پشت ئەستوور بە شێوازە دێموکراتیکەکان، لە کتێبەکانی "منداڵان چۆن فێر دەبن؟"و "منداڵان چۆن دەشکێن"و "دوو شەمۆیان چ کارێك دەکەین"و چەند کتێبی دیکەدا شی کردوونەوە.

**ویلیام جورجیادیس** william Goorgiades

بە بڕوای ویلیام جورجیادیس یەکێك لە گرنگترین نیشانەکانی دێموکراسی لە پێوەندیی دوولایەنەی مامۆستاو قوتابی دا خۆی دەنوێنێ. ئەم پێوەندییە کاتێك مرۆیی‌و دڵخوازانەیە کە مامۆستایان بە یارمەتیی هەستو روانینی مرۆیی، بتوانن ئەرکی دژواری پێکهێنانی پێوەندیی ئینسانیی نێوان خۆیانو قوتابیان بگرنە ئەستۆ.

بۆ گەیشتن بەم چەمکە پێویستە سیستەمەکانی فێرکردن لەسەر بناغەی توێژینەوەی مەیدانی لە سەر پرۆسەی فێرکردن (وەك رۆڵی مامۆستاو قوتابیان)، گۆڕانیان بەسەردا بێ. بەڵام ئەم گۆڕانەش بەبێ بەشداریی جیددیی مامۆستایان، قوتابیان، دایکوبابەکانو گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، جێبەجێ نابێ. ویلیام جورجیادیس رەخنە لەو گۆڕانانەی سیستەمەکانی فێر کردن دەگرێ کە بەبێ سەرنجدانو لەبەرچاو گرتنی بیروڕای خەڵك ئەنجام دەدرێن. جورجیادیس زۆر لە سەر ئەمە پێداگر بوو کە دەبێ مامۆستایان لە بڕیاردان لەبارەی پیشە پسپۆڕییەکەیانەوە، دەسەڵاتیان بدرێتێ.





ناوبراو کە دەگاتە شیکردنەوەی داهێنانەکانی بواری فێرکردن، بڕوای وایە کە ئەم داهێنانانە تا ئێستا هەر یەك لایەنە بوونو، هەموو بگۆڕەکانی فێرکردنیان لەبەر چاو نەگرتوەو ڕۆڵی بنەڕەتیی هەموو کاربەدەستانی فێرکردنیان روون نەکردۆتەوە. بایەخدان بە ئۆگری، روانینو تواناکانی هەر قوتابییەك، گرنگترین توخمی بەرنامە فێرکارییەکانی جورجیادیس پێك دێنن. لە ئاکامی بایەخدان بە تایبەتمەندی یەکانی قوتابی دایە کە پێویستییەکانی پێکهێنانی کەشوهەوای دێموکراتی لە قوتابخانەکان دا دروست دەبێ‌و، بوار بۆ خۆ بەڕیوەبردن، خۆ پاڵنان، خۆ بەرەو پێش بردنو خۆ هەڵسەنگاندن، دەرەخسێ. جورجیادیس لەسەر ئەم بڕوایەیە کە بەهۆی هەرچی جەماوەریتر کردنی قوتابخانەکان، دەتوانین داهاتوویەکی گەش بۆ مرۆڤ پێش بینی بکەین. روانگەی جورجیادیس لە بارەی پێکهاتنی گۆڕانی پێویست لە سیستەمەکانی ئێستای قوتابخانەکان دا، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی گشتیو لەنەکاو دا نیەو، پێی وایە باشتر کردنو گۆڕان دەبێ بەرەبەرەو بەسەرنجدان بەو ئیمکاناتە بێ کە دەستمان پێیان ڕادەگا.

**ئیڤان ئیلیچ** Ivan Illich

ئیلیچ هەمیشە بیرو بۆچوونی نوێو ئازایانەی لە بواری فێرکردن دا هێناوەتە گۆڕێ. بەڵام ئەو بۆخۆی لەم بڕوایە دایە کە ئەندیشەکانی لەم بوارەدا پێش چاو پێکەوتنی ئێڤێرێت ڕێیمێر Everett Reimer لە پۆرتریکۆ لە ساڵی ١٩٥٩دا، نەگەیشتبوونە چڵەپۆپە.

ئیلیچ، ئەو کات بایەخی پەرەگرتنی قوتابخانەکان لە نۆرمی ئێستایانی دا، هێنایە ژێر پرسیار. ئەو ئێستا پێی وایە مافی فێربوون لە خەڵکێکی یەکجار زۆر زەوت کراوە، چونکە ناچارن تەنیا لە قوتابخانە دا خەریکی فێربوون بن.

رەنگە لەم ساڵانەی دوایی دا هیچ فێرکارێك ئەوەندەی ئیلیچ بایەخیان بە کێشەی کەمکردنەوەی تێچووی فێربوون لە قوتابخانەکانی جیهان دا، نەدابێ. ئیلیچ هێرشی خۆی بۆ سەر سیستەمەکانی فێرکردن بە هێرش بۆ سەر تێچووی سەرسوورهێنەری فێرکردن دەست پێ دەکاو وەبیرمان دێنێتەوە کە بە سەرنجدان بە داوای رۆژبەرۆژ زیاتری نەتەوەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە فێربوون، وا پێدەچێ تەنانەت دەوڵەمەندترین وڵاتانیش نەتوانن لە عۆدەی تێچووی چالاکییەکانی فێربوون بە شێوەی ئێستا بێنەدەر. ئیلیچ هەروەها ئاماژە بە نایەکسانیی ئیمکانیاتی خەڵك لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتە فێرکارییەکان دا دەکاو، لەم بڕوایە دایە کە ١٠٪ ی دەوڵەمەندترین تاکەکانی کۆمەڵ، نزیکەی ٣٥٪ی سەرچاوەکانی فێرکردنیان هەیە. بەڵام چینی هەژارو لاواز، بەهۆی واز هێنان لە قوتابخانە، گیرو گرفتی ماددیو هۆی دیکە، خێرێکی ئەوتۆیان لە قوتابخانەکان پێ ناگا. ئەمە یەکێك لە ناخۆشترینو بەژانترین هەڵاواردنەکانە کە تووشی کۆمەڵگای مرۆیی ئەمڕۆ بووە.

ئیلیچ دەڵێ گیروگرفتی قوتابخانەکانی ئەمڕۆ، هەر گرانیی خەرجی خوێندنو نایەکسانیی ئیمکاناتی فێر بوون نیە. قوتابخانەکان خۆیان بە خاوەنی خەڵك دەزاننو پێگەیەکی یەك رەهەندییان بۆخۆیان دروست کردوە. ئەم هەلومەرجە نەخوازراوە دەبێ لە رێگای فێر کردنێکی کراوەو سەربەست قەرەبوو بکرێتەوە. ژیانی ئیلیچ هەر لە بنەڕەت ڕا بۆ ئەوە تەرخان کراوە کە کۆمەڵگە لە قوتابخانەکان بەو شوورەو دیوارانەی ئێستا لە دەوریان هەڵچنراوە، بسڕێتەوەو، هەمیشە هەوڵی داوە کۆمەڵگەیەکی بە دوور لەم چەشنە قوتابخانانە، بکا بە سەرمەشقی هزرە فێرکارییەکانی خۆی. بەپێی بڕوای ئیلیچ لە کۆمەڵگەیەکی بە دوور لەم چەشنە قوتابخانانە، فێر بوون بەوە ناڵێن کە





گرووپێك لە تاکەکان بە رێگای تایبەتی دا دەتوانن مێشکی خۆیان پڕکەن لە زانیاری. فێربوون کاتێك روودەدا کە خەڵك با زۆریش لە دامەزراوەکانی فێربوون دوور بن، دەستیان بە سەرچاوەکانی فێربوون ڕابگاو هەرکات پێویستیان پێ هەبوو، کەلکی لێ وەرگرن. دیارە ئیلیچ حاشا لەم راستییە ناکا کە لەوانەیە تاقمێك لە خەڵك، فێر بوون لە قوتابخانەدا، لە فێر بوون لە شوێنی دیکە، بە باشتر بزانن.

ئیلیچ بۆ بەڕێوە چوونی پێشنیازەکانی خۆی، چەند مەرجێکی سەرەکیی هەن کەیەکیان ئەمەیە: سپاردنی ئەرکی فێرکردن بە کەسانی جۆراوجۆر نابێ بە بڕوانامەی خوێندنی ئەوانو بە دیتنی خول (دەورە)ەکانی فێرکردنەوە ببەسترێتەوە. هەر ئەوە کە کەسێك شارەزایی پێویست بۆ فێرکردنی تاکەکانی تێدابوو دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە کەلکی لێ وەربگیرێ. هەر وەها ئەم بودجانەی بۆ ئەم پیشەیە تەرخان دەکرێن، دەبێ هەڵ بوەشێندرێنەوە. ئیلیچ ئەو سەرچاوانەی بۆ فێر بوون پێشنیازی کردوون، بەم شێوەیە شی دەکاتەوە:

### ١ـ کەلوپەل

هەموو کەلوپەلو ئیمکاناتو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دەبێ هەموو خوازیارانی فێر بوون، کەلکیان لێ وەربگرن. بۆ ئەم کارە، دەبێ دامەزراوەکانی تایبەت بە فێربوونو فێرکردن ئەم مافەیان هەبێ کە لە هەموو کەلوپەلو ئیمکاناتێکی کۆمەڵگە بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە فێرکارییەکان کەڵك وەرگرن. هەر وەها ئیلیچ دەڵێ بەم هۆیەوە کە تەنیا کەسانی دیاریکراو دەستیان بە هێندێك سەرچاوەی وەك مووزەخانە، کتێبخانەکانو، ناوەندەکانی فێربوونو هتد ڕادەگا، لە ئاکام دا دابینکردنو بینا کردنەوەی دووبارەی ئەوان خەرجێکی زۆر هەڵدەگرێو بە کردەوە، خەڵکێکی زۆر لێیان بێبەش دەبێ.

سەبارەت بەم گیروگرفتە پێویستە قانوون‌و رێوشوێنی تازەی ئەوتۆ دابنرێ كە سەرچاوەكانی فێربوون‌و فێركردن بە شێوەیەكی دادپەروەرانە لە وڵات دا، دابەش بكرێن. هەروەها دامەزراوەكانی سەر بە كەرتی تایبەت، پێویستە ئامراز، كەلوپەل، ئیمكانات، كتێبخانەو سەرچاوەكانی دیكەی خۆیان بە ئەمانەت بدەن بە دامەزراوە فێركارییەكان. ئیلیچ لەم بڕوایە دایە كە كێشەی فێركردن دەبێ بە ئاوێتە كردنی كارو داهێنان لە چوارچێوەیەكی بەرینتر لەوە كە ئێستا هەیە، بكەوێتە بەر سەرنج.

### ٢ـ گرووپی هاوتایان،

پێكهێنانی گرووپی هاوتایان رۆڵێكی بنەڕەتیی لە رەوتی فێربوون دا هەیە. دیارە دەبێ بزانین ئەو گرووپ بەندییانەی لە پۆلەكانی ئێستادا دەكرێن، ناتوانن ببنە بناغەی پێكهێنانی گرووپی هاوتایان كە لێرەدا مەبەستمانە. هەموو ئەو كەسانەی كە ئۆگریی هاوبەش لە بارەی شارەزاییەك یا بابەتێكی تایبەتی، لە نێوانیان دا هەیە، دەتوانن گرووپی هاوتایان پێك بێنن. ئەندامانی گرووپێكی ئەوتۆ دەتوانن بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ لەبارەی كات‌و شوێن‌و شێوازی گونجاو بۆ فێربوون‌و باس‌و لێدوان سەبارەت بەو پرس‌و كێشانەی پێیان خۆشە، بڕیاری پێویست بدەن. ئیلیچ وەبیر دێنێتەوە كە رادەیەكی زۆر لە تێچووەكانی فێركردن لەوەدا سەرف دەكرێ كە قوتابییان بۆ فێر بوونی هێندێك بابەت هان دەدەن كە لەباری كات‌و شوێنەوە، بە دڵیان نین.

### ٣ـ سەرچاوەی دوورەدەست.

ئەم جۆرە سەرچاوانە دەگرێتەوە كە لەباری جوگرافیاییەوە بە هاسانی دەستمان پێیان ڕاناگا. هەركات ئەم پێویستییە هاتە گۆڕێ، ئەگەر هاتوو





نەمانتوانی قوتابی ببەینە ئەو شوێنە كە سەرچاوەكەی لێیە، دەبێ لانیكەم نموونەی ئەم سەرچاوانەی لە ئاستێكی بچووكتردا، بۆ دابین بكەین.

### ٤ـ گەورەكان،

مەبەستی ئیلیچ لە گەورەكان، هەر ئەو كەسانەن كە زۆربەی خەڵك وەك مامۆستا ناویان دەبەن. بەڵام ئیلیچ بۆ خۆی لەگەڵ ئەم تێگەیشتنەدا نیە. چونكە پێی وایە وشەی مامۆستا، كەسێكمان بیر دەخاتەوە كە بڕوانامەیەكی ئاكادیمیی تایبەتی هەیەو لە پیشەی وانە وتنەوەدا، جۆرێك پسپۆڕیی هەیە.

ئیلیچ پێوەندیی نێوان فێرخوازان‌و گەورەكان لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕی شارەزاییەكان دا دێنێتە گۆڕێ‌و دەڵێ: خەلكێكی زۆر خاوەنی شارەزایی تایبەت بە خۆیانن كە گرووپەكانی دیكەی خەڵك ئۆگری ئەم جۆرە شارەزاییە یانەن. ئەگەر تاكێك لە تاكەكانی كۆمەڵ، میكانیك (فیتەر)ێكی پسپۆر بێ، بۆ ئەوەی ئەم شارەزاییەی خۆی بۆ ئۆگرانی ئەم كارە ڕابگوێزێ، پێویست ناكا بڕوانامەیەكی تایبەت بە وانەوتنەوەی هەبێ. بۆ وێنە، ئەگەر كەسێك بیهەوێ هێندێك زانیاری لەبارەی كاروباری ژمێریاری بەدەست بێنێ، دەتوانێ بە هۆی كامپیۆتێر لیستێك لەو كەسانەی لەو بارەوە دەتوانن یارمەتیی بدەن، وەربگرێ. كومپیوتێر هەروەها لەوانەیە لیستێكی لەو قوتابییانە پێ بدا كە پێشتر هەر لەم ڕێگایەوە زانیاریی پێویستیان بەدەست هێناوە. لەم ڕێگایەوە ئەو فێرخوازە وێڕای پێوەندی دامەزراندن لەگەڵ ئەم گرووپە لە قوتابییان، دەتوانێ لە لێوەشاوەیی زانستی‌و، تایبەتمەندییەكانی دیكەی هەر كام لە راهێنەران، ئاگادار بێ‌و، بەپێی پێویست‌و پێخۆشبوونی خۆی، یەكێكیان هەڵ بژێرێ.

ئیلیچ لە سیستەمی فێركردنی پێشنیازكراوی خۆی دا ئاماژە بە "كارتی ماڵیی تایبەت بە خوێندن" (كارت اعتباری تحصیلی)دەكا كە بە هۆی ئەم

کارتەوە حیسێبی خەرج یا تێچووە جۆراوجۆرەکانی فێربوون، ئەنجام دەدرێ. ئەم کارتە لە سەر بناغەی حیسێبێکی بانکیی تایبەت بە تێچووەکانی فێربوون، دەدرێ. لەم رێگایەوە، پارە یا بودجەیەك کە بۆ کاروباری فێرکردنەو ئێستا دەدرێ بە قوتابخانەکان، دەدرێ بە دایکوباب‌و هەروەها قوتابیی خۆی, تا قوتابییەکە بۆخۆی لەبارەی بابەتی خوێندن، کات‌و شوێن‌و شێوازی فێربوونەکە بڕیار بدا.

ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوە کە قوتابخانە لە پێگەیەکی تاك رەهەندیی نێو چوار دیوارییەك بێتە دەر. ئیلیچ پاشان دەپرسێ ئەگەر وای لێ هات هەموو یا بەشێك لەم میتۆدە لە سیستەمی فێرکردن دا بەڕێوە بچێ، ئەدی چارە نووسی ئەم مامۆستایانەی ئێستا چی لێ دێتەوە؟ ئیلیچ هەر خۆی بە گەشبینییەوە وەلامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەڵێ: مامۆستایان لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا، مافی هەڵبژاردنیان زیادتر دەبێ. ئەوان دەتوانن وەك فێرکاری پسپۆری سەربەخۆ، وەك راوێژکار یا راهێنەر لە ناوەندەکانی تایبەت بە فێرکردن دا، درێژە بە کاری خۆیان بدەن‌و هەم ئیمکاناتی زیاترو هەم سەربەستیی زۆرتریان هەبێ.